تایبەت

# کورد
# و
# شەڕ لە بەرژەوەندی کێ؟

نوسینی
م.گۆران

چاپی یەکەم
2021

# کورد

# و

# شەڕ لە بەرژەوەندی

# کێ؟

هەواڵنامەی کتێب

نوسینی

م. گۆران

چاپی یەکەم

2021

کورد و شەڕ لە بەرژەوەندی کێ؟

- بـــابـــەت : شەڕی خۆکوژی
- نـوسیــــنـی : م. گۆران
- نـەخشەسازی: دانەر
- تــیراژ: 1000 دانە
- قەبارەی کتێب: 14 سم × 22 سم

لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی (446)ی ساڵی (2021)ی پێدراوە

پێشکەشە بە :-

قوربانیانی شەڕی ناوخۆ....!!

هەواڵنامەی کتێب

# پێرست


1- پێشەکی ........................................................ 9

2-گەڕی یەکەم 1964 تا 2020 .................................. 21
3-زاڵبوونی خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکیەکان و چەتەگەری .......... 28
4- ئاینی ئیسلام ................................................ 29
5- نەخوێندەواری ............................................... 31
6- نێر سالاری ................................................. 33
7-زاڵبوونی پاڵنەرە ناژەڵیەکان ................................. 35
8- هەژاری و هەستکردن بە کەماسی ............................. 36
9- دەست تێوەردانی دەرەکی ..................................... 37
10-پەنابردن بۆ فیکری ئایدیۆلۆجیای دەرەکی ...................... 38
11-هەڵنەکەوتنی سەرکردەیەکی زانا ودانا بە توانا .................. 39
12-بۆچوونی تایبەتی خۆم ........................................ 49

13-گەڕی دووەم 1976 تا 1988 ................................... 51
14-هۆیەکان .................................................... 62
15-زیانە روحیەکان .............................................. 67

16-گەڕی سێ یەم شەڕی گەرم 1991 تا 2000 ........................ 69
17-هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆی گەڕی سێ یەم ......................... 74
18-با بێینە سەر خاڵە گرینگەکان .................................. 75
19-رووداوە تاڵ و پڕ کارەساتەکان ................................. 84

20-شەڕە کۆمەڵ کوژیەکانی پێش 31ی ئاب ........ 99
21-شەڕی 31ی ئاب دوای شەڕەکە ........ 103
22-زیانەکانی شەڕی ناوخۆ لە ئەنجامی 31ی ئابدا ........ 109
23-تەنیا ئەوەی قازانجی کرد مام جەلال بوو.. بۆ ........ 111

24-گەڕی چوارەم شەڕی سارد 2000 تا 2020 ........ 117
25-بە کورتی سودەکان و ئەنجامە بەکاربردووەکانی دەخەینە روو ........ 120
26-شەڕی ناوخۆ 1964 تا 2020 دۆکۆمێنتەکان خۆیان دەدوێن........ 133
27-لە ماوەی شەڕی ناو خۆدا لەسەر دەستی کورد........ 135
28-ئاوارەیی ........ 137
29-کەرکوک ........ 141
30-ئاماری پێشێکاریەکانی مافی مرۆڤ ........ 147
31-قەزای گوڵالە ........ 154
32-قەزای کفری ........ 154
33-قەزای کەلار ........ 155
34-قەزای دەربەندخان ........ 156
35-قەزای شارەزوور ........ 157
36-قەزای چەمچەماڵ ........ 158
37-ناحیەی سەنگاو ........ 159
38-ناحیەی قادر کەرەم ........ 159
39-ناحیەی ئاغجەلەر........ 159
40-ناحیەی شوان ........ 160
41-قەزای مەخمور ........ 160
42-کوا باشوری کوردستان ماوە ........ 165

43-کوژرانی پیاو هەر لەو ماوەیەدا ........................ 173

44-هەندێ نموونە دەهێنمەوە ................................ 174

45-یاسای تاوانەکانی دژ بە مرۆڤینی و جەنگ و دوژمنکاری ........... 179

46-جەنگ و رووداو و ئەنجامەکان .......................... 181

47-لەو سەد ساڵەی رابردوو کورد چی فێر بووە ................ 189

48-هەڵەو کارە سەرەڕۆیەکانی کورد لە باشوری کوردستان ........... 203

49-تەواو کردنی کتێبی شەڕی ناوخۆی کورد ................... 207

50-پێشێلکاریەکان ............................................ 223

51-دوا ووتە .................................................. 243

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

بەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە پێویست دەکات سەرنجی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بدەن بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری گرینگ هەیە بیزانن، و بەرچاوتان روون بێت، من باسی ناوەڕۆکی کتێبەکەتان بۆ ناکەم تەنیا دەروازەیەک دەکەمەوە بۆ چوونە ناو بابەتەکان.

### یەکەم

بەر لە خوێندنەوەی پێویست دەکات شارەزاییەکی باشتان هەبێ...

**ئەلف:-** لە دادگای نۆتنبۆرگی ئەلمانی ساڵی(1945)هەزار و نۆ سەد و چل و پێنج ئەو دادگایەی سەرانی نازی و فاشیەکانی تێدا دادگایی کرا، لەو دادگایە بەباشی ئەو بەندانە و کردوە سەربازیانە چین دەچنە چوار چێوەی تاوانەکانی جەنگ، وئێستا بارەگاکەی لە کوێندەرە چونکە ئەو دادگایە نێو دەوڵەتیە و لە ناو سنووری دەوڵەتەکان دەرچووە بۆیە بریار و سزاکانیشی هەر نێودەوڵەتی دەبن..

هەولێرنامەی کتێب

**بێ**

واباشە هەموو کەس شارەزاییەکی باشی هەبێ و تەواو ئاشنا بێت بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە(217)دووسەد و حەڤدە، لە(10ی دیسێمبەری ساڵی 1948) هەزار و نۆ سەد و چل و هەشت کە ( دیباجەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆی تێدا راگەیێندرا)، کە پێکهاتووە لە(30)بەند و بەروونی مافەکانی مرۆڤی تێدا هاتوە و بڕیاری لەسەر دراوە، چونکە هەر کەسێک لە هەر شوێنێک بێت لەو بەندانە ئاگادار نەبێ.. ناتوانی و نازانی چۆن داکۆکی لە مافی خۆی بکات، ئەو بەندانە وەرگێراوتە سەر زیاتر لە(500)پێنج سەد زمان لە جیهان.

**جێ**

ئەو بڕیار و پڕۆتۆکۆلانەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە پەیوندی راستەوخۆیان هەیە بە مافی چارەنووسی گەلان تاکو ساڵی(2020)دوو هەزار و بیست، بە تایبەت لە بڕیاری(545)پێنج سەد و چل و پێنچی ساڵی(1952)هەزار و نۆسەد و پەنجا و دوو لەگەل هەندێ لەو گۆڕانکاریانەی بە سەر داهاتووە پێویستە بیزانن،!!؟

دووەم

سلاح رەشید لە کتێبێکی گەورەدا باسی شەڕی ناو خۆی کورد دەکات، لەگەل ئەوەی کارێکی گەورە و پڕ بایەخی کردووە و جێگای دڵ خۆشیە و زۆر ئەرکی لەسەر ئەو کەسانە کەمکردووتەوە لەوانە( بەندە)کە بیانەوێ مێژووی شەڕی ناوە خۆ بزانن.

ئەوەی تێبینی من بێت سلاح رشید تەنیا باسی کارەکتەرە سەرەکیەکانی کردووە کە خۆی بە پلەی یەکەم لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و(چەند کەسێک)لە سەرکردایەتی دەبینێتەوە، ئەمە راستە و هەقیقەتێکی مێژووییە، ئەمەش بەبڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە ناو گەرمەی شەڕەکان نەبووە و زانیاریەکانی وەرگرتووە ئەمەش کارێکی باشە و لە ونبوون دەربازی کردووە، هەر چەندە لەو کتێبەدا وێنەیەکی وای کێشاوە شەڕە ناخۆیەکەی باشوری کوردستان لە شەڕی دوو بنەماڵەدا دەچێ یا شەڕی دوو ئاغا کە خەڵکەکەیان بە کوشت دەداو، خۆشیان لە دوورەوە سەیریان دەکرد، لایان گرنگ نەبوو کێ دەکوژرێ وەکو ئەو قوربانیانەی لە شەڕی ناوخۆ تێچوون و لەناوبران.

ئەو کتێبەی بەندەش باسی لایەنێکی تری شەڕی ناوخۆیە چونکە خۆم لە گەلیدا ژیاوم و هۆ و ئەنجامەکانی وەکو گەواهیدەردیدە و راستەو خۆ بە حوکمی پلە و ئەرک و کاری خۆم لەگەلی دابوویمە، هەوەها سەرپەرشتی ئەو لێژنانەم کردووە کە تەواوی زانیارییەکانی تێدا کۆدەکرایەوە هی هەموو لایەنەکان و بە نووسراوی فەرمی دراوە بە جەلال تالەبانی و خۆی مامەلەی لەگەلدا کردووە بێجگە لەوانەی کە ئێمە بە دواداچونمان بۆ دەکرد، بڕواناکەم شتێک هەبووبێ لێی بێدەنگ بووبین یا تێمان پەڕاندبێ و لە بیرمان چووبێ، ئێمە دەسەلاتی دادوەر نەبووین، بەلام زیاتر لە داواکاری گشتی دەچووین، بۆیە ئەوەی سلاح رشید بە باشی و بەدرێژی باسی کردووە ئێمە خۆمان لێ لاداوە و دووبارەمان نەکردۆتەوە.

## سێیەم

## پرۆژەی ئەم نووسینە

چەندین ساڵە نیازمە وێنەیەک لەو تراجیدیانە نیشانی گەلی کوردستان بدەم و راستیەکانیان بخەمە بەر دەست بەڵام لەبەر چەند هۆیەک نەکرا ئەوانەش:-

**ئەلف:-** رەچاو کردنی بارودۆخە ئالۆزەکەی کوردستان لە بەردەوام بوونی شەڕە پۆست و پارە، بە هیوای ئەوەی کیشەکان چارەسەر و بنبڕ بکرێن و هەڵێکی رەچاو و گونجاو دروست ببێ، نەوەکو کار لە پرۆسەی تەبایی و ئاشتبوونەوەی گشتی بکات، هەر چاوەڕوانمان کرد، ئەوە نەبوو بەڵکو ئالۆزتریشیان کرد و خەڵکیشیان زیاتر تووشی نا ئومێدی کرد و کاروانەکە هەر نەگەیشت، تا گەیشتە ئەو ئاستەی(60٪) سەدا شەستی باشووری کوردستان بکەوێتە دەستی داگیر کەرانی ئێراق و تورکیا.

**بێ:-** هاتنی داعش و زیانێکی گەورەی مادیی و روحی لە خەڵکی کوردستان دا، لە دابەش کردنی ئێراق بۆ سێ بەش (کورد و سونە و شیعە)و دیارە بەهۆی ناهوشیاری و ساویلکەیی منداڵانەی سەرکرداتی کورد، نەک قازانج نە کراو بەڵکو سەرماییەکی زۆریشی لە سەردانا، لە سەرەتای هێرشەکانی داعش ئەوەندە دڵیان پێخۆش بوو بەخۆیان نەوەستان لە بڵاوکراوە و تەلەفزیۆنەکان بێلایەنی خۆیان راگەیاند.

**جێ:-** لەراستدا ئەمە پرۆژەی نووسینێکی گەورەیە و دەبێ باسی پێشلێکاریەکانی هەموو قۆناغەکان بکرێ ئەمە تەنیا کاری وەزارەتێکە کە دووسێ ساڵی دەوێ، ئەوەی هەشە نمونەیەکە کە دەتوانرێ(پێش و پاشی) بخوێندرێتەوە، هەتا ئەوەی لە بەر دەستیشە چەند بەرگێکی دەوێ تا تەواو دەبێ و جارێ بۆ داهاتووی لێدەگەڕێین.

**دێ:-** ئەو کتێبە لەو هەست و بەرپرسیەوە نوسراوە کە هیچ کەسێک لە قوربانیەکان (بکەر و ماف

پێشێلکراو) تووشی کێشەی کەسی نەبن و ئەو ئەخلاقەش دەپارێزین.

لە راستیدا ئەم کتێبە پەیامێکی مرۆڤدۆستانەیە و بۆ ئەوە نووسراوە نابێ جارێکی دیکە شەڕی گەرم لە باشووری کوردستان روو بدات و دووبارە بێتەوە و بانگەوازێکیشە بۆ بەرەو پێش چوونی هەموو حزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پەنا بۆ گفتوگۆ و دیالۆک ببەن لە پێناو چارەسەر کردنی کێشە ناوخۆییەکان هەموو کوردێک ئەوەی بۆ دەرکەوت لە سەر هەڵواسینی دروشمی کوردستان تۆرانیەکان چیان بە کورد کرد تا ئەو ئەندازەی مرۆڤی کوردی خاوەن هەست و پرنسیپە نەتەوەیی و مرۆییەکان شەرم لە خۆی بکاتەوە، لەپاش ئەو هەموو ریسوا کردنە چ واتایەک بۆ مرۆڤی کورد ماوەتەوە، ئەی کوا کەرامەتی نەتەوەییمان.

ئەو کتێبە ئەو پەیامەیە بە تایبەت بۆ سەردەکانی باشوری کوردستان دەبێ خۆیان پاک بکەنەوە دەنا گومانی تێدا نیە چارەنووسی خۆیان و خەڵکی کوردستان لە ناو لەپی عیفریتدایە، دوژمنەکان و داگیرکەرانی کوردستان لە بەرایی راوەستاون بۆ گاڵتە

پێکردن و پێکەنین بە عەقڵی کورد.

**ها:-** ئەو کتێبە لە هەمانکاتیشدا بانگەوازێکە بۆ هەموو تاکێکی کورد دەبێ دەست لە شەڕی خۆکوشتن هەڵگرن چیتر نەبنە مقاشی دەستی شەڕانگیز و شەڕخوازان و نەبنە بەنزینی خۆشکردنی شەڕی دۆڕاوی خۆکوژی، دڵنیا ئەوەی لەو شەڕەوە دەستان دەکەوێ هەر دۆرانە....

ئەم کتێبە( کورد و شەڕ لە بەرژەوەندی کێ؟) کتێبێکە هەرگیز تەواو نابێ، بەدرێژایی زیاتر لە شەست ساڵی تەمەنم لەگەل خۆشی کەم و ناخۆشیە زۆرەکانیدا ژیاوم، گەلێکی چەند ملیۆنی سەدان ساڵە بە مەرەکەبی خوێن مێژوو دەنووسێ و، تاپلۆکان دەنەخشێنێ و، ئەمامەکان دەڕوێنێ.

مێژووی هەر کوژراوێک داستانێکە.

مێژووی هەر قوربانیەک کارەسەتێکە.

مێژووی هەر ڕاگوێزراوەیەک، ئاوارەیەک، ماڵ تاڵان کراوێک، خانوو بەسەر داروخاوێک ماڵ و زەوی و خاک داگیرکراوێک، چیرۆکێکە، مێژووی هەر ئەنفال کراوێک، خنکاوێکی کیمیایی، کۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەستی

دوژمن و شەڕە ناوخۆییە ناعەقڵانیەکانی بەناو سەرکردەکانی کورد ڕۆمانێکە هەرگیز تەواو نابێ.

مێژووی هەر دارێکی هەڵکێشراو، هەر باخچەیەکی سووتاو، هەر ئاژەڵێکی بەجێماو و بێ خودان و بێ شوان، کەلاوەی هەر خانویەکی روخاو، بەجێ مانی هەر بووکە شوشەیەکی مندالەکان و پێلاو لاستیکەکان و تراجیدیایەکە.

مێژووی ئێسک و پروسکی بەجێماوی (سەردانی کردنی لێ قەدەغە کراو) ی ناو گۆرستانەکان، چاوی پڕ خۆل و کەللە سەرەکان، ڕۆمانێکی تەواو نەبووی جیهانێکە.

مێژووی جێی ژوانی کچ و کوڕە خێر لە خۆ نەدیوەکان ئاوازێکی بەیانین و لەگەل هەر بایەکی فێنک هەلدەکەن و لەگەل هەر نمەبارانێک سەما دەکەن، لە پێدەشتەکان وەک چرپە و هەستی مامزەکان وەک قلەتەزرە هەلبەزوو و دابەز دەکەن، وەک بالای قۆنگرە و قەپەنی گەنم و جۆکان لەبەر تیشکی خۆرا دەچەمێنەوە و لەبەر بای جێشتەنگاوەکان دەنوشتێنەوە، کێ هەیە ئەو مێژووەمان بۆ بنوسێتەوە، گابریل گارسیا مارکۆس لە

هەوارنامەی کتێب

کوێ بینم تاکو ئەم جارە ڕۆمانی سەد ساڵەی تەنیایی کوردمان بۆ بنوسێتەوە.

ئەو فریادرەس و ڕزگار کەرە لە کوێ بێنم تاکو لە پەنا بەردێک و لەسەر رایەخێکی رەق، سێرە لە دوژمن بگرێ و مێژووی نەمریمان بۆ بنووسێتەوە.

چەند ساڵێکە چاوەڕوانم هەر تەواو نەبوو و خۆشم نە لەتوانام دا هەبوو و نە لە تواناشم هەیە، بۆیە بە هەناسەیەکی سارد و چاوێکی بە ئاگرینی بەر تیشکی خۆر و دڵێکی خەماویەوە، بۆ ئێوەی بە جێ دێلم، بۆ ئەوەی ئەو داستانە تەواو بکەن و لە منی باشتر بینوسنەوە، رەنگ و ئاوازێکی نوێی بەبەر دابکەن و سەر بە دەرگای هەموو ماڵە لێ قەوما و هەژارەکاندا بکات بەستە و سترانی نوێیان بۆ بخوێنێ و چریکەی لە هەموو دەشت و دۆڵ و شاخە بەرزەکان و دۆندەکان بروسکە بدات و دەنگ بداتەوە.

## خوێنەری خوشەویست....

ئەو قسەیەم دەڵێمەوە من نائومێد نیم لە ئایندەی ڕووناکی نەتەوەکەم، گوڵ سیس دەبێ و چرۆی نوێ و گوڵی نوێ گۆپکە دەکا و دەپشکوێ، گیا نامرێ و لە ڕەگەوە دەبووژێتەوە، ئیرادەی مرۆڤ لاواز دەبێ بەڵام هەرگیز نامرێ و دەبووژێتەوە، ئێمەش بەو هیوایە شەو بەڕێ دەکەین و لەگەڵ تیشکی خۆرا هەڵدەستین دەژیێینەوە.

دان بەوە دا دەنێم لەم کتێبەدا نەمتوانیوە ئەرکەکەی خۆم بەباشی جێ بەجێ بکەم، ئەگەر تەمەن و ژیانیش مابێ بابزانین و چاوەڕوان بین زەمەن چ بڕیارێک دەدات.

روو لەئاینده

هەر شادبن

5 نەورۆزی 2721

هەواڵنامەی کتێب

# گەڕی یەکەم 1964 تا 1975

مرۆڤ کاتێ تەمەنێکی زۆری بە سەر برد ئەو کاتە بەخۆ دێتەوە که بەشکی زۆری لە ژیاندا بە فیرۆ چووە ئەوجا هەوڵدەدات بە چەنگەچرە بەسەر سەختیەکانی ژیاندا سەرکەوێ و بگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام لە دوای چی زۆر زەحمەتە لە دەستچووەکانی رابردوو قەرەبوو بکرێتەوە، لەگەل ئەوەشدا تەمەن چەند بەرەوو ژوور چوو مرۆڤ ئەوەندە دەوڵەمەند دەبێ لە ڕووی هوشیاری و عەقڵەوە، کاتی مرۆڤ بەتەمەن بوو سەرمایە ماددیەکانی پوچ دەبن و سەرماییە فیکریەکەی دەوڵەمەند دەبێت.

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، لە دایک بوونێکی سروشتی نەبوو، چ لەرووی پێکهاتەکەیەوە و چ لەرووی ئایدۆلۆجیکەیەوە، لەبەر ئەوەی لە چەندین گروپ و تەوژمی فیکری جیاجیا پێکهاتبوو، هەر لە سەرەتاوە کێشە فیکرییە ناو خۆییەکان زاڵ بوون بەسەر کردار و تاکتیکە ڕۆژانەییەکان، راستە لە سەرەتا دەستە بژێرێک لە رووناکبیرانی کوردی لەخۆ گرتبوو، ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو تەوژمی

فیکری جیاواز لە یەکتر، هەر لە سەرەتاوە ڕووناکیرەکان کەوتنە هەڵەیەکی گەورەوە، چونکە لەو کاتدا هیچ پێویست نەبوو مەلا مستەفا بکەنە سەرۆکی حزب کە لەدەرەوەی وڵات بوو، دەبا ئەم تەوژمە فیکریە کوردستانیە، لەسەر واقیعە مادیەکە پڕۆژیەکی نەتەوەییان دابڕشتایە، کاتێکیش مەلا مستەفایان کردە سەرۆکی حزب دەبا باڵی خۆیان نەوی بکردایە بۆ واقیعە خێلەکیەکەی کوردستان، چونکە سەرچاوە و بنچینەی هێز خێلەکان بوون، دەبا خۆیان تێکەل بەو هێزانە بکردایە و سوودیان لە خێلەکان وەر بگرتایە، باشترین ڕێگا لەو سەردەمدا( یەکێتی خێلەکان بوو)، لەڕاستدا هیچیان نەکرا، تەوژمە خێلەکیەکش لەجیاتی ئەوەی خێلەکان کۆکاتەوە، کەوتە شەڕی خێلەکی وەکو سورچیەکان و هەرکی و زێباری و گەردی لۆلان و ئەوانی تریش هەتا پاڵیان پێوەنان بەگەل ڕژێم کەوتن ئەوە پێمان دەڵێ کە هەردوو تەیاری نەتەوەیی کەوتنە هەڵەی گەورەوە، ڕووناکبیرەکان حزبیان بەجێ هێشت، ئەوە گەوەترین شکستی پارتی بوو، باڵە خێلەکیەش نەیتوانی خێلەکان لەژێر یەک ئاراستەدا کۆبکاتەوە.

لە پراکتیکیشدا یەکەم هەڵەی گەورە ئەوە بوو نەدەبا خەباتی سیاسی و مەدەنی بگۆڕنەوە بە خەباتی چەکداری کە لە هیچ روویەکەوە لەبار و پێگەیشتوو نەبوو، لەناو ئەو سەر لێشێواویەش، شۆڕشیان راگەیاند و ئەوەندەی نەبرد تووشی گەورەترین لەتبوون هات و هەتا ئێمرۆش هەر درێژەی هەیە زوربەی چینە رووناکبیرەکان بەگەل تەیاری ئیبراهیم-جەلال کەوتن، تەیاری دووەم خێلەکیەکە بەگەل مەلا مستەفا کەوتن، سەیر لەوەدایە زۆربەی ئەوکەسانەی باکراوندی چەپ یا کۆمۆنیستیان هەبوو بەگەل تەیارە خێلەکیەکە کەوتن، هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە چەپەکانی کوردستان لە رووی ئایدۆلۆجیەوە لە ناکۆکیەکی توند دەبوون، بەلام تەیارە خێلەکیەکە کێشەی فیکری تێدا نەبوو، واتە لە ناو تەیارە خێلەکیەکە زیاتر بە ئارامی دەژیان و مەلامستەفاش بایەخی زۆری بە کۆمۆنیستەکان دەدا و بەهۆی توانای فیکریشیانەوەش پلە و پایەی باشی دەدانێ و لە شوێنی هەستیاریش دایدەنان چونکە لەوە دلنیا بوو کە خیانەتی لەگەل ناکەن، هەر لەدوای کودەتای(1963)کاتێ شیوعیەکان پەیوەندیان بە

شۆڕش کرد، تەیاری برایم-جەلال دەیان ویست شیوعیەکان ئازار بدەن چونکە وایان دەزانی ئەمانە دەبنە هۆکارێک و کێشەیەک لە داهاتوودا و ڕێگای ئەوەیان لێدەگرێ لە هەر ڕێکەوتنێک لەگەل حکومەتی ئێراق، بەپێچەوانەوە مەلا مستەفا شیوعیەکانی لە باوەش کردوو، بەمەش گرەوەکەی لە باڵەکەی دیکە بردەوە و، دەنگ و ناوبانگی شۆڕشەکشی بەرز کردەوە، توانی ئەو بۆشایەش پڕبکاتەوە لە کاتی سەرهەڵدانی لە تبوونەکە بەوە مەلا مستەفا نەیهێشت بۆشایی رووناکبیران لەناو شۆڕشەکە دروست ببێت، ئەوەندەی ئەو لەت بوونە زیانی بەگەلی کورد گەیاند بە هیچ شێوەیەک دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ئەوەندە زیانی بە کورد نەگەیاندووە، زیاتر لە سەدا پەنجای وزە و هێزی کوردی بەبادا.

تۆ وەرە سەیرکە گەلی کوردستان لە ساڵی(1964) خەریکی یەکتر کوشتنن، هەر لە یەکەم رۆژیشەوە کەوتنە بەر جێ بەجێ کردنی ئەجیندای دەوڵەتی ئێران و هاوسنورەکانی عێراق، لەم کارە قێزەونەدا باشترین دیاریان پێشکەش بە دوڵەتە داگیرکەرانی کوردستان کرد، خۆشیان کۆت و سندم کرد و بوونە

کارتێکی فشار بۆ سەر یەکتر و بۆ سەر کورد و بگرە هەتا ئێستاش هەر تۆپ تۆپانێ بە کورد دەکەن، ئەوە پەنجا و شەش ساڵە خوێنی کورد لەسەر دەستی کورد گێلانە دەڕژێ و وەکو ژەهێرێک بەناو هەر چوارپارچەی کوردستانیش بڵاوبووتەوە، بە بڕواوە دەلێم شۆڕشە ناتەواو و ئفلیچەکەی باشوری کوردستان بۆتە ماڵوێرانی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، لە لێکدانەوەی زانستە کۆمەڵیەکانیش، ئەگەر شەڕێکی ناوەخۆ ئەوەندە ساڵە درێژە بکێشی دیارە هەردوو لایان لەسەر هەڵەن، سەیر ئەوەیە هەتا ئیساتش هەر عاقڵ نابن.

لێرەدا لەگەل ئامازەکردن بە واقیعە کۆمەڵیەکە و لە هەمانکاتیشدا هەر حالەتێک بە ئەندازەی خۆی هۆکارن لە دروست بوون و سەهەڵدانی شەڕی ناوخۆ دەیخەینە روو:-

یەک

پێنەگەیشتنی بناغەی بوونی نەتەوەیی، کاتێک دەتوانی بڵێی ئەم نەتەوە تەواو پێگەیشتوە کە قۆناغی (منی بالای) بڕیبێ هەروەها قۆناغی (دووانە)

تەواو کردبێ، واتە قۆناغی من و تۆ چونکە لەو دوو قۆناغەدا گەل ناتوانێ یەکگرتوو بێ، بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندیەکانی تاک باڵا دەستە، بەڕوونتر بڵێین پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر بناغەی بەژەوەندیە ماددییەکان بەڕێوە دەچێ، کاتێک دەتوانرێ بگووتری نەتەوە دەبێ لە رووی روحیەوە پایەکانی خۆی تەواو کردبێ و گەیشتبێتە قۆناغی (ئێمە) واتە پەیوەندیە رووحیەکە جێگای پەیوەندیە ماددەکانی گرتبێتەوە کە مەرجە بۆ هاتنە کاییەی بەژەوەندی کۆمەڵ چونکە لەو کاتەدا تاک خۆیی و بەژەوەندیەکانی تەنیا لە ناو کۆمەڵ دەبینێتەوە لە راستیشدا هەر ئەمەشە کۆمەڵ، گەل، نەتەوە، دروست دەکات، کاتێک ئەم قۆناغە پێدەگات یاخود دەکەوێتە سەر شەقامەکە و راستەڕێ دەبێ، هەستەکانیشی لەگەل پێدەگات و یەکێتی (روح) پێکدەهێنێ و لەناو خودی کۆمەڵ دەتوێتەوە، هەر ئەمەشە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە دیاری بکات.

دوو

پشت بەستن بەو یاسا زانسیتەییە و تیورییەی خالی یەکەم، وادەکات هەموو چاوگەکانی هێز لە سەنتەرێکی بەهێز کۆببنەوە، یاخۆد هەموو رووبارەکان تێکبکەنەوە و زێیەکی گەورە پێکبهێنن،،تا ئێستاش ئەوە لە باشوری کوردستان نەهاتووتە دی، بۆ نموونە هەمووتان لەگەلم بن با بەیەکەوە تەماشا کەین و ئەو پرسیارە لە خۆمان بەکەین و هەر خۆشمان وەرامی بدەینەوە، ئەو هەموو حزبە زۆانەی لە کوردستان هەن بە تایبەت حزبە دەسەلاتدارەکان ئامانجی سەرەکیان حزبە یا خود گەلی کوردستانە؟؟؟، ئەوەی شاراوە نیە هەمیشە بە راشکاوی و بە نەهێنی بەقسە و بەکردەوە بەرژەوەندی حزبیان لە پێشەوەی هەموو شتێک داناوە، واتە ئامانج حزبە نەک نەتەوە، باشە ئەگەر وابێ شەڕی ناوخۆ کارێکی حەتمیە، وەکو ئەوەی بە چاوی خۆتان دەبینن، لە قسەکەی بریمەر کە لە بیرەوەریەکانی خۆی یاداشتیکرووە دەلێ مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی کوردیان پە پارە گۆڕیەوە، یاخود کلینتۆن لە(31)سی و یەکی ئابدا گووتی ئەگەر من کارێکی وام بکردایە، لەشکری

بێگانەم بهێنایە سەر وڵاتەکەم ئەوا پاسەوانەکانی خۆم دەیان گرتم.

سێ

## زاڵبوونی خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکیەکان و چەتەگەری

وەک دیارە باشوری کوردستان لە چەند خێڵێک پێهاتووە وەکو جاف و گەردی و هەرکی و زێباری و سورچی و بارزانی و بلباس زۆری تریش خۆ ئەوەش دەکرا هەموویان سەنتەرێکی گەورەی بە هێزیان دروست بکردابایە و لە دەوری یەک و دوو کۆ ببوونایەوە و دەوڵەتیان دروست بکردابایە، بەڵام بە هۆی ناکۆکی و شەڕە خێڵ و نۆکەری بێگانە، هیچیان پێنەکرا، تەنیا خەریکی دزی و چەتەیی و ڕێگری بوونە، سروشتی تۆبۆگرافیای باشوری کوردستانیش کە ناوچەیەکی شاخاویە و ناوچەیەکی باش بووە بۆ دزی و ڕێگری،،سەیر کەن هەتا ئێستاشی لەگەل دابێ عەشیرەتگەری باوە، زۆر لە کەسەکان ئینتمای عەشیرەتگەرییەکەیان بەهێزترە لە ئینتما نەتەوەییەکانیان، کە ئەمە ئەو پەڕی حەماقەتی

تاکەکان و پێکهاتەی کۆمەڵی کوردی دەگەیەنی، ئەو کلتوورە سەقەت و دواکەوتوەی کوردیش بەرهەمی ئەو پەیوەندیە خێلەکیەیە، لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەو حزبانەی لەسەر ئینتیمای خێڵەکی و پشت بە خێل دەبەستن هەرگیز ناتوانن رێبەری خەڵک بکەن ئەوە کاتێک بوو بەسەر چووە، ئەگەر لەکاتی خۆی هەوڵێک هەبووایە لەوانەبوو بکرایە، بەڵام ئەو قۆناغە گوزەشت..ئەوەی جێگای گووتن بێت بەسەرچوونی ئەو قۆناغە جێگرێکی خراپتری بەرهەم هێنا لە جیاتی شەڕە خێل بووە شەڕە حزب، ئەمەش درێژە پێدەری ئەو شەڕە ناوخۆییە کە سەدان ساڵە بەردەوامی هەیە لە ناوخۆی کوردستان، ئەمەش هەموو جار بە پشتیوانی داگیرکەران و نۆکەری و کرێگرتەی بێگانە بووە.

## چوار

## ئاینی ئیسلام

هەرچەندە ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ چونکەی زۆربەی کارەسەتەکان لە بنەڕەتەوە تاکو ئێستا ئیسلام یەک لە هۆکارە سەرەکیەکان بووە، لە

داگیرکردنی یەکەم شەپۆڵی لەشکرە داگیرکەرەکانی ئیسلام و بە کۆیلە کردنی کورد بووە لە هەردوو لایەنی عەقڵی و جەستەیی و کردارەوە بووە، ئیسلام گەورەترین بەڵای لەگەل خۆی بۆ کورد هێناوە.

لە سڕینەوەی ناسنامەی کورد و زمانەکەیەوە، یەکەم بەوەی کە هەموو ئیسلامەکان ئومەتی محەمەدن و دووەمیش زمانی عەرەبی زمانی بەهەشتە، بڕواناکەم هیچ تاوانێک لەوە گەورە تر بێت بەرامبەر بە کورد کرابێ، کە خاک و عەقڵ و بیرکردنەوەت لێ زەوت بکات، سەرباری ئەوەش خزاندنە ناو مێشکی کورد و پڕ کردنی کلتوورێکی نامۆی وەهم و پڕ لە درۆ، و چەسپاندنی مێژوویەکی پڕ لە تاوان و بێ بناغە و بەسەر کورد، هەتا وایکردووە کورد مێژووی خۆی لە بیر بچێتەوە، و شانازی بە پالەوانە داگیرکەر و جەللادەکانی دوێنێی بکات، ئەوە چەند کارەساتێکی جەرگبڕە و وابکەی پێستەکەی لەبەر دادڕی و عەقڵی لە جەستە و خاکەکەی جیا بکەیتەوە، لەوەتی ئیسلام هاتووە کورد هەمیشە دەرگەوان و پاسەوان و کۆیلەی بکوژەکانی خۆی بووە، بەو رەنگەی دەوڵەتی نەتەوەیی دڕۆیە و نابێ

(بدعەیە)کورد داوای دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بکات، هاتوون بەهەشتەکەی کوردستانیان پیس و چەپەڵ کردووە بە بیانوی ئەوەی لەو دنیا بەهەشتێکی جوانتر وەردەگرن و عەقڵی کوردیان بەو بەنجە درۆینە بەنج کردووە، کوردیان کردوتە لەشێکی بێ گیان و بێ عەقڵ و مقاشی دەستی و داگیرکەران و هەمیشە لە نەتەوەکەی خۆیان بەرداوە و بۆ کەیف خۆشی خۆیان تەماشایان کردووە، لێرەدا یەک دوو قسەم هەیە بۆ کورد تا رزگار نەبێ لە ئیسلام هەرگیز ئاسوودەیی بەخۆیەوە نابینێ.

## پێنج

## نەخوێندەواری

تا ناوەڕاستی سەدەی بیستیش زۆربەی هەرە زۆری کورد نەخوێندەوەر بوون و شتێکی ئەو تۆیان لە بنەچە و سەرجەلە و مێژووی نەتەوەکەی خۆیان نەدەزانی، هەتا ئیستاشی لەگەل دابێ مێشکی کورد پاک نەبووتەوە لە درۆودەلەسە و بوختانەکانی ئیسلام و داگیر کەران، بەو هۆیەوە تاکی کورد نەیتوانیوە شارەزایی لە مێژووی مرۆینی لەسەر ئاستی جیهان

هەواڵنامەی کێتێ

پەیدا بکات، لە خانویەکی دەرگا داخراو ژیاوە، عەقڵیشی لە شەوەزەنگ کاری کردووە تا وایان لێکردووە بەر چاوی خۆشی نەبینێ و لە پشتەوەش بە قامچیان لێیان داوە و وەکو مێگەل و گاڕان بە پێشەخۆیان داوە، ئێستا کورد لە بەردەم دوو ئەرکی گەورە دایە، یەکەمیان ئەوەیە دەبێ ئەو جلکە قرێژ و ئەسپی ونە فڕێبدات کە هی کورد نیە بە بەر باڵای براوە دووەمیان، دەبێ هەوڵبدات مێژووی شاراوە و دزراوی خۆی بدۆزێتەوە، پێم وایە ئەمڕۆ کارێکی ئەستەم نیە، چونکە تاکی کورد هیچ بەربەستێکی بەهۆی ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنۆلۆجیا لە بەردەم نەماوە ئێستا کاتی قاوو دانی بیرە ژەنگاویی و کۆنەپەرست و داگیرکەرانە، هەرچەند ساڵێکی ماوە ئاو و هەوا و زەوی و ئاسمان پاک بێتەوە و بگەڕێتەوە سەرژینگەی سروشتی خۆی، ئێستا جیهان تاریک نیە لە هەموو ماڵێک مۆمێک داگیرساوە، یا لە ئایندەیەکی نزیک بۆیان دادەگیرسێ، پەیامی ژیان و ئازادی بۆ مرۆڤ جێگای خەون و خەیاڵەکان دەگرێتەوە.

شەش

## نێر سالاری

کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی نێر سالارییە، هەمیشە برسی سێکسە لەرووی زانستیەوە لەو حالەتەدا هەمیشە دەمارەکانی گرژە و تورە و حەزی لە خۆ دەرخستنە، ئەوە یەک لە پاڵنەرەکانی شەڕە تێربوونی سێکسی هۆیەکی سەرەکیە لە دامرکاندنەوەی شەڕانگیزی مرۆڤ، ئەوە وا دەکات مرۆڤەکان حەزیان لە خۆ دەر خستن بێت و تا پیاوی بوونی خۆیان لە ناو کۆمەڵ دەربخەن و بسەلمێنن، هەمیشە پیاو حەزی وەکو کورد دەلێ لە خۆ فشکرنەوە و گیف کردنەوە و هەڕەشەیە، ئەمە حالەتێکی سروشتی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵی نێر سالاریدا، ئەوە زیاتر دەردەکەوێ کاتێ کۆمەڵ چین چین و پایە پایە دەبێ.

سەیر کەن کاتێ مرۆڤێک دەبینن چەند کەسێکی بەدوواوەیە لە جوولان و هەڵسوکەوتەکانی خۆی چۆن تایبەتیەک بە خۆی دەدات و باڵەکانی چۆن دەردەخات لە بنەڕتدا ئەو خۆ دەرخستنە و خۆ بەزل زانینە دەگەڕێتەوە بۆ نێرسالاری پیاو.ئەم حالەتە هەتا ئێستاش بەردەوامە ئەو شریتە ئۆتۆمۆبێلانەی

دەبینی بە بەشێوکە لە پاڵنەرە سێکسیەکان و لە هەمان کاتیشدا شاردنەوەی کەماسی کەسیەتی خۆیان دەگەیەنێ، ئەمڕۆ دەبێ هەموو جیهان چاوی لە کورد بێ چۆن ئەو چەمکە تێکدەشکێنێ.کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤینی گەورەترین و شەڕنگیزترین هێزی ئیسلامە وەحشیەتگەرییەکەیان تێکشکاند، ئەفسانەی نێرسالاریشیان هەڵوەشاندەوە، دوایی زیاتر لەو بابەتە دەدوێین.

## حەوت

# زاڵبوونی پاڵنەرە ئاژەڵیەکان

بەهۆی بارودۆخە کۆمەڵیەکان و دواکەوتوویی کوردەوە کە پانتایی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردی تەسک کردووتەوە و ناتوانێ شتەکان وەک خۆی ببینێ و لێکدانەوەی بۆ بکات لە هەر کۆسپێک ئاستەنگێدا تووشی کێشە فکری و عەقڵیەکان دەبێ، چونکە زەحمەتە سەرەدەری لە بابەت و دیاردەکان دەر بکات و تووشی ئاڵۆزی فیکری دێت و بیرکردنەوەکەشی سنورداره، لەمە زیاتر عەقڵی پەی بەشت و چارەسەرییەکان نابات و ئیتر کار و فیکر و کردەوەکانی دەچنە بوواری ناعەقڵانیەوە، ئەوکاتە لە جیاتی عەقڵ پاڵنەرەکانی هێزی دەست و قاچ بەکار دەهێنێ کە زیاتر بەرە و پاڵنەرە ئاژەڵیەکانی دەبات، بەبێ دوو دڵی دەڵێم کۆمەڵی کوردی لەو قۆناغەدا دەژی، واتە بە کورتی پاڵنەرە ئاژەڵیەکان هێشتا زۆر بەهێزن و کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەسەر ئاژاوە و بەرپا بوونی شەڕ.

## هەشت

## هەژاری و هەستکردن بە کەماسی

هەژاری دەردێکی کوشندەی تاک و کۆمەڵە، لە هەژاریدا دەیان دیاردەی خراپ سەر هەڵدەدەن، لە پێشەوەی هەموویان پەنا بردن بۆ وەهم و کارە دزێو خراپەکان، بەڵام ئەمە یاسایەکی چەسپاو و نەگۆڕ نیە، چونکە زۆر جار کاتی مرۆڤ هەست بە لاوازی و بێ دەسەڵاتی و کەماسی خۆی دەکات پەنا بۆ هەوڵی دەستەوایی و بەکۆمەل دەدات لە پێناو پەیدا کردنی هێزێکی گەورە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ ئەوەی زاڵ بێت بە سەر ئاستەنگ و ناخۆشیەکاندا، یاخود لە پێناو پاراستنی خۆیدا، بۆنمونە بۆ هەردوو هێزی کوردی ئەگەر یەک بەسەر ئەوی تر زاڵ نەبوو، ئەوا هەوڵی ئەوە دەدات بەلانسەکە رابگرێ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکات قووت نەدرێ، یەک لە هۆیە سەرەکیەکانی شەڕی ناوخۆی کورد بووە، چونکە هیچ زەمینە یا باوەرێکی وا لە ئارادا نەبووە تا بە ئاشتی و دڵنیاییەوە بەیەکەوە بژین.

## نۆ

## دەستێوەردانی دەرەکی

بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی کە بەسێ دەوڵەتی داگیرکەر و دواکەوتوو لەڕووی کلتووری و شارستانیەوە ئابلووقە دراوە، بەرژەوەندی هەمووشیان لەوەدایە کە نەهێلن کوردستان رزگار و ئازاد و سەربەخۆ بێت، بۆیە هەریەکیان هەردەم بە هاوبەشی و یەک دەستی دژی گەلی کوردستان و ویست و داخوازییکانی وەستاونەتەوە، هەتا زۆر جاریش کێشە ناو خۆییەکانیشیان خستوتە ناو جوگرافیای کوردستانەوە، هەتا ئەو شەڕانەی لە نێوان ئەو دەوڵەتانە سەری هەڵدابێ، لە سەر خاکی خۆیان دووریان خستووتەوە و هێناویانە ناو خاکی کوردستان وەکو ئەوەی ئەمڕۆش بە چاو دەبیندرێ و بەڕێوە دەچێ، هەموو جارێکیش لایەنێکی کوردیان بە کرێ گرتووە دژی لایەنەکانی ناتەبا چ لە ناو کوردوو چ لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان، بۆ سەرکووتکردنی هەر داخوازییەکی سەربەخۆیانە، کە ئەمە هەمیشە چەکێک بووە بە دەست دوژمنانی کورد و کوردیان پێ چەوساندووتەوە.

دە

## پەنابردن بۆ فیکر و ئایدیۆلۆجیای دەرەکی

لە سەدەی نۆزدە و بیست، دەیان بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە سەر ئاستی جیهان لەژێر دەیان بیر و فیکری جیاجیادا سەری هەڵدا و دەیان لە گەلان ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بە دەست هێنا ئەوە گەلی کوردستانیشی هوشیار کردەوە، ئەوەی جێگای باس و لێکۆلینەوە بێت ئەو جارەش کورد هەر وابەستەی بیر و فیکرەکانی دەرەکی بوو، کورد نەهات بیرێک، ئایدۆلۆجیەتێک، فەلسەفەیک، بۆ خۆی دارێژێ و لە سەری بڕوات.

بڕوا دەکەن گەلی کوردستان زۆر جار لەسەر وشەیەکی بیانی کە سوودێکی ئەوتۆشی نەبووە نەگەیشتوونەتە تێگەیەشتنێکی هاوبەش دەیان کەسیان لە یەکتر کوشتوە، گەلێکی هۆشیار کە خاوەن مێژوو و خاک و زمانی خۆی بێت چ پێویستیەکی بەو هەموو رستە شۆرسگیریانە هەیە، ماف هەر مافە و ناتوانرێ بخرێتە ژێر وردبین و بەش بەش و پارچە پارچە بکرێ، هەموو لایەک هەریەکەی بە چەشنێ بە پرسیاری مێژوویی ئەو هەموو خوێنە بەناحەق رژاوەی

کورد هەڵدەگرن و باجی ئەو هەڵە و تاوانانەشیان هەر لە ئەستۆ دەمێنێ.

## یازدە

### هەڵنەکەوتنی سەرکردەیەکی زانا و دانا و بە توانا

چەند بیر دەکەیتەوە ئەوەندە ماتەمی داتدەگرێ، راستە بارودۆخی کوردستان دژوار و سەخت و پڕ هەڵدێر و بەرزی و نزمی بووە بەڵام ئەوە هیچ بیانویەک ناگەیەنێ کە کورد نابێ سەرکردە و رابەرێکی لێوەشاوەی لێهەڵکەوێ، چونکە تەواوی واقیعە مادديەکە شاراوە نەبووە و کە کەس نەتوانێ پەی پێبببات، لێردەدا خاڵێک هەیە ناتوانم لێی لادەم، ئەویش هەر سەرۆکێک یا رابەرێک پەیدا بووبێ یەکەم کاری ئەوە بووە چوار دەوری خۆی پاک بکاتەوە لە کەسانی زانا و تێگەیشتوو ئەوکو کەس لە ئەهێنیەکانی بگات و لەلایەکی دیکە بۆ ئەوەی بێتوانایی خۆی دەرنەکەوێ.

هاتوون زانا و داناکانیان ئازار دەدان و سەرکووتیان کردوون، سەیری حزبە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی باشوور بکەن لە مێگەڵستان دەچێ، پڕیەتی

لە قەڵەم پیس و درۆزن و فێڵباز و ماستاو چی و کۆیلە، ئاخر چۆن رابەری گەلێک و پەروەردەی وڵاتپەروەری لەسەر بناغەی دڵسۆزی و ویژدانی زیندوو دەکرێ.

سەرکردە شکست خواردووەکان هەر بەرهەمی وەکو خۆیان بەرهەمدێنن، سەیر کەن دەیان هەزار کەسی کارنەکەر و بێ توانایان لە شوێنە گرینگەکان داناوە هەر لە سەر ئینتمای حزبیەوە، نەک ئینتمای هاوڵاتی بوون.

**دوازدە**

پێکهێنانی لەشکر لەسەر بناغەی ئینتمای بنەماڵەیی و خێلەکی و حزبی، نەک دروستکردنی لەشکرێکی یەکگرتووی کوردستانی و مەشق پێکردنیان و پەروەردەکردنیان لەسەر ئینتمای نەتەوەیی دوور لە حزب و کەس پەرستی و پیرۆز کردنیان، ئەو جۆرە پەروەدەیە و رێکخستنە هەتا ئیستاش هەر وایە، ئەمە گەورترین کۆسپە لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی گەلی کوردستان.

**بە کورتی لە درێژەی باسەکەماندا هەردوو لایەنی تەوژمی نەتەوەیی خێڵەکی و رووناکبیری و گروپ و لایەنەکانی دیکە دەخینە بەر باس و لێکۆڵینەوە:-**

لە ساڵی(1964)هەزار و نۆسەد و شەست و چوارەوە و هەتا ئەمرۆ خوێن لە جەستەی کورد لەسەر دەستی کورد دەچۆڕی داهات و سامانی وڵات بەفیڕۆ دەچێ، کات دەڕوات و کورد بەشەلە شەل لە دواوە رێدەکا، لەو کاتەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەت بوو باڵی سۆران زۆربەیان بەگەڵ برایم -جەلال کەوتن و بادینان لەگەڵ مەلا مستەفا مانەوە تا ساڵی(1970) بە هەزاران کورد بوونە قوربانی، سەرەتا باڵی برایم ئەحمەد لەشەرێکی گەورەدا لە ماوەت لەگەڵ پارتی بە هاوکاری لەشکری ئێراق شکان بەرە و سنورەکان پاشاکشەیان کرد، دوایی لەگەڵ حکومەتی ئێران کەوتنە گفتوگۆ هێزەکانیان بردە قووڵایی ئێرانەوە، لەراسیتدا هەر لە کاتەوە پارتی بە هاوکاری ئێران شەری ئێراقی دەکرد، بۆیە جەلالیەکان جێگایان لە ئێران نەدەبۆوە لەژێرەوە کەوتنە گفتو گۆ لەگەل حکومەتی عێراق و گەڕانەوە و لە ژێرناوی پارتی شۆڕشگێری کوردستان کەوتنە چالاکی حزبی و

عەسکەری، لەو ماوەی لەگەل حکومەتی عێراق بوون گەشەیان کردوو لایەنگرێکی زۆریان پەیدا کرد، شەڕێکی سەخت لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەرپابوو، مەلا مستەفاش لەگەل شیوعیەکان بەیەکەوە دژی باڵی برایم ئەحمەد و حکومەتی ئێراق لە شەڕێکی خوێناویدا بوون، لەو کاتەوە تیرۆری سیاسی دەستی پێکرد و چەندین پیاوی زانا لەو ناوەندە بوونە قوربانی شەڕی ناوخۆ، بێجگە لە هێزی چەکداری هەردوو لادا، بەهۆی ئەوەی جەلالیەکان بوونە خاوەن نفوزێکی گەورە و حکومەت چەندین لە داواکانیانی بۆ جێ بەجێ کردن لە کردنەوەی زانگۆ، بایەخ دان بەزمانی کوردی، گۆڕینی تاپلۆی سەردووکانەکان لە عەرەبیەوە بۆ کوردی، ئەمە وایکرد حکومەتی عێراق بکەوێتە نێوان دوو هەڵبژاردە کامیان هەڵبژێرێ، دڵنیاش بوو لەوەی پارتی بە جۆرێك ئێران و ئەمریکایە بەکار دێ.

ئەدی عێراق بۆ وای کرد.؟؟؟ من ئەوکات عەقڵم بەو کێشانەدا نەدەشکا، هەرئەوەم دەزانی دەبێ ئێمە دژی دەوڵەتی عێراق بین چونکە لە کورد دەداو شیوعیەکان دەکوژێ و حرەس قەومیەکانیشی لە کورد بەردابوو ماڵ

و گوندی خەڵکیان تالان دە کرد هەر لەو وەختیەوە زۆر لە ناوچەکان بە عەربکران، دەستیان کردبووە سوتماک کردنی خاکی کوردستان ئەمە وای کردبوو زۆربەی خەڵکی کورد رقیان لە جەلالیەکان بێتەوە، حکومەتی عێراقیش بە هاوکاری جەلایەکانیش نەیتوانی شۆرش بشکێنێ چونکە پارتی بە تەواوی خۆی دابووە پاڵ ئەمریکا و ئێران حکومەتی عێراقیش توانی بە بەردێک دوو کێڵ بشکێنێ، لەلایەک جەلالیەکانی هەڵوەشاندەوە و لە لایەکی دیکە لەگەل پارتی رێککەوتننامەی (11)یازدەی ئازاریان مۆر کرد، لەو رێکەوتنەدا حکومەتی عێراق دوو مەبەستی هەبوو یەکەم؛ پارتی لە ئێران دوور خاتەوە و بیخاتەوە ناو بازنەکەوە، دووەم؛ وردە وردە دانە خۆرەی پارتی بکات و ئەگەر پەیوەندی لە گەل ئێران نەپچڕاند ئەوا چەکوچێک بدا لە سەری هەرواشی کرد لە پیلانێکدا ویستی مەلا مستەفا بکوژێ بەڵام سەری نەگرت، رێککەوتنەکە هەر لە سەرەتاوە گوماناوی بوو، بەهۆی ئەو پیلانەوە ئیتر بڕوابوون بە یەکتر نەما، هەرەها جارێکی تریش ویستیان ئیدریس بارزانی لە بەغدا بکوژن، هەر چەندە بەیانامەی یازدەی ئازار دەستکەوتێکی یەکجار

گەورەبوو بۆ کوردستان، بەڵام لە هەناویدا گەورەترین مەترسی و شکستی لە گەڵ خۆی هەڵگرتبوو، لەلایەکی تریشەوە ئێران بەڵێنی زۆری بە کورد دەدا دەبێ شەڕ لەگەڵ بەغدا دەست پێکەنەوە، لەسەرەتادا دەرگای چەک و ئازوقە و هاوکاری بەسەردا دەباراندن.

لە رێککەوتننامەی ئازاریشدا جەلالیەکان خۆیان هەڵوەشاندووە و چونە ناو شۆڕش، بەڵام بەشێکی زۆری کادر و ئەندامەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر نەپچڕاند و خەریکی دروستکردنی رێکخراوی نوێ بوون، دوایش کۆمەڵەی مارکسی-لینینیان دامەزراند، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد شۆڕش هەرەس بێنێ و ئەوجارە خۆیان جلەوی شۆڕشەکە بگرنە دەست ئەو چالاکیانە بە ئاگاداری مام جەلالیش بوو.

هەڵەکانی پارتی لە دوای بەیاننامەی یازدەی ئازار هەرچەندە زۆری لەسەر نووسراو لەوانەش لە لایەن مەسعود بارزانیەوەش، لێرەدا ئاماژە بەچەند خالێک دەکەم، وەکو بیروو بۆچوونی خۆم.

**یەک:** پارتی بەو سەرکەوتنەی لەخۆی بایی بوو، هەر لە رۆژی یەکەمەوە کەوتە دژایەتی حزبی شیوعی عێراق هەتا لە ئاهەنگەکانی سەرکەوتن نەک

شیوعیەکانیان بە شدار نەکرد بەڵکو لێیان دادان، ئەو شەڕ و هاوکارییەی شیوعیەکان و سۆڤیەتیان لە بیر نەما بوو.

دوو: سەکردەکانی پارتی کەوتنە خۆ دەوڵەمەند کردن و رابواردن (ئێستا نەک پارتی هەمووی زۆر بە خراپتر وای لێهاووە)، لێرەدا قسەیەکی بەربەیارتان بۆ دەگێڕمەوە دەق وەک خۆی کە بۆ منی گێڕایەوە ((جارێک وەفدێکی باڵای پارتی دەچنە بەغدا مەلا مستەفا بە تەکلیف محەمەد بەربەیار بەگەل وەفدەکە دەدات، کاتێ لە بەغدا دەبن وەفدەکەی پارتی هەریەکە داوای سیارەیان کردبوو دیاربوو حکومەتی عێراقیش بەڵێنەکانی بۆ جێ بەجێ کردبوون)) کاتێ گەڕابوونەوە مەلا مستەفا بەربەیاری دیتبوو لێی پرسیبوو چۆن بوو، ئەویش هەمووی بۆ بارزانی گێرابۆوە، بارزانی بەربەیاری گووتبوو ((ئەو کوردە نابێتە هیچ)) هەموو قسەکان هی محەمەد بەربەیارە ...تەواو.

سێ: دەبا پەیوەندیەکانی لەگەل ئێران سنوردار بکات، چونکە بازاری کوردستان ئەوکات ببووە بازاڕی ئێران، ئەمە هیچ دەوڵەتێک قەبوول ناکات سنوری

وڵاتەکەی وا بکرێتەوە بەڕووی دەوڵەتانی دیکەدا ئەوە ببووە بەڵگەیەک بە دەست عێراقەوە، ئەوە نەک عێراق بەڵکو سۆڤیەتیشی نیگەران کردبوو، کە ئەوکات عێراق لە بازنەی سۆڤیەت دەسوڕایەوە، بریماکۆف خۆی چووە لای بارزانی داوای کرد شەڕ لەگەل حکومەتی عێراقدا هەڵنەگیرسێنێتەوە، بەڵام کار لەکار ترازابوو بارزانی تەواو کەوتبووە نێوبازنەی پیلانەکانی ئێران و ئەمریکا.

**چوار:** دەبا پارتی خەباتێکی دیپلۆماسی چڕ بکات بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر پیلانەکانی حکومەت زاڵ بێت و رای گشتی و شیوعیەکانیش بۆ خۆی راکێشێ ئەوەی پارتی کردی وەک ئەوە وابوو پشت بە فەردەی زیخ بدات، بۆیە هەر زوو هەرەسی هێنا، لەکاتی هەرەسەکەشدا کەس بە هانایانەوە نەهات، هەرلەوەشدا شیوعیەکان دۆستێکی دوێنێی گەورەیان لە کیس چوو، لەناو چوونی شۆرش لەناو چوونی شیوعیەکانیش بوو، بەتەنیا لەگۆڕە پانەکە مانەوە و دوایی حزبی بەعس ئەوانیشی بەر شەقدا.

### پێنج

هەڵە گەورەکە لەوە دابوو کە هەموو خەڵکیان بردە شاخ، ئێ باشە ئەوە بە حکومەتێک بە خێو ناکرێ ئەی نەخۆشی برسیەتی سەرما و سۆلەی زستان، نەبوونی جێگاورێگا کە بارەقورسیەکی گەورەی لەسەر شۆڕش دروستکربوو، پێشمەرگە ژن و منداڵی لەگەل دابێ چۆن دەتونێ شەڕ بکات یا ئاگای لەماڵ و منداڵی بێت..دەتوانین هەڵەکان ریز بکەین، ئەوکات باشتر روون دەبێتەوە کە ئەو شورشە جێگای لەناو هیچ فەرهەنگێکی شۆرشەکان نابێتەوە، تەنیاتوورەیی و گەفوگولێکی خەڵک دەگەیەنی، بەلای کەم شۆرش دەبێ بەرنامەداربێت، هەموو سەرکەوتن و شکستیەکانیش رەچاو بکات ئەوە بەهیچ کلۆجێ لە ناو شۆرشی کورد بەدی نەدەکرا.

# بۆچوونێکی تایبەتی خۆم

((هەتا ئێستا ناتوانم قەناعەت بە خۆم بێنم کە مەلا مستەفا هەڵەی کردبێ لە راگەیانی کۆتایی هاتنی شۆڕش))، ئەو قسەیەم چەند جارێک کردووە کە شۆڕشی ئەیلول هیچ بنەمایەکی شۆڕشی نەبووە چونکە شۆڕش دەبێ لە سەر کۆڵەگەیەکی قایم دروستبکرێ و پشت بە هێزی ناو خۆ ببەسترێ بە پلەی یەکەم نەک تەنیا پشت بەستن بە هێزێکی دەرەکی هەرکاتی کشایەوە ئاپارتمانەکە بەسەر یەکدا بڕوخێ، بۆیە مەزەندەی من بۆ ئەوە دەچێ هەر لە بناغەوە مەلا مستەفا لەگەل شۆرشێکی لەو چەشنە نەبووە و زیاتر بەسەری داسەپێندراوە، هەرچەندە زۆبەی خەڵک هەتا کوڕەکانی خۆشی ئەو کارەی باوکیان بەهەڵە دەزانن، ئەو شۆڕشە لە بنەوە تا سەرەوە هەڵوەشایەوە، خەڵک هەمووی ئاوارە بوون لەشکری عێراق کەوتبووە گیانی کورد، شەڕ لەو کاتەدا تەنیا کوشتنی مرۆڤەکانی دەگەیاند بەراستیش دەبووە مغامەرەیەک و سەرکێشی کردنێک بەگیانی خەڵک، راستە شۆڕش بەهۆی هەڵەکانیەوە هەرەسی هێنا

بەڵام شەڕ لەو کاتدا نەیدەتوانی ئەو برینە تیمار بکات، دوایی زوربەیان هی ئەو مەیدانە نەبوون، لەوانیە ئەوەبووە هۆی ئەوەی جاش دروست بوون.

ئەو شۆڕشە فاشلە بەهەقەت پێویستی بە ئیسراحەتێک هەبوو، گەورەترین هەڵەش کە دووبارە کرایەوە لەساڵی(1976)دەبا ئاوا بەپەلە دەست بە شۆڕش نەکەنەوە، هەر لە سەرتاوە بە یەکتر کوشتن دەستی پێکرد و لەئاکامدا جارێکی دی (دە)هێندەی پێش خۆی زیانی ماددی و روحی بە کورد گەیاند .

## گەڕی دووەم 1976 تا 1988

بەڕاستی ئەو دووازدە ساڵە بە سوک و چروکترین قۆناغی خەباتی چەکداری لە مێژووی کوردی باشوری کوردستان دادەندرێ هەرچی کاری قێزەون و ناعەقڵانی و ملهوڕی هەبوو روویدا، کە نە لەدوور و نە لە نزیک پەیوەندی بە خەبات و کاری مرۆڤدۆستانە و رزگار کردنی گەلێکی ژێر دەست و زوڵملێکرا نەبوو، ئەوەندەی خەڵکی بێتاوان و بێلایەن ئازار درا و کوژرا ئەوەندە زیایانیان لە دوژمنی داگیر کەر نەدا.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی شکستیەکەیەوە هەڵوەشایەوە، ئەو جارە کێشە ناوخۆیەکانی بردە دەرەوەی سەرکردایەتی رەهای ماڵی بارزانی بەچەشنێکی دیکە سەری هەڵدایەو، بوو بە چوار پارچەی گەورەوە، چوار حزب لە هەناوی پارتی هاتنە دەر، بە چوار بۆ چوونی جیاوازەوە.

یەک: قیادەی موقەتە، دوایی بوو بە پارتی گەلی دیموکرتی کوردستان.

دوو: حزبی سوسیالیتی کوردستان - عێراق.

سێ: یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

بێجگە لەمانەش بەشێکی زۆریشی بە تەواوی دەستبەرداری سیاسەت بوون.

پارتی بە هۆی ئەوەی ڕەگەکانی کە ماڵی بارزانی بوون مایەوە، جارێکی دی سەوزبوونەوە، لە سەرەتا لە هەر سێ لایانەکەی دیکە لاوازتر بوون، بەڵام بەهۆی عەشیرەتی بارزان وەکو بەهێزترین ناوەندی خێڵەکی لە کوردستان و تا ئەندازەیەکیش مێژووەکەیان بوونە هۆی ژیانەوە و پەرەسەندن و سەرهەڵدانەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەگەل ئەوەشدا پارتی نەیتوانی شوێنی جارانی خۆی لە ناو کۆمەڵی کوردیدا بکاتەوە ئەگەر چی توانی جارێکی دی یەکەم و دووەم قووت بداتەوە، بەڵام نەیتوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان قووت بدات لەبەر دوو هۆ جیاوازی فیکری و ئایدۆلۆجی، دووەمیش بە هۆی بوونی مام جەلال کە سەرکردەیەکی ئازا و بەتوانا و خاوەن فیکر بوو، ئەزموونی پێشتریشی هەبوو، هەتا دوای ڕاپەڕین یەک دوو گەڕی هەلبژاردنەکانی کوردستانیش هەر بە یەکەم حزب و یەکەم هێز مایەوە،،ئەوەی یەکێتی لاواز کرد کێشە ناوخۆییەکانی بوو، ئەوەی پارتیشی بەهێز کرد یەکگرتنەوەکانی بوو، ئەو

ئەنجامە لە سەر رووباری خوێنی رۆڵەکانی کورد دروست بووە، ئەویش شەڕی چەپەلی ناوخۆ بوو، تاگەیشتووتە دەست تێوەردانی دەرەکی و ناردنی چەک و فیشەک جۆرەها هاوکاری تر تا بتوانن زیاتر خوێنی یەکتر برێژن و پەرپووت و لاوازیان بکەن هەرکاتێ بیانەوەێ بە چەپۆکێک سرگوومیان بکەن، (هەر واشیان کرد)، ئێستا دەبینن کورد بووەتە قاوغێکی بە تاڵی سەرەونخون کراو، لە شەڕی ناوخۆدا هەمیشە پیلانە دەرەکیەکان زاڵبووینە بە سەر هەست و بیری ولاتپەروەریدا واتە بە پیلان و چەکی دووژمن توانیان خوێنی کورد بەهەدەر بدەن و لاواز و دەستەمۆشیان بکەن، ماڵیی کردنی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە گەورەترین دەستکەوتی داگیرکەران و شکستی کورد بووە لە مێژووی ئەم سەردەمە، ئەوەی هەتا ئەمڕۆش بەرچاوە ئەو شەڕە ناو خۆییە هەر دریژەی هەیە لە باشوری کوردستان ((لە باکور و رۆژاڤا نەماوە، لە باکور (PKK)ئەو شەڕە ناوخۆییەی هەر لە سەرەتاوە نەهێشت و دوژمنی داگیرکەر لەگەل بەکرێگیراوەکانی خۆی هەرچەندی لە دەستیان هات کردیان و بەهۆی یەکگرتوویی کورد سەر کەوتوو

نەبوون.. لە رۆژاڤاش هەر لە سەرەتاوە (PYD) توانی پیلانەکانی دووژمن لە دروستکردنی شەڕی ناوخۆ لەگۆڕبنێ بە ئازایی بە قوربانیدانێکی زۆرەوە توانی گەورەترین سەرکەوتن لە مێژووی کورد و هەتا لەسەر ئاستی جیهانیش تۆمار بکات، بەڵام هێشتا بەهۆی دەستێوەردانی هەندێ لایەنی کوردی و گواستنەوەی ئەزموونی باشوور بۆ رۆژاڤا لەلایەک و هەندێک هەڵگەڕاوە و داردەست و مقاشی دەستی بێگانە و جلکاو پیسخۆرێ دووژمنی داگیرکەری مێژوویی کورد و کوردستان وەک (AKP)لە بۆسەدان بۆ لێدانی کورد و داخوازییە رەواکانی، لە رۆژهەڵاتیش تا پێیان کرا یەکتریان کوشت ئێستاش لە ئاوارەیی دان بۆ هەر گۆڕانکارییەکی داهاتووی ئێران کەس نازانی داخوا چی دەبێ و چی روودەدات )).

وابزانم لە بابەتەکە دەرچووم...بۆیە دەگەڕێمەوە سەر شەڕە نەگریسەکەی باشوورەوە.

لە مانگی شەشی(1976)یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دیمەشق بانگەوازی هەڵگیرساندنەوەی شەڕی راگەیاندوو لە نامیلکەیەک (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ چی..؟؟) زۆربەی دامەزرێنەران کۆنە

جەلالی بوون و هەندێکیشان لە پارتیەکان بوون، بێچگە لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کە شادەماری هەڵگیرسنانەوەی شەڕ بوو، وەکو بڕبڕەی پشتی یەکێتی وابوو، لەگەڵ کوژرانی کەسی یەکەمیان توشی ئیفلیجی هات و خۆی نەگرتەوە، بەبڕوای من مام جەلال کۆمەڵەی رادەستی کەسێکی بێ کەفائەت و نەکارامەیی لە هونەری سەرکردایەتی و بەرێوە بردنکرد، گەورەترین دەربی لەو رێکخراوە داو و هەرەسی پێهێنا لەدوای ئەمە کۆمەڵە بووە رێکخراوێکی بڕوا شلۆق و لەرزۆک تا لە لەزویدا گەوزاندی و کۆتایی پێهێنا، بەوەش جێگای خاوەن فیکر و بیروباوەڕەکان تەسک بۆوە، یا ئەوەتا دەبا خۆیان بگونجێنن، یا ئەوەتا رێزی ئەو رێکخراوە بەجێ بهێڵن و هەرواشی لێهات و لەتبوونی گەورەشی بەدواداهات، ئەوەی ماشەوە لەناو یەکێتی هەرگیز ئەو حەماسەتەی پێشانی نەما، ئەوە یەک لەو خالانەیە کە یەکێتی لاواز کرد.

سوسیالیتەکان بەهۆی نەبوونی کاریزمایەک سەرکردایەتیەکی کارامە و دانا و زانا نەیتوانی خۆی لە بەر تەوژمی پارتی و یەکێتی رابگرێ بەتایبەت لە

دوای كوژرانی سالح یوسفی لەلایەن حزبی بەعسەوە، پارتی دیموكراتی كوردستان هەر لە سەرەتای روخانی دەوڵەتی شا چارەنووسی خۆی جارێكی دی بە حكومەتی ئێران بەستایەوە.

حزبی دیموكراتی كوردستانی ئیرانیش كێشە كۆنەكانی لەگەل پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق زیندوو كرانەوە، لەمەدا هەوالگری عێراق و ئێران رۆڵێكی سەرەكیان تێدا بینی هەر لە رۆژهەلاتی كوردستان لەو ناوچانەی ژێر دەسەلاتی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران چەندین كوردی باشووری كوردستان و روژهەلاتیان تیرۆر كرد، ئۆباڵەكەشی خرایە ئەستۆی حزبی دیموكراتی ئیران و پارتییەوە ...لە گەل كێشە كۆنەكان و نوێكردنەوەی كوشتنی سولەیمان موعینی و هەڤالانی، گەورەترین شەڕی پارتی و حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران هەلگیرسا و بە دەیان ئەگەر سەدان كەس نەبێ كوژران و پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق بە هاوكاری دەوڵەتی خوێنرێژی خومەینی ناوچەیەكی زۆریان لە حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران سەندەوە.

مرۆڤ کاتێ سەیری ئەو مێژووە قێزەونە دەکات تەزووی بە جەستەی دادێ، لەمەودایەکی کورتدا دووجار چوویمە ناوبژی حزبەکانی کوردستان جارێک لە نێوان پارتی و یەکێتی لە ئاشقولکە و پشت ئاشان و جارێکیش لە نێوان کۆمەڵە و جزبی دیموکرات لە پشت چیای هەڵگورد لەو کاتەی هێزێکی کۆمەڵە نزیکەی(150)کەسێک دەبوون دەچوون لە چالاکی دژی حکومەتی خومەینی بکەن لە سنووری شاری شنۆ هێزەکەی کۆمەڵە بەشێکی زۆری ژن بوون لە سەر سنوور کەوتنە بۆسەی حزبی دیموکرات زۆبەیان کوژاران بەهانای بریندارەکان چووین هێنامانە لای خۆمان، هەرگیز ئەو رووداوە ناخۆشەم لە بیر ناچێت.

لە باشوری کوردستانیش یەکەم تراجیدیا و هونەری کوشتنی بەکۆمەڵ لە کارەساتی هەکاری یەوە دەستی پێکرد، هەروەها کوشتنی برایم عەزۆ و گروپەکەی هەروەها لەسەرەتای حەفتاکان کوشتنی کۆمەلێک کە (12)دووازدە کادری حزبی شیوعی عێراق بوون و خوێندنگای حزبیان لە دەرەوە تەواو کردبوو دەگەڕانەوە کوردستان لە سنووری دهۆک کۆمەل کوژکران، کە هیچ تاوانێکیان نەبوو.

بڕواناکەم لەسەرانسەری باشوری کوردستان جێگا یا ناوچەیەک نیە گۆڕی بە کۆمەڵی شەڕی ناوخۆی لێنەبێت.

شەڕی ناو خۆی کورد-کورد ئەو کاتە گەرم بوو کە شەڕی عێراق-ئێران دەستی پێکرد بە هۆی ئەوەی لەشکری ئێراق هەموو سەربازەکانی خۆی کێشایەوە لە ناو شەخەکان و لەو بۆشاییەدا جموجۆلی پێشمەرگە زیادی کرد، بەریەککەونی پێشمەرگەکانیش زیادیکرد، لەراسیتدا ئەو هەشت ساڵەی شەڕی نیوان دوو دوژمنی سەر سەختی کورد باشترین دەرفەتی مێژوویی بوو کە دەبا کورد سوودی لێوەر بگرتایە لەو ئان و ساتەدا بە دەیان هەزار کەس لەریزی لەشکری ئێراق رای کردبوو پەنای بۆشاخەکان و ناو پێشمەرگە هێنابوو، جارێک سەرژمێریەکمان کرد تەنیا لە دۆڵی بالیسان نزیکەی(30) سی هەزار راکردووی سەبازی لێبوو لەو کاتەشدا گەرمەی شەڕی ناو خۆ بوو، لەماوەی چەند مانگێک هەمووی تەسلیمی عێراق بۆوەو بوون بە جاش.

سەیر لەوە دابوو پارتی و یەکێتی نزیکەی ئەوکات (25) بیست وپێنج ساڵ بوو لەشەری ناو خۆدا بوون، حزبی شیوعی عێراق بای ئەوەندە عەقڵی پێنەدەشکا

کە دەبێ بەهەر شێوەیەک بێت خۆی نەخزێنێتە ناو ئەو شەڕەوە، دەچوو زۆر کاڵفامانە لە ریش سپیایەتی دەگەڕا تا قوڕی بە سەرخۆیی هاوڕێ تێکۆشەرەکانی کردوو و رەنجی هەمووانی بەبادا، ئێستاش ئەندازیارانی جود و جوقد دەسکە سڵقێکیشیان بەرهەم نەهێنا ئاخر لەو شاخە ئەگەر یەکگرتنێک لە بناغەوە تەونی بۆ هەڵنەبەسترابێ بە راستی کارێکی قۆڕ و بێ مانا بوو، بەو کارەی حشع حزبی هێنایەوە خاڵی سفر هیچ.

چەندین جار بە کۆمەل پێشمەرگەکان کوژراون هەر جارێک لە دەشتی کۆیە (نۆ) کادر و پێشمەرگە کوژران، چەندین کادری چالاک ئازا کوژران، لەشەری بالیسان بەجارێک(12)پێشمەرگە کوژران، لەوانە ئەوەندەش لە یەکێتی کوژرابێ خۆ ئاشکراشە لە پشت ئاشان زیاتر لە(60) شەست کادر و ئەندام ژنە پیشمەرگە کوژران بە دەیان ئەندام و لایەنگرانی حزبەکان لەو لاو لەم لا تیرۆر دەکران.

ئەو کوشتارە هەموو لایەکی گرتەوە بە بڕوای من حزبی سوسیالیستی کوردستان گەورەتری زیانی

بەرکەوت بەهۆی ئەوەی گەورەترین هێز بوو لە رووی ژمارەوە.

شەڕی ناوخۆی باشوری کوردستان دژوارییەکەی کەوتبووە پارێزگاری هەولێر بەهۆی ئەوەی لە ناوچەی بادینان زۆربەی پێشمەرگەکانی خەڵکی ناوچەکە بوون ویەکێتیش لە دوای شەڕی هەکاری نەیتوانی جارێکی دی بگەرێتەوە، لەو کاتەوە ناوچەی بادینان کەووتە ژێر کۆنترۆلی پارتی، ناوچەی سۆرانیش بەهۆی سۆرانی بوون ئەمانەش پێشتر هەر لەگەل مام جەلالی دابوون کەووتە ژێر کۆنترۆلی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارتی نەیتوانی جارێکی دی ببیتەوە ئەو هێزە و بەلانسی هێز بگۆڕێ، ئەمە زیاتر لە(60) شەست ساڵە باشووری کوردستان لە نیوان سۆرانی و بادینی دابەش بووە.

لەکاتی نووسینی ئەم بابەتە لە هەموو کاتەکانی پێشووی دژوارترە، بەلام بەشێوەیەکی تر، لە داهاتوو زیاتر روونی دەکەینەوە، هەولێر کەسەنتەری باشوورە نیوەی بادینیەکە پارتی تێیدا زۆربەیە و نیوەکەی تریشی سۆرانیە کە یەکێتی تێیدا زۆربەیە، ئەم کێشە درێژ خایەنە ئەو دەربەندە و لێکترازانەی رۆژ لە

دوای رۆژ بەرەو فراوان بوونتر دەچێ، هەتا لە رووی سایکۆلۆجیەوە لەزور لایەنەوە وەک دوو نەتەوە دەردەکەون.

لەم کاتەدا کە هەولێر لە ژێر کۆنترۆلی پارتیدایە هەموو کار و باروو شۆێنە هەستیارەکان لە دەست پارتیە بادینیەکاندان، ئەگەر سۆرانیەک کارێکی بەدەستەوە بێت ئەوا بێگومان بادینیەک لە پشتەوە ئاگاداری و چاودێری دەکات، ئەمە بووەتە واقعێکی تاڵ لە کاری حزبی و دەسەڵات و بەڕێوەبردن لە باشووری کوردستان.

لە پێشدا ئامارەمان بە هەندێ لە هۆکارەکانی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆدا کرد، لە گەڕی دووەمی شەڕ، لەگەل مانەوەی هۆکارە فیکری و کۆمەڵایەتیەکانی پێشوو چەند هۆکاری تریشی بۆ زیاد بوو هەر بۆیەش شەڕە ناوخۆیەکانیش دژوار تربوون.

## هۆیەکان

**یەکەم:** هێزێکی شکستخواردوو ( پارتی دیموکراتی کردستان) دەیویست قەرەبووی شکست خواردنەکەی بکاتەوە، بەهۆی هەڵەو شکست بوونەکەشی ترسی زۆری گەیشتبوویێ، ببێتە حزبێکی بچوکی پەراوێز خراو بۆیە هەرچی ئامرازی شەرعی و ناشەرعی هەبوو دەیگرتە بەر بۆ ئەوەی نەهێلی جێگرەوە بەهێزەکە(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) جێگای بگرێتەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بەهەلی دەزانی کە باکراوەندێکی ئایدۆلۆجیشی هەبوو تۆڵەی شکستیەکانی پێش ساڵی(1970) لە پارتی بکاتەوە، هەتا دووەم گەڕی هەلبژاردنیش هەر یەکێتی وەکو حزبی یەکەم لە کوردستان مایەوە، هەوڵی ئەوەی دەدا و رێگری لە پارتی دەکرد نەوەکو جارێکی تر سەری هەموو گوریسەکان بگرێتەوە دەست خۆی، لەگەل ئەوەی پارتی لە کێشە و ململانێ ناحۆییەکان تا ئەندازەیەک تەرازووی هێزی لە بەرژەوەندی خۆی گۆڕیوە بەڵام هەتا ئێستاش پارتی پێی نەکراوە کێشەکە یەک لایی بکاتەوە.

دووەم: سروشتی ناوچەی بادینان پەیوەندیە کۆمەڵیەکانی پێکهاتەیەکی خێلەکیە، بە هۆی ئەوەی پارتی وەکو پێهاتەیەکی خێلەکی کە ناوەندی هێز پێکدەهێنێ و پشت بە ناوەدەکانی تری هێز دەبەستێ، واتە ئەگەر سەرۆک خێلێک یا ئاغایەک یا شێخێک و ناوەندێکی ئاینیش بۆلای خۆی راکێشی ئەوا بنکە جەماوەرییەکەشی مسۆگەر دەکات، هەتا ئەمڕۆشی لەگەل دابێ پارتی لە سەر ئەم عقلیەت و رێسایە دەڕوات و هیچ مەبەستیشی نیە سەرکردە یا فەرماندە بێجگە لە خۆیان دروست بکات یا دروست ببێ چ لە ناوەوەی حزب و چ لەدەرەوەی حزب و لەسەر ئاستی کوردستان بەهەمان شێوە، بە درێژایی مێژوو بە هەموو ئامرازێک بەرگری و رێگری لە هەر هەوڵێک دەکەن کەدرابێ کردوویانە و دەیکەن، لە ناوچەی سۆران پەیوەندییە خێلەکیەکان لاوازترن و کەناوچەی هێزو پێکهاتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، مرۆڤ وەکو تاک ئازادی زیاتری هەیە لەوەی تاک هەیەتی لە ناوچەی بادینان، ئەمەو بێجگە لە جیاوازیەکانی دیکە بووتە هۆی دروست بوونی دوو جۆرە سایکۆلۆجیەتی لە یەکتر جیاواز، لە ناو کۆمەڵی کوردی لە جیاتی نزیک

بوونەوەی مرۆڤ و دروستکردنی هەست و سایکۆلۆجیەتێکی یەکگرتوو و هاوبەش پارتی و یەکەێتی جیاوازییەکانیان زیاتر کردووتەوە و زەمینەی شەڕی ناخۆیاشیان زیاتر قوول کردووتەوە.

**سێەم:** لە شەڕی ئێران-ئێراق ساویلکەیی و تێنەگەیشتنی هەردوو سەکردایەتی پارتی و یەکێتی و نەخوێندنەوەی مێژوو و واقیعە ناوەکی و دەرەکیەکەی ناوچەکە و وایان دەزانی حکومەتی ئێراق دەروخێ و خویان جلەوی دەسەڵاتەکە لە کوردستان دەگرنە دەست و پەلەیان بوو کێ لە هەموویان بە هێز تر بەشی پتری دەست دەکەوێ، هەر زوو بوونە بەشێک لە لەشکری داگیرکەری جمهوری ئێسلامی ئێران، بۆیە شەڕی ناوخۆیان گەرمتر کرد، هەوڵیان ئەوە بوو کێ زووتر دەگاتە کێکەکە.

لەو حالەتەدا هەم دووژمنە سەرەکیکەیان لە بیر کرد هەمیش ناوەرۆکی شۆڕشەکەیان بە تاڵ کردەوە بوونە بەشێک لە لەشکری داگیرکەرێکی وەحشی و دڕندەتری کوردستان، بیریان لەوە نەکردبۆوە ئەگەر رۆژێک شەڕ وەستاو رێککەوتنێک لە نێوان هەردوو دەوڵەت کرا چی بەسەر ئەو باردۆخە دادێ.

هەموو هێزێ پێشمەرگەی کوردستان دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لە هێرشێکی لەشکری عێراق بەری(48) چل و هەشت کاژێری نەگرت و وەکو دیواری بەفر توایەوە.

ژمارەی کوژراوانی شەڕی ناوخۆ لەو هەشت ساڵەدا یا بەهۆی ئەو شەڕەوە کوژران و لەناو چوون خۆی لە دەیان هەزار کووژراو دەدات .زۆر بە ئاسانی دەتوانری ژمارەی کوژراوەکان و بێسەر و شوێن کراوەکان لە وەزارەتی شەهیدان وەربگیری بۆیە لێرە بە پێویستی نازانم جارێکی دیکە یاداشتیان بکرێتەوە.

ئەو شتانەی باسی دەکەم تەنیا بۆ بەرچاو روونی ئایندەیە، چونکە گەلێکی خاوەن هەقە و هەر سەردەکەوێ، تاکە مەبەست لێرەدا ئەوە دەبێ پلانەکان لە ئایندەدا وا داڕێژرێن کە بە کەمترین زیان ئامانجەکان بەدی بێهندرێن.

لەو دوازدە ساڵەدا ئەوەی زیانی گەورەی بەرکەوت گەلی کوردستان بوو، لە باشوری کوردستان لە مێژووی هەزاران ساڵی خۆیدا کارەسات و تێکشکانی وای بەخۆیەوە نەبینیووە، لێرەدا ئاماژە بە زیانەکانی کورد دەدەبین لەو قەفە مێژووییەدا..

1- کوژرانی دەیان هەزار پێشمەرگەو هاوڵاتی.
2- جینوساید کردنی کورد وەکو ئەنفال و کیمیابارانکردنی کردن و لەسێدارەدانی هەزاران هاوڵاتی کورد.
3- سوتماک و تەخت و وێرانکردنی کوردستان و دەیان شار و شارۆچکە و هەزاران گوندی کوردستان، لەگەل زەوی تەخت کران.
4- بەکۆیلە کردنی گەلێک و ئابلوقە دانیان، لە ئۆرودوگا زۆرە میلیەکاندا.
5- جینۆساید کردنی ئاژەڵە ماڵی و کێویەکان و داری بەردار و بێبەر.
6- کۆنکریت ڕێژ کردنی کردنی کانیاوەکان.
7- دابەشکردنی کۆمەل نیوەی بوون بەجاش و نۆکەرایەتی ئێراق، نیوەکەی تریشی بوون بە داردەست و کۆیلەی دەستی داگیر کەران.

## زیانە روحیەکان:-

1- تێکشکاندنی کەسیەتی کورد، سەرشۆکردنی ناچاری بۆ دەولەتی داگیرکەر.

2- هەر بەهۆی ئەو شەڕە ناوخۆییەوە سەدانان لە کەسانی درۆزن و فێڵبازی و دوڕاوی بەرهەم هێنا، کە ئێستاش زۆبەی هەر ئەوانەن جڵەوی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە چونکە وەها دەستەمۆ و فێرکراون کە دەتوانن بە ئاسانی خۆیان لەگەل هەموو بارو دۆخێک بگونجێنن، ئەم کارەش هەرگیز بە مرۆڤە خاوەن کەسیەتی و شۆرشگیرە راستەقینەکان وڵات پەروەر و مرۆڤ دۆستان ناکرێ، ئەو قەفە مێژووییە کارێکی خراپی ئەوتۆی بە کورد کردووە تا دەیان ساڵ شۆێنەوارە خراپەکانی ناسرێتەوەو لە ناو ناچێت.

3- ئەو سەرکردە فاشیلانەی کە دەیانویست کوردستان رزگار بکەن، کەسیەتی و روحی بەرگری کورد بەرزبکەنەوە، بە تێکشکاوی هەڵاتن و خەلکیشیان دا بەدەست دووژمنە دێرینەکانی کورد، شۆڕشی بەناو رزگاریخوازی کورد وەکو بزاڤێکی چەتەگەری دەرکەوت گەلی کوردستانی لە خوین گەوزاند و لە

خمخانەی نا، ئەو دیاردە نەشیاوانەی ئێستا دەیبینن زۆربەی بەرهەمی ئەو قۆناغەیە.

4- زیاد كردنی یا سەر هەڵدانی دیاردەی لە شفرۆشی لە ناو كۆمەڵی كورد، یەكەمیان لەلایەن كوردە خۆفرۆش و نەفس نزمەكانەوە كەژنی كوردیان بۆ پیاوە دەسەڵاتدار و ئەمن و هەواڵگریەكان دەبرد. دووەم بەهۆی هەژاری نەبوونیەوە زۆر بوونی بێوەژن و هەتیو دەیان شتی لەو جۆرە وەكو بێكاری و برسی بوون، (لەراستیشدا كورد هەمووی بێكار مابۆوە) ئەو توێژە لە سێەری دەسەڵاتی كوردیش هەمان كار و پیشە بۆ پیاو دەسەڵاتدارانی كورد دەكەن لە هەموو كەسێكیش زیاتر دەستیان لەناو دەسەڵاتدا دەڕوات لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا.

((كاتێ سەرانی كورد دەسەڵاتیان گرتە دەست بەهۆی شەڕی ئێراق كوێتەوە، هەرگیز شیاوی ئەوە نەبوون رابەریەتی كورد جارێكی تر بكەن...باسی ئەوەش بەدرێژی هەر لەم كتێبە لەشوێنێی دیكەدا دەكەین، بۆ.!!!؟؟))).

## گەڕی سێیەم شەڕی گەرم 1991 تا 2000

بەهۆی سەرکێشیەکان و دیکتاتۆری سەدام حوسەین و بڕیاری تاک رەوانە ((ئەمە پیشەی هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان بووە کاتێ دەگەنە ئاستێک توشی نەرجسیەت و شیزۆفرینیا و یا خەلەفاوی دێن خۆیان و میللەتکەی خۆشیان و هەمووی بەیەکەوە لەناو دەبەن))، هێرشی کردە سەر دەوڵەتی بچوکی بێ توانای کوێت و داگیری کرد وەکو پارێزگایەکی ئێراق نووساندی بەخۆیەوە، دوایی بەعسیەکانش دانیان نا کە ئەمە هەڵەیەکی گەورە و کوشەندە بوو، ئەنجامەکەشی هەروا دەرکەوت، بەر لەوە سەدام حوسەین وڵاتی کردبووە زیندانێکی گەورە و سەربڕگەیەکی گەورە و تەڕ و وشکی بەیەکەوە دەسووتاند، بەتاوان و بێتاوانی بەیەکەوە لە گۆڕ دەنا.

ئەمریکا و هاوپەیمانان لەبیانویەک دەگەڕان تا دەسەڵاتی سەدام بڕوخێنن، لە پیلانێکی نیو دەوڵەتی سەدام و رژێمەکەیان بە زەویدادا و تەفرو تونایان کرددو روخانیدیان.

لەو ئاڵوگۆڕەدا هەلێکی گەورەیی مێژوویی جارێکی دیکە بۆ کورد رەخسا، سەرکردە دۆڕاوەکانی کورد بەجل و بەرگێکی کۆن و پێلاوی دڕاو گەرانەوە کوردستان، وەکو گورگی برسی کەوتنە گیانی خەڵک و زەوتکردن و دەست بەسەرداگرتنی موڵکیەتی گشتی هەندێک بۆ خۆیان و ناردنی بەشەکەی تری بۆ دەرەوەی هەرێم، ئەو دەستپێکە خراپە ئایندەیەکی لە خۆی خراپتری لێکەووتەوە.

ئەوەی جێگای باس و لێکدانەوە بێت، لەگەل ئەو هەموو هاوکارییەی هاوپەیمانان و رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان بۆ گەلی کوردستان لەرووی ماددی و مەعنەویەوە کە بۆ هیچ گەلێکی تری جیهان بەو فراوانی و رێکوپێکیەوە نەکرابوو.

ئەو هاوکارییە وپشتگیرییە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی بەتەواوی سەغلەت و تەنگە تاو کردبوو، هەرسێ وڵات تورکیا و عێراق و ئێران کەوتنە پیلانێکی هاوبەش بۆ تێکدانی ئەو دەستکەوتە گەورەییە، پارتی و یەکێتی یەکەم شەڕیان بۆ دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا کرد، لە جیاتی ئەوەی باشووری کوردستان بکەنە بنکەیەکی فراوانی رزگار

کردنی بەشەکانی تری کوردستان هەموو چالاکیەکی حزبی دیموکراتیان هەڵپەسارد و سڕیان کرد، دووەم کاریشیان لێدان و هێرش کردنە سەر(PKK )لە مێژووی هاوجەرخی کورد بە گەورەترین شەڕی زیان بەخشی مرۆیی کورد دادەندرێ لە هەموو لایەک نزیکەی دە هەزار کەس کوژران زۆربەشیان لەوکاتدا لە گۆڕی بەکۆمەل نێژران، چەندین ساڵ بوو ئەوەی تورک پێی نەکرا پارتی و یەکێتی کردیان، بەهەر شێوەیک بووایە دەبا لەڕێگای گفتوگۆو کێشەکانیان چارەسەر بکردایە، ئەوەی سوودی لەم شەڕەوە بینی تەنیا داگیرکەرانی کوردستان بوون، ئەوەی جێگای گووتن بێت لەو کاتدا نەدەبا(PKK) دەستی لە کاروباری باشور وەربدایە جارێک مام جەلال و نووسەری ئەم کتێبە لە دیمەشق جەمیل بایکمان دیت، ئەوە دووساڵ دوای شەڕە گەورەکە بوو، نووسەری ئەم کتێبە راستەوخۆ لەگەل جەمیل بایک قسەی کردوو پێی گووت باشتر وایە بۆ خۆتان و بۆ باشوریش دەست لە ئەزمونی باشور نەدەن، دوایی کێ دەڵێ ئەو ئەزموونە سەردەکەوێ، چونکە لەو حالەتەدا ئۆبالەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئێوەوە لەو کاتدا یەکێتی پێویستی بە هاوکاری(PKK)

هەبوو، بۆیە مام جەلال ئەو قسەیەی زۆر بەدڵ نەبوو، نازانم کەی بەڵام دوای ماوەیەک بە تەواوی دوورکەوتنەوە لە دەست وەردان لە کاروبارەکانی باشوور.

دووەم شەڕی گەورە، شەڕی یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، یەکێتی زۆر بە توندی لە بزووتنەوەی ئیسلامی دا، لە هەندێ شوێن کۆمەل کوژی کردن، ئەو شەڕانەی کران ئەوندە وەحشیگەرانە بوون دەکەونە خانەی یاسای تاوانەکانی جەنگ، چونکە بە هیچ شێوەیەک پەیڕەوی یاساکانی جەنگی تێدا نەدەکرا.

سەیر لەوە دایە شەڕێکی گەورەی نێوان دوو حزبی چەکدار لە سەر قاز لە دەربەندیخان هەڵگیرسا و دوایی پەڕیەوە بۆ هەموو شوێنەکانی کوردستان و سەدان کەسی تێدا کوژرا، بێجگە لە زیانە مادییەکان، لە سووتاندنی ماڵ و بارەگا حزبیەکان زۆرشتی تریش روویدا، کە دوور بوون لە هەستی مرۆڤینی و ئاکار و رێزگرتنەوە.

لە قەلادزێ کێشە لەسەر رێزە دوکانێک هەبوون ئاڵوگۆڕی بە خاوەندارێتی کرابوو، شەڕ و ناخۆشی لە نێوان هەردوو خاوەنداری کۆن و نوێ دروست بوو،

چارەسەری کێشەکەش ئاسان بوو یەکەم ڕێکەوتنی هەردوولا بە هاوکاری کردنی هەندێ کەسی ناسراو و خاوەن کەسیەتی، دووەم پەنا بردن بۆ یاسا، سێیەم دەبا کێشەکە بنێرن بۆ سەرکردایەتی هەدوو حزب، لەوێندەر چارەسەر بکرایە، دەست تێوەردانی حزب لە بەرژەوەندی لایەک کێشەکەی ئاڵۆز کرد بە هیچ شێوەیەک نەدەبا حزب دەست تێوەردانی بکردایە و هێزی بەکار بهێنایە، ئەوەی بیستم ژمارەییەک لە پارتیەکانیان کوشت و ئاگریشیان لە جەستەیان بەردان، ئەو کات بەرپرسی یەکێتی لە ناوچەکە مستەفا چاوڕەش بوو، هەرچی و چۆنێ بێ دەبا مستەفا چاوڕەش لە ناوچەکە دوور بخرایەوە بەپێی دەستووری حزب و یاسا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرایە، شتێک کرا لە لایەن حزبەوە بەڵام بە قەدر تاوانەکە نەبوو، لەدوایدا هەندێ پینە و پەڕۆ کرا بەڵام نەتوانرا چارەسەرێکی بنبڕی بۆ بکرێ، بەڵکو ئەوە بووە هۆی ئەوەی هەموو برینە کۆنەکانیشی کولاندەوە، لێکترازان و دەربەنەکەشی گەورەتر کرد.

## هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆی گەڕی سێیەم

لە گەڕی یەکەمدا چەند هۆکارێکمان ئاماژە پێکردبوو هەروەها لە گەڕی دووەمیش چەند هۆکارێکی تریشمان خستە سەر بە پێی قۆناغە مێژووییەکە، بۆ سێیەم قۆناغیش قۆناغی شەڕی گەرم ئەو هۆکارانەشی بۆ زیاد دەکەین واتە قۆناغی دەسەڵات و بەڕێوەبردن.

دەسەڵات واتە کۆنترۆڵ کردنی دوو سەرچاوەی بە هێز یەکەمیان هێزی چەکداری و پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری تا دوایی دووەمیشیان دەسەڵاتی دارایی و پارە، هەر دەسەڵاتێک توانی ئەو دوو هێزە مادییە کۆنترۆڵ بکات دەتوانی بەسەر زۆربەی جومگەکانی کۆمەل و ژیان و هەتا سەرچاوەی بژێوی مرۆڤ دابگرێ.

**با بێینە سەر خاڵە گرینگەکان:-**

**یەکەم:-** نەبوونی متمانە بەیەکتری، گەواهی ئەوە دەدەم زۆر جار لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەند جارێک گوێ بیستی ئەوە بوویمە.. با دەسەڵات بدەینە پارتی و وەک ئۆپۆزیسون کار بکەین لە هەلبژاردن دەتووانین لێیان ببەینەوە و دەسەڵاتیان لێ وەربگرینەوە، چونکە پارتی ناتوانی دەسەڵات بەڕێوە ببات، بەرامبەر بەوە لایەنەکەی دی دەیگووت ئەگەر دەسەڵاتیان بدەینێ هەمووومان دەکوژن، بۆیە نابێ دەستبەرداری دەسەڵات بین.

((زۆر جار ئەوە دەڵێم مەرج نیە ئەوەی لە دەسەڵاتە بتوانێ پتر خزمەتی گەل بکات بەڵکو زۆر جار ئەهمیەتی ئۆپۆزیسیۆن پترە لەوەی کە دەتوانێ بەلانسی دەسەڵات رابگرێ و نەهێلێ بەو لاو بەم لادا بڕوات)) کێشەی هەرە سەرەکی دەسەڵاتی کوردی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنە، ئەوەی لە هەموو شتێ سەیرتر ئەوەیە حزبە دەسەڵاتدارەکان زۆر جار ئۆپۆزیسیۆنەکان دەخەنە خانەی دووژمن، ئەمەش ئەو پەڕی نەزانی دەگەیەنێ، لە جیاتی وەرگرتنی ئەو حالەتە سروشتیە لەپەرەسەندنی کۆمەل دروشمێکی

هەڵە و ناواقیعیانەیان بەرز کردووتەوە ئەویش یەکرێزیە ئەمەش لەگەڵ یاساکانی پەرەسەندن و ناتەبایی یە سروشتەکانی دیالێکتیک یەکتر ناگرێتەوە، ئەوە لە بناغەدا واتای کۆمەڵێکی دواکەوتوو و خێلەکی دەگەیەنێ، و دەست و قاچی کۆمەڵ کەلەپچە و سندم دەکات ناهێلی گۆڕانکاری بەرەو پێشەوە ئەنجام بدرێ، وا دەکات هەموو شتەکان سڕبکرێن و قەتیس بکرێن، ئەوە گەورەترین کارەساتی ناو کۆمەڵی کوردی بووە.

**دووەم:-** غاردان بە دوای پارەو بەژەوەندیە تایبەتیەکان، دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی دارایی پێویستی بەهێز هەیە، بۆیە هەردوو لا ئەرکی سەرەکیان خۆبەهێز کردن بووە، هەتا ئێستاش هەروایە گومانی تێدانیە بەریەککەوتنی ئەو هێزانە ئەنجامەکەی شەڕی ناو خۆیە، هەر ئەمەش وایکرد ئەو قەواریە هەروەکو دەسەڵات بمێنێتەوە و نەبێتە حکومەتی خەڵک.

**سێیەم:-** بەهۆی خاڵی یەکەم و دووەمەوە، دەسەڵاتی کوردی بۆ بەڕێوەبردن پشتی تەنیا بە حزبەکانی خۆیان بەست، ئەوە وایکرد کەسانی بێ توانا و بێ

کەفائەت جومگە سەرەکیەکان بگرنە دەست و کاری بەڕێوەبردن لە کەسانی پاک و وڵات پەروەر لە دەسەڵات دوور بخەنەوە و کەسانی هەڵپەرست و بێ توانا جێگایان بگرنەوە ئەوەش دانانی یەکەم بەردی بناغەی گەندەڵی و شەڕی نا خۆ بوو.

**چوارەم:-** کێشە لەسەر ئەوە بوو کە کێ کەسی یەکەمە و ئەو دەبێ لە پێش کێ بڕوات کامیان دەتوانی دەوڵەتی کوردی دروست بکات یان دەتوانی نوێنەرایەتی کورد بکات لە سەرئاستی دەرەوە و ناوەوەی وڵات؟؟؟، لە ئەنجامدا هیچیان نەبوون، وەکو دیارە ساڵانی یەکەمی دوای ڕاپەڕین ئەستێرەی کوردی لە گەشاوە دابوو ببووە جێگای بایەخ و گرنکی کۆمەڵی نێودەوڵەتی کەچی ئەمڕۆ ئەو ئەستێرە گەشە بەهۆی کێشە کەسیەکانەوە بەرەو کوژانەوە دەچێت.

لەگەل ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر کورد داهاتووە، نابێ مرۆڤی کورد بێ هیوا بێ، بەڵکو ئەو هەڵە و چەوتیانە دەبێ ئەوە فێری تاکەکانی کۆمەل بکات و بەدوای ڕێگا راستیەکاندا بگەڕێ تا بە ئامانج دەگات، ئەوەش بۆ ئەمڕۆ کار و ئەرکی هەرە لە پێشی مرۆڤی کوردستانە.

**پێنج:-** سەیری ئەو گاڵتە جاریە بکەن شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لە چییەوە دەستی پێکرد، شەڕ لە سەر چەند مەترێک زەوی..دوایی شەڕ لە شەڕە پەڕۆ، دوایی تاڵان و بڕۆ، دوایی بەکۆمەڵ کووشتن و شوێن بزرکردنی کەسە کوژرا و تیرۆرکراوەکان دوایی دەرکردن و ئاوەرەکردن لەسەر دەستی دوو حزبی شەڕکەر، ئێستا هەموو داتاکان لە ئەڕشیفی حزبە شەڕکەرەکاندا ماون.

ژمارەی شوێن بزرەکان لە نێوان(400 تا 500)کەس دەبن، هەتا ئێستاش هەردوو لا بەدوای لە سۆراغیان دەگەڕین دوا زانیاریش لە لایەن هەردوو حزبەوە لە نێوان خۆیان دانیان بەوە دانا کە ئەمانە نەماون با بە شەهید دابنرێن.

لەو شەڕەدا جێل، مانگا، مەڕو بزنیش کوژراون، بێ گومان ئەو شتانەش هەرماون لە ئەرشیفی حزبەکان.

**شەش:-** ئاسایی بوونی جوێن و ناو ناتۆرە کوردستانیان کردە شەڕە گەڕەک، هەرچی کردار و رەفتاری خراپ هەبوو کە پێشر وەکو شەرم باسدەکرا، بوون بە شتێکی ئاسایی، لە هونەری جۆرەکانی جوێن یەکتر تاوانبار کردن بەخایین خۆفرۆش و نۆکەری

بێگانە داهێنانیان دەکرد، کەسیش نەبوو بڵێ وامەلێن و بڵێن ئێمەش هەموومان هەر کوردین سەرکردەکانی کوردیش هەر بەو قسەو جوێنانە هەر پێدەکەنین، نەیان دەزانی رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ دادێ لە لایەن خەڵکەوە جوێنەکان بەخۆیان دەرێتەوە ڕۆژانە لە سوسیال میدیاکان گوێ بیستی قسەی وادەبی لە هیچ فەرهەنگێک نایدۆزیتە و ئەو شەڕە ناوخۆییە دوو بەرهەمی پڕ شەرمەزاری بەرهەم هێناوە.

**یەکەمیان:-** زاڵ بوونی فیکر و کردەوەی نا عەقڵانی.

**دووەمیش:-** بەرەو کار و رەفتاری بێ ئەخلاقی و پەرەپێدان و پەرەسەندنی وەکو ئەوەی پرۆگرامی بۆ دارێژرابێ وادێتە بەر چاو.

لە شەڕی نامرۆڤانەی پارتی و یەکێتی دا، کاری وا کراوە دیلەکانی لەشکری داگیرکەری ئیسلام و تورک و فارس و بەعسیەکان بە بیر خەڵک دەهێنایەوە کوشتنی دیلەکانی کورداوە و دۆلی بالیسان و کەپکی حەمەداغا و مەسیف و شیراتۆن چۆن لەبیر دەکرێ.

دوای دەیان ساڵی تریش بێت نەوەکانی ئایندە لەو جۆرە تاوانانە خۆش نابن و لێکۆلینەوەی لەسەر دەکەن و لا پەڕەکانی مێژووی سەقەت و ناعەقڵانی

دژوواریان هەر هەڵدەدەنەوە، مێژوو ڕەحمی بەکێ کردووە تا بە تاوانبارانی شەڕی ناو خۆ بکات.

**حەوت:-** گەورترین هەڵگەڕانەوە..لە دوای ڕاپەڕینی خەلک، دوایی دەرکردنی تەواوی دامودزگاکانی دەوڵەت و سوپای عێراق لە کوردستان بەهۆی فشاری هاوپەیمانان، سەرەتا بۆشایی بەڕێوەبردن دروست بوو و بەرەی نیشتمانی جێگای دەزگاکانی حکومەتی گرتەوە، حزبەکانی ناو بەرەی نیشتمانی بە هاوبەشی سەرپەرشتی کاروبارەکان و بەڕێوەبردنی دەکرد، هەتا لە داهاتەکانیش وەکو گومرکی سنوورەکان بەشدار بوون، پارتی و یەکێتی وردە وردە خولیای کۆنترۆلکردنی دەسەڵاتیان تیادا گەشەی کرد، لە ماوەیەکی زۆر کورت هەلبژاردنیان هێنا گۆڕێ، لە پێناو دووشت یەکەم دەستگرتن بەسەر تەواوی سامان و داهاتی کوردستان، دووەم دوورخستنەوەی حزبە بچوکەکان و هەڵوەشاندنەوەی بەرەی نیشتمانی، لە ڕێگای هەڵبژادنەوە هەردوو ئامانجیان جێ بەجێ کرد و پارتی و یەکێتی کوردستانیان لە نێوان خۆیان دابەش کرد، پەرلەمانێکیان دروست لە سەر ئینتمای ڕەهای(موتلەق) حزبی، ئەوە یەک لە خاڵانە بوو قوڕی

بەسەر کورد کرد پەرلەمان بۆ ئەوەیە گەل حوکم بکات، کەچی لە کوردستان دەسەڵاتەکە بوو بە دەسەڵاتی حزبی و بووە گەورەترین هەڵگەڕانەوە لە دیموکراتیەت.

لەوەش کارەساتبارتر ئەوە بوو جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانی خۆیان لە سەروی پەرلەمان و حکومەت دانا وەکو رابەری روحی خۆیان نیشان دا ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەی جەرگبڕبوو، دوایی بووە هۆکارێک لە تێکدانی بارودۆخی کوردستان، لە دانانی حکومەتیش سەرەتا دەیانویست حکومەتێکی مەدەنی دابنێن بۆ ئەمەش دکتور فوئاد مەعسوم داندرا کەسێکی گونجاو بوو، دەشیویست بە بێ لایەنی کاربکات، لە دامەزراندن و تا ئەندازەیەکیش لە دابەش کردنی داهات، پارتی کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی وەرگرتبوو پەشیمان ببۆوە، چونکە کاروباری دەوڵەت لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی یاساکان دەکەوێتە دەست ئەنجومەنی جێ بەجێ کردن، لەمەدا پارتی وەک پێویست نەیدەتوانی هەرچی دەیەوی لە حکومەت بیکات لە کاروباری بەڕێوەبردنیش ردێن سپیاتی

نایخوات، یەکێتیش دەیویست زیاتر خۆی لە ناو دەسەڵات قایم بکات بەتابیەت لە دانانی کەسەکان بۆ راپەڕاندنی کاروباری حکومەت دکتۆر فوئاد کەوتە ناو بەرداشی هەردوو حزب، لەگەل زیاد بوونی کێشەکان لە هەموو لایەکەوە کێشەکانیش دەگوازرانەوە بۆ ناو حکومەت، بەهۆی ئەوەش سەنتەری دەسەڵات و بڕیاردان لە دەرەوەی حزب بوو، لە دوای هەموو بڕیارێک دەبا هەردوو رابەرە رووحیەکان دوا بڕیاری لەسەر بدەن، ئەمە وای کرد ناوەرۆکی دەسەڵاتی بۆش و بێ ئەهمیەتکرد.

واتە هۆکاری سەرەکی دروست بوونی کێشەکان و دوایی شەڕی ناوخۆ ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی چونکە دەبا هەردووکیان بەشدار بوونایە لە ناو ئەنجومەنی یاسا دانان و جێ بەجێ کردن و هەر کێشەیەک هەبووایە لە ناو دەسەڵات چارەسەریان بکردابایە، بەو پەڕی راشکاوی یەوە هەتا ئەمڕۆش کوردستان پەرلەمانی نیە و نەبووە، نان خۆر و جێگربوونە و دیوەخانی ماڵی بارزانی و تاڵەبانی بووە، بەهۆی ئەو نەزانین و تێنەگەیشتنەوە حکومەتی دکتور فوئادی هەڵوەشایەوە

یەکێتی ڕمی خۆی چەقاندوو گووتی حکومەتی پێشمەرگەییمان دەوێ کۆسرەتیان لە جێی دکتور فوئاد دانا بەڵام بە مەرجی رازی بوونی مەسعود بارزانی ئەویش رازی بوو، هەرواشیان کرد، ئەوە لە جیاتی کێشەکان هێور بکاتەوە و چارەسەریان بۆ دابنێ قوڵتر و ئاڵۆزتری کرد.

## ڕووداوە تاڵ و پڕ کارەساتەکان:-

لەم گەڕەدا زیانە ماددی و روحیەکان دەخەمە دواوەی سێیەم گەڕ، مەبەست ئەوەیە هەموو شتەکان بخۆێننەوە و دوایی مەزەندەی خۆتانی لێبدەن.

کاتێ یەکەم گوللەی شەڕی ناوخۆ لە قەلادزی دەنگی لە سەرەتای مانگی پێنجی(19)هات هەروەکو لە پێشدا گووتم لە سەر چەند دوکانێک بوو لە نێوان کەسانی سەر بە پارتی و یەکێتی، کوشتاری زۆری لێکەوتەوە لە هەردوولا، دوایی ئەوە شەڕەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو هەندێک لە کوژراوانی یەکێتی خەڵکی رانیە بوون، کاتێ مەیتی کژراوەکەیان هێناوە، دانیان بەخۆیاندا نەگرت هێرشێکی توونديان کردە سەر بارەگای لقی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەنجامی شەڕەکەدا مستەفای سالح بەگ کە پارتی بوو کوژا، بەپرسی لق ئەو کات ئازاد قەرەداغی بوو خۆی گەیاندە ماڵی مستەفا جاوڕەش و بەسەلامەتی مایەوە، دوای ئەوە بارەگای لقیان چۆل کردوو هاتنە سنوری پارێزاوی پارتی، ئەوە دەست پێکی شەڕی ناوخۆبوو بەلام بەر لەو شەڕە شەڕە پەڕۆی کەسک و

زەرد لە گەرمەیدابوو، ئەو شەڕە کە کوشتاری لە ناوچەیەکی خێلەکی لێکەوتەوە و گەڕان بە دوای تۆڵە بینای شلۆقی دەسەڵاتی کوردی هەژاند دوای ئەمە شەڕ گەیشتە سلێمانی پارتی بارەگای لقی تێکنا و بەرەو هەولێر هاتن لەو کاتەدا دەیان رێککەتن و بەڵێن بەیەک و دوو دەدرا کە شەڕەکە بوەستێنن رێککەوتنەکان هەر چەند سەعاتێکی دەخایاند لە شوێنێکی دی سەری هەڵدەدایەوە، کاتێ بارەگای لقی سلێمانی چۆل کرا، ئەو کات حەسەن کوێستانی بەرپرسی مەڵبەند بادینان بوو و ئەویش بارەگاکەی چۆل کرد دەیویست بچێتە بەری ئێران و لە وێندەر بگاتەوە سلێمانی، کاتێ گەیشتە چۆمان لەو دەڤەرەرە کە پۆلێک پێشمەرگەی لەگەل دابوو کەووتنە ناو بۆسەی حزب اللەی شۆڕشگیری کوردستان و قەتل و عام کران و دەست بە سەر چەک و سیارەکانیشیاندا گیرا، ئەمەش قورەکەی زیاتر خەستکردەوە.

کاتێک هێزەکان کەمێک لێک دوورکەوتنەوە هەروەستەیەک کراو گفتو گۆ دەستی پێکرد و چەند رێککەوتنێک کرا بۆ چەند رۆژێک شەڕەکە وەستا لەو ماوەیە هەولدرا هێزەکان بگەڕێنەوە جێگای خۆیان

ئەو جارە یەکێتی هێزێکی پێشمەرگەشی رەوانی ئاکرێ کرد.

دوای ماوەیەکی کورت شەڕ سەری هەڵدایەوە شەڕەکە وەکو ئاگری بن کا وابوو لێرە دەکوژاوە و لە شوێنێکی دیکە سەری هەڵدەدایەوە، تا وایلێهات شەڕی شاخ بەتەواوی گوازرایەوە بۆ ناو شارەکان ئەو جارە خەڵکیش بوون بە دوو بەش ماڵ لەگەل ماڵ قسەی نەبوو شیرازەی زۆری خێزانەکان بەهۆی یەکێتی بوون پارتی بوون تێکچوو بوو، هەرگیز بڕوا نەدەکرا یەک نەتەوە بن، هەردوولا لە سەرەوە بەڵێنی ئاشتی و راگرتنی شەڕیان دەدا لە ژێرەوەش پیلان دژی یەکتر رێکدەخرا.

بەر لە قۆناغی دووەمی شەڕ کەمێک ئارام بوونەوە روویدا، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند ئاگری شەڕ هەڵگیرسایەوە زۆر دژوارتر لە پێشان، ئەوجارە هێرش کردن بۆ سەریەک و شەڕە تۆپی هاوەن و تۆپی دوور هاوێژ دەستی پێکرد پارتی لە مەسیف و سەری رەش بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی تۆپباران دەکرد، یەکێتیش تۆپەکانی بردبووە دەربەندی گۆمەسپان سەری رەشی تۆپاران دەکرد، لە جەولەی

یەکەم و دووەم دەیان و سەدان پێشمەرگە کوژران لە سنووری دەسەڵاتی هەردوو حزبیش یەکتریان تیرۆر دەکرد و شوێن بزریشیان دەکردن.

شەرێکی دوواکەوتووانەی هەرەمەیی و بێسەرووبەر لەوکاتدا عەیب نەبوو ئەگەر بێژت لە کورد بوونی خۆشت بکردایەوە بەهۆی بەلانسی هێز لە ناوچەکان هەریەک هێزەکانی خۆی بەرەو پارێزگای هەولێر دەهێێنا خەڵکی پارێزگای هەولێر بە گشتی بوونە قوربانی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەو شەڕانە لە ساڵانی(1994و1995)بوون تاگەیشتە ساڵی(1996) ئەو کاتە و پێشتریش جارووبار بەهۆی فشاری ناو خۆ دەرەوە دەوەستا هەردوولاش مۆریان لەسەر دەکرد کەچی بەر لەوەی مەرەکەبی رێککەوتنەکان وشک ببنەوە، شەڕ هەڵدەکیرسایەوە، لە بەر دەوام بوونی شەڕەکانیش دەوڵەتە داگیرکەرەکان رۆڵی سەرەکیان تیدا دەبینێ بۆ نمونە رێککەوتنامەی دبڵن هەرزوو تورکەکان تێکیان شکاند ئەو رێککەوتنەی لە ئەمریکا کە وەزیری دەوەوەی ئەمریکا مارکرێت ئۆلبرایت سەرپەرشتی کرد و سەری نە گرت، هەوڵە جیدیەکانی فەرەنسا فرانسۆ میتران ژنەکەی مادام میتران دەیان و

سەدان کەسایەتی جیهانی ئەوەندەی هەوڵیان دا شەڕەکەیان پێ رانەوەستا تا بێزار بوون هەر خەریکی کورد بوون، لەوەدا مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کورد ئەو کات شیاوی ئەو هەموو جۆرە بایەخدانە نەبوون.

لەراستیشدا سەرکردەکانی کورد گەلێکی دێرینیان لە بەردەم تەواوی کۆمەڵی نێودەوڵەتی شەرمەزار کرد، کۆمەڵێک سەرکردە و کادری لێهاتوو کوژران.

بە ئازاروە ئەو قسەیە دەڵێم گەلێکی خاک داگیرکراو و دابەشکراو و ستەم دیدە و زولملێکراو بەدرێژایی مێژوو هەمیشە ئەوەی بەخوێن بەرهەمی دێنێ لەلایەن سەرکردەکانی کورد لە بازارەکاندا کڕین و فرۆشتنی پێدەکەن و لەسەر مێزی قومار دەیدۆڕێنن..

هەردوو هێزی شەڕکەر پشوویەکیان دان و کەوتنەوە گفتوگۆ ئەوجارە بەنیازی ئەوەی بە تەواوی کێشەکان بنبڕ بکەن، هەردوو لا فایلەکانی خۆیان ئامادە کرد و بەندە نووسەری ئەم کتێبەش لە هەموو جەلسەکان ئامادە دەبوو کە بەدەیان جەلسە ئەوجا هاتنە سەر مۆرکردن، بەندە کە لەسەروبنی شتەکانم دەڕوانی بە هیچ شێوەیەک بڕاوم بەو رێککەوتنە نەبوو، لەگەل ئەوەش ناویان نا رێککەوتنی ستراتیجی زۆرکەم مابوو

مۆر بکرێ، بەندەش قسەی خۆی کرد گووتم چل ملیون دینارتان بۆ چیە بۆ پێشمەرگە، ئێستا لەو کاتەدا (62) شەست و دوو دەوڵەت پارێزگارییان لە کوردستان دەکرد گووتم باشتر وایە هێزێکی بێلایەن دروست بکەن بکەونە چەکدار کردنی مەشق پێکردنی وردە وردەش بکرێت بە هێزێکی نیشتمانی، ئەوە بنبڕی شەڕی ناو خۆ دەکات، مسعود بارزانی قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکەی بێشی دانا و جەلال تاڵەبانیش بە چاوێکی زەق تەماشای کردم، بێ ئەوەندە بیر لێکردنەوە گووتم ئەو پارەیە بۆ شەڕی ناوخۆیە، فەرەنسۆ هەریری هەنیشکەکی لە قەبرغە دام گووتی دەوازبێنە هەر شیوعی، عومەر فەتاحیش لەو لاوە گووتی ئەو قسەیەت بۆ کرد، دەمێک هەروەستەکیان کردوو هەموو هەسانەوە لە ئالوگۆڕ کردنی فایلی زەرد و سەوز، ئەوەندی پێنەچوو شەڕ(دە)هێندەی جاران دژوارتر دەستی پێکردەوە و جەولەی سێیەمی شەڕ هەڵگیرسا، تەنیاشتێکی بۆ زیاد کرا ئەویش شەڕە پاتار و تاڵانی یەکتر دەستی پێکرد، ئەوەی بۆ من مایەوە بەدوای چەند مانگێک نووسینی کتێبێک بوو بە ناوی رۆژگارە سەختەکانی کورد و قەیرانی

سەرکردایەتی، لە دوای ڕێککەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی مەڵبەند و لقەکان گەڕانەوە جێگای خۆیان، دەست بە کاری حزبی کرایەوە، پارە و پولێکی زۆریشیان لە چاککرنەوەی بارەگاکان خەرج کرد، بازاری کڕینی مێز و قەنەفە گەشایەوە، بەندە کرا بە بەر پرسی دەڤەری بادینان واتە بەر پرسی(3)سێ مەڵبەند ئاکرێ، دهۆک، نەینەوا چەند مانگێک کارەکە خراپ نەبوون بەڵام هەستم دەکرد عەقڵەکە نەگۆڕاوە بارودۆخەکەم وەکوو نارنجۆکێکی کات بۆدانراو دەهاتە بەر چاو روحی یەکگرتن و متمانە نوسکەی لە بەر بڕا بوو ئێمە لە سنوری خۆمان هیچ کارێکمان نەکرد کە بینە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ بەڵام ئەو شەڕە دواکەووتوانە پیس و پاکی لێکنەدەکردەوە، لە شەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوو، لێدە و هەقت نەبێت، ئەوەی پێمان کرا کردمان، مەیتی هەردوو کادری یەکێتیم هێنایەوە (ڕێباز و مەلا سلێمان) ئێستا لە بیرم نەماوە ئەوجارە لە کوێندەری بن کایەکە ئاگرەکە دایگرتەوە چ داگرتنەوەیک لە ماوێ چەند کاتژمێرێک هەموو کوردستانی گرتەوە و لە گۆمی خوێنی گەوزاند ئێمەش لە بادینان بە پرە پڕ و

لەڕێگای گۆڕینەوەمان بە جەوهەر نامیق و دکتۆر رۆژ، دەربازومان بوو، ئەو جارە شەڕەکە زۆر دژوارتربوو بێجگە لە شەڕی خەڵەکان و لێدە و راکە لە زۆر شوێنی کوردستان بووە شەڕی بەرەیی، واتە دەستگرتن بەخاک و فراوان کردنی سنوری قەڵەم رەوی، بە سەدان کەسیان لەسەر گردێک یا گەڕەکێک بە کوشتن دەدا، عەقل و وڵات پەروەری و مرۆڤدۆستی نەمانای مابوو نە بوون، ئەو کەمە عەقڵانیەش کە مابوو ئەویش نەما، ئیتر لەو کاتەوە گلۆلە و بەختی کوردستان کەوتووتە لێژی و هەرواش بەردەوامە و بەرەو خوارەوە دەخزێ.

موعجیزەکانی عەقڵی بەشەری جیهان، داهێنانی گەورەی باشی لێکەوتووتەوە، هی کوردیش قوڕ پێوان، لە ئەنجامی شەڕەکان تا وایلێهات هێزەکانی پارتی و یەکێتی جێ پێی خۆیان لە بەرەکان قایم کرد، سنوری قەڵابەندیشیان لە نێوان خۆیان دانا تاکە شوێن کە مابوو سەنتەری شاری هەولێر بوو، ئەدی شەڕی ناو هەولێر چۆن بوو!!؟؟؟

بەراستی ئەوەی لە هەولێر و دەور و پشتی روویدا کارەساتێک بوو بۆ خۆی یەکێتی هەموو هێزەکانی

گەرمیان و سلێمانی رانیە هێنابووە هەولێر و دەوروبەری پارتیش بە هەمان شێوە هێزەکانی لە هەولێر و دەورووبەری کۆ کردبۆوە دەتگووت لەشکری دوو وڵاتن بەرامبەر و رووبەڕووی یەکەوە وەستاون هەمیشە دەستیان لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ بوو، هێزەکانی پارتی بە نیوبازنە لە کەلەکەوە تا دەگەیشتە کەسنەزان بە دەست پارتی بوو نیوبازنەکەی دی بە دەست یەکێتی بوو لە کەلەکەوە تا دەگەیشتە کەسنەزان، واتە بەری سۆرانیەکانی هەولێر لە دەست یەکێتی دابوو بەری بادینیەکەش لە دەست پارتی دابوو، لەناو هەولێریش جادە و گەرەکەکان دابەش ببوون.

هەنگاو بەهەنگاو رۆژانە بازنەکە تەسکتر دەبۆوە جاروباریش رێککەوتنی شەڕ راوەستان دەبوو لەو کاتەدا ئەگەر لێم نەگرن جارێکی دی ئەو قسەیەش دووبارە دەکەمەوە لەو کاتەدا لیژنەیەکی ناوبژیوان پێک هاتبوو لە نێوان یەکێتی و پارتی لە پارتی مەلا محەمەد و یەکێتیش بەندە کاتێ لە هەر شوێنێک شەڕ دەبوو دەبا وەکو سەیارەی ئاگرکوژێنەوە بگەینە جێگاکە و شەڕەکە راگرین زۆرجاریش هەر ئەوەتە

خۆمان پێ رزگار دەکرا شەڕی بێ پرنسیپ و ناعەقڵانی بەکێ بەرزەفت دەکرێ، جاری واش هەبوو سەردەکەووتین لەو بازنەی دەوری هەولێر بە سەدان کەس کوژران لە کادر و پێشمەرگە و فەرماندەکانەوە، لە راستیدا پارتیەکان وردە وردە دەشکان و شوێنەکانی خۆیان بەر دەدا، لە لایەکی ترەوە لە هەموو شوێنەکانی تر کوشتن و تیرۆر و شوێن بزرکردنی ئەندام لایەنگرەکانی پارتی و یەکێتی بەردەوەم بوو.

تا گەیشتە ئەو ئاستەی پارتی تەنیا بارەگای لق و شیراتۆنی بە دەستەوە مابوو.پارتیەکان لەسەر شیراتۆن بەرگریان دەکرد تا مەودای چەکەکانیان بەرگریان دەکرد و تا ئاستێک هاتوو چۆیان راگرتبوو، بەرامبەر بەوە یەکێتی تۆپی(106)سەد و شەشی بردە سە قەڵات، لەوێندەر دەیتوانی لە شیراتۆن بدات، بەم کارەیان توانی سنوورێک بۆ چالاکیەکانی پارتیەکان دابنێ، لە ئەنجام دا یەکێتی لە هێرشێکدا توانی بچێتە ناو شیراتۆن و داگیری بکات پارتیەکان هەندێکیان کوژران و هەنێکیشیان بەدیل گیران، دیلەکان لە هەردوو لا چارەنوسیان بەزۆری مردن بوو، هەنێکیشیان هەڵاتن خۆیان لە بارەگای حزبی شیوعی

شاردەوە ئەوانە سەلامەت دەرچوون، سێ ئافاتی گەورە هەیە لە جیهان تەنیا مالوێرانی لەگەل خۆی دەهێنێ مرۆڤ زۆرکەم دەزانی کەی دێت و کەی تەواو دەبێ و ئەنجامەکەشی چۆنە و چی دەبێ، ئەو سێیەش،(لافاو هەلستان، ئاگر کەوتنەوە و سێیەمیش شەڕ) گەلی ستەم دیدە و زولملێکراوی کورد هەرسێکی بە چاوی خۆی بینی چەکی کیمایی و ئەنفال و کۆڕە و بەرباران و جۆرەها شەڕیش، لە شەڕی داگرکەر تا دەگاتە شەڕە چەپەل و قێزەونەکەی ناوخۆ کە لە هەموویان پڕ سفت و سۆ ئازاربوو.

لەدوای گرتنی شیراتۆن پارتی تەنیا بارەگای لقی لە دەست مایەوە و شار کەوتە دەست یەکێتی، لەناو یەکێتی دوو ڕا هەبوو یەکیان ئەوە بوو با دەست لە لق نەدەین ئەوە رای کۆسرەت بوو بەپلەی یەکەم، دووەمیش داگیر کردنی لق ئەوەش داخوازی جەلال تالەبانی بوو، لە ئەنجامدا رایەکەی جەلال تالەبانی سەریگرت و بارەگای لقیش گیرا، یەکێتی توانی دوا ڕمی خۆی بچەقێنی و پارتی بە تەواوی لە هەولێر دەرپەڕێنن.

کاتێ هەولێریش داگیرکرا یەکێتی تەپڵی سەرکەوتنی لێدا و لە خۆی بایی بوو جەلال تاڵەبانی دەیگووت پارتی دەبێ هەتا هەتایە تەنیا بەدووربین تەماشای هەولێر بکەن.

کاتێ یەکێتی هەولێری گرتەدەست دوو کۆسپی گەورەی لە پێش بوو، یەکەمیان بارودۆخی ئاسایشی هەولێر زۆر خراپ بوو، دووەم لە رووی داراییەوە بەرەو خراپی دەرۆیشت، یەکێتی کەوتبووە دوڕیانێک و بەدوای چارەسەریدا دەگەڕا، بۆ بارە ئاسایشەکە مام جەلال لێژنەیەکی پێکهێنا لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە قەلاچۆلان کە نوێنەری(UN)و خاچی سور و دەزگای پۆلیس و ئاسایش ئامادە بوون بەندەی کردە جێگری خۆی لە هەولێر و سەرپەرشتی کردنی لێژنەکەشی خستە ئەستۆی من، لێژنە لە بەرپرسی مەڵبەند عدنان مفتی و جێگری وەزیری ناوخۆ لیوا موسی کە رۆلی وەزیری دەدیت و لەگەل بەرپرسی ئاسایشی گشتی حاکم قادر هەوڵی زۆر درا بۆ کۆنترۆلی وەزعەکە و توانرا سنورێک بۆ توندوتیژی و هێرش کردنە سەرماڵان و گرتن و شوێن بزرکردن دابنێ، دەهات هەولێر بەرەو ئارامی بڕوات، هەر لەو کاتدا یەکێتی بە دوای

پشتووپەنایەک دەگەڕا، ئەوکات مام جەلال لە کۆیە دادەنیشت چاودێری هەولێری دەکرد، کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبونەوەیەکی گرێدا، بەسەرپەرشتی کۆسرەت تایبەت بوو بەوەی ڕوو لە چ لایەک بکەین لە کۆبوونەوەکە دوو بۆ چوون باسی لێکرا، یەکێتی ئەمریکا هەڵبژێری یا ئێران، هەموو رائیان لەسەر ئەوەدا با لەگەل ئێران رێککەوین، تەنیا یەک رەئی هەبوو کە پیویستە لەگەل ئەمریکا نزیک بینەوە، ئەویش رەئی من بوو، لە کۆبوونەوەکە بڕیاردرا وەفدێک بچێتە لای مام جەلال پێی بڵێ رەئی سەرکردایەتی لەگەل ئەوەیە لەگەل ئێران رێکبکەوین دوو کەسیان دیاری کرد یەکەم دکتۆر فوئاد مەعسوم هی دووەمیش بەندە، کاک کۆسرەت گووتی بە مەرجی نابی رەئی خۆت بە مام جەلال بڵێی، شەو بەڕێکەوتین سەعات دووازدەی شەو گەیشتینە کۆیە لای مام جەلال، کاک دکتۆر نامەکەی دا بە مام جەلال، کاتێ نامەکەی خوێندەوە زۆر تووڕە بوو ئاگری لەچاوی دەباری گووتی دەتانەوێ بەو تەمەنە و بەو ریشە من بکەن بەجاش بەتوندی وەڵامی سەرکردایەتی دایەوە، واپێدەچێ ئێران ئەوەی زانیبێتەوە، لەدوای ئەوە ئێران و پارتی

بزووتنەوەی ئیسلامی ڕێککەوتن هێرشێکی گەورەیان کردە سەر هەڵەبجە و داگیریان کرد، ئەوە وایکرد مام جەلال هەروەستەیەک بکات و جارێکی دیکە ڕوو بۆ لای ئێران وەرگێڕێ، ئەوەشیکرد بەڵام بەدڵنیاییەوە هەنگاوی ناچاری بوو کە ڕێک کەوتەوە لەگەل ئێران هێرشێکی پێچەوانەی بۆ سەر هەڵەبجە کردو جارێکی دیکە پارتی و بزووتنەوەی لە هەڵەبجە دەرکردەوە.

لە دەورووپشتی هەولێر شەڕ بەردەوام بوو، لە شەڕەکان زۆر جار تۆپی دوور هاوێژ بەکار دەهێنرا شەوانی هاوین بوو لە هەموو لایەک بروسکەی ئاگری تۆپەکان دەبیندرا و دەنگەکانیش خەوی لە دانیشتوانی شاری هەولێر هەراسان کردبوو، بەرۆژیش کاتی کۆدەبووینەوە دەنگ و باسی بەرەکانی شەڕ دەهاتن، ئەو شوێنە گیراو و لەوێندەر چوونە پێش و فلان گردو لووتکەیان داگیر کرد، هەواڵەکان بەسەرکەوتن ژێر کەوتنەکان وەک دەڵێن فلسێکی قەڵپی نەدەهێنا، بۆ ئارامی دەروونیش دەبا پەنا بۆ حەبی پاراسیتۆل ببەی، شەوانیش کاتی نووستن دەبا بەتانی لەسەری خۆت بئاڵێنی بۆ ئەوەی کوێت لە دەنگی تەقەی تۆپ و تفەنگ نەبێت، بڕوا بکەن درۆتان لەگەل ناکەم وام

هەست دەکرد لەگەڵ دەنگی هەر تەقەیەک، وام دەزانی دیوارێکی وڵاتەکەم دەڕوخێ، کۆڕی تازییەکی نوێ دەبەسترێ، جلە رەشە خەماوییەکان زیاد دەبن، بەیانی منداڵە هەتیوێکی دیکە دەبینم، پیاوێکی پیر و ژنە دەرۆزەکەرێک لەسەر شەقامەکان کەوتوون پیاوانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش لە سەر دیواری سەر سنورەکان سەرەتاکێ دەکەن و پێمان پێدەکەنن، کاتێ دەبینن کورد بە دەستی خۆی ئاگر لەماڵ و جەستەی خۆی بەردەدات، بە ناو سەرکردە بێ هەستەکانی کوردیش هەر لە کۆکردنەوەی ئامرازی شەڕ دابوون، گوناح بوو ئەوکاتە بڵێی کوردستان بەڵکو ببوە تاریکستانی عەقڵ هۆش و ویژدان، تۆ وەرە منداڵی خۆت سەر ببڕی و پێشکەش بە داگیرکەرانی بکەیت، تۆ وەرە سەیر کە ئەو هەموو خوێنەی لە پێناو ئازادی رزگاری رژا ببێ بە بڵقی سەر ئاو ئەو ژینگە جوان و خەزینەی ژێر زەوی بکرێت بە گۆڕی بەکۆمەل، بیرت دەکردەوە ئەم گەلە بۆ خوایەک و فریاد رەسێکی نەبوو و لێی هەڵنەکەوت.

لە شەڕەکانی کانی قرژاڵە چەندین جار هێرش و هێرشی دژ بەیەک کراو دەیان کەس کوژران هەمان

سیناریۆی شەڕ لە بەرەی عەنکاوە رۆژانە بەردەوام بوو پارتی چەند جارێک لە رێگای مەسیف و کەسنەزان هێرشیان کرد هەموو جار دەشکان و بەکۆمەڵێک کوژراو دەگەڕانەوە، من لەوە دڵنیا بووم ئەوەی لە شەڕەکان لە دەستیان دەدا بە ئاشتی و دیالۆگ دەیان پاراستن و لەوکاتدا هەموو شتێک ئامادە بوو تەنیا عەقل دواکەوتبوو و نەبوو، کاتێکی ئەو هۆکارانەی شەڕ لە پێشەوە ئامارژەم بۆ کردووە هەر ئەوەی روویدەدا لێی دەوەشایەوە.

## شەڕە کۆمەڵ کوژیەکانی پێش 31ئاب

شەڕی چۆمان کوشتنی حەسەن کوێستانی هاورێکانی.

شەڕی بادینان و سولەیمانبە گشتی.

شەڕی کانی قژال.

شەڕی ئاکرێ.

شەڕی رواندوز.

شەڕی شەقلاوە.

شەڕی هەریر.

شەڕی شیراتۆن

شەڕی کۆیە و دوکان رانیە و قەڵادزێ.

شەڕی کەسنەزان.

شەری کۆمەل کوژی کۆمیتەی مەسیف سەلاحەدین.
دەیان شەڕی تر لەو شەڕانە لە هەمووشی دیل کوژراون.

تەماشا کەن لە دواکەوتووترین کۆمەل و شەڕێکی نا عەقلانی بەدوور لە پەروەردەی عەقلانی و ویژدان دەبێ چەند تراجیدیانە و دڕندانە بێت، هێزە شەڕکەرەکانی هەردوو لاش(99٪)نەخوێندەوار بێت، ئامادەیی ئەوتۆیان تێدا هەبوو بۆ پارچە چەکێک مرۆڤ بکوژێ تەواو شەڕی چەتەگەری و رێگری و تالان سەری هەڵدابووە، ئەوانەبوون ئامرازی دەستی پارتی و یەکێتی کە شەڕی کورد کوشتنی پێدەکردن، من دڵنیام هەمووشی یاداشت کراون یا لە بیری مرۆڤەکان مۆرکراون هەرگیز ناسرێنەوە، لەناو شاری هەولێریش دەبا رۆژانە بسوورێینەوە بەدوای کێشە و چارەسەرییەکان دا بگەڕین.

ئێستاش سەیرم بەوە دێ سەکردە و فەرماندە و چەکدارەکان دڵیان بە چی ئەو شەڕە خۆش بوو، یا دڵی کێیان پێ خۆشدەکرد.

دەڵێن کاتێ خودا رقی لە مێروولە دەبێتەوە باڵی بۆ دروست دەکات، چونکە هەرکاتێ فڕی بۆ ئاسمان

جۆلەکە دەیخوات، هەرکاتێکیش گەلی کوردستان هەلێکی بۆ رەخسابێ وەک مێروولە فرپیوە و کەوتووتە بەر سێرەی تفەنگی داگیرگەران، مێژووی کورد ئەوەندە ڕەشە بە دەستی نەیارانەوە دوو هێندە رەشە بەدەستی کورد خۆیەوە، هەمیشە وەکو گەلێکی خۆخۆر لە مێژوودا دەرکەوتووە.

ئەگەر زنجیرەی شەڕەکانم لە بیر نەچووبێ دوا شەڕی گەورە هێرشەکەی یەکێتی بوو بۆ سەری رەش لە دوو قۆڵەوە قۆڵی یەکەم لە دێگەلە و دەربەندی گۆمەسپان و قۆڵی دووەمیش لە کەسنەزانەوە، قۆڵی دەربەندی گۆمەسپان کەمێک پێشڕەویان کردوو هەندێ پاشەکشەیان بە هێزەکانی پارتی کردو دوایی چەقی، لە قۆڵی کەسنەزانیش لە سەرەتادا پێشڕەویەکی باشیان کرد تاگەیشتنە بەرزاییەکانی نزیک گوندی هەنارە، لەوێندەر نەیانتوانێ چیتر بچنە پێش رووبەڕووی بەرگریەکی توندی هێزەکانی پارتی بوونەوە، هێزەکەی یەکێتی زۆر ماندوو ببوون، لە دژە هێرشێکدا هێزەکانی پارتیدا توانیان هێزەکەی یەکێتی بشکێنن و پاشەکشەیان پێبکەن لەو شەڕەدا دەیان پێشمەرگەی بەزۆر ئاخێندراو بۆ گۆڕەپانەکانی شەری

کوردی کوژی کوژران و بریندار بوون لەوانە چەند فەرماندەیەکیشی لەگەڵ دابوو، قۆڵی سێیەم هێرش کردن یا خەریک کردنی هێزەکانی پارتی لەشەقڵاوە تا دەگەیشتە سنوری حاجی ئۆمەران، شەڕی خوێناویشی تێدا روویدا، لەو کاتدا کوردستان ببووە گۆمی خوێن و وەک جەستەیەکی برینداریش هەر خوێنی لێدەچۆڕا.

ئەوشەڕە یەکێتی نائومێد کرد کە بە شەر چیتری لەگەل پارتی پێناکرێ، ئەوە وایکرد بیر لە رێگای تریش بکاتەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر قاچی خۆی بوەستێ کەوتە سەودا کردن لە گەل ئێران بۆ ئەوەی هاوکاری بکات و پشتی بگرێ لەشەڕ لەگەل پارتیدا، هات و لەشکری ئێرانی هێناو بەسەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دادا، ئەوە یەک لە هەڵە کوشندەکانی یەکێتی بوو و باجەکەشی دا، هەر لە رۆژی یەکەوە ئەوە دەزانرا ئەو هەڵەیە هەروا بە ئاسانی و بێ زیان تێناپەڕێ، بەندە لەبەردەم (دە)کەس زیاتر راستەو خۆ ئەوەی بە جەلال تالەبانی گووت و هەرواش دەرچوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی شەڕەوە تابلێی لاوازببوو، توانای شەڕی نەمابوو، هێرشی ئێرانی کردە

بیانوو بۆ ئەوەی پەنا بۆ سەدام حوسەین ببات، ئەو بیانووە وەک ئەوە وابوو هەنگوینی لە دار دۆزیبێتەوە.

## شەڕی 31 ئاب دوای شەڕەکە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان نزیکەی(7000)حەوت هەزار چەکدار و حەفتا دۆشکە و سەدان(BKC)و هاوەن و گوللە هاوەنی جۆراوجۆری لەگەل زۆربەی هێزە شەڕکەرەکانی هێنابووە ناو شاری هەولێر، رۆژی پێش هێرسەکەی بەعس، پارتی کاتژمێر هەواڵەکان دەگەیشتن کە حکومەتی ئێراق لە جوولە دایە و بەرەو هەولێر دێت، بەردەوامیش جەلال تاڵەبانی لە سەر خەت بوو، کۆسرەت ئەوکات سەرپەرشتی هەموو هێزە چەکدارەکانی دەکرد لە هەولێر هەموو هێزەکان کۆکرانەوە و پلانی بەرگری داندرا، زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیش لە هەولێر بوون.

کاک کۆسرەت بەمنی گووت مام جەلال دەلێ مەکشێنەوە شەڕ بکەن ئەو کات مام جەلال پەیوەندی بەردەوامی لە گەل پلیترۆ هەبوو، لە قسەکانیدا کاک کۆسرەت رووی لە نووسەرەی ئەو کتێبە کرد گووتی مام وادەلێ، منیش گووتم قابیلە لەشکری سەدام لە هی

روس بەهێزتربێ بۆ چەندین مانگ لە چەچان ڕووبەڕووی بوونەوە وشەڕیان کرد، هەموو هێزەکەی یەکیەتی مام جەلال وای خەیال دەکرد عێراق هێرش بکات ئەوا راستەو خۆ ئەمریکا دێتە سەر خەت و هاوکاریمان دەکات (گەواهی ئەوە دەدەم کاتێ بارەگاکانی یەکێتی لەسەر سنوور بوو چەندین) پلیترۆ دەیویست بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ مام جەلال بکات، مام جەلال وەڵامی نەدایەوە گووتی درۆزنە).شەوی هێرشەکە وابزانم تەنیا مەلا بەختیار گەڕاوە سلێمانی.

بەیانی زوو هێزەکانی پارتی و بەعسی بە زیاتر لە(300)سێ سەد دەبابە و دەیان کوللە نەبڕ و دەیان تۆپی دوور هاوێژ لەو بازنەییەی لە پردێوە (ئالتوون کۆپری) تادەگاتە ئاسکی کەلەک بە درێژایی ئەو پانتاییە هێرشی هێنا، دەبابەکان لە پێشەوە هێرشیان دەکرد، هەر لە چەند کاتژمێری یەکەمدا هێزەکانی یەکێتی شکان، یەکە یەکە فەرماندەکان دەهاتنەوە لای کۆسرەت دەیان گووت شەڕ ناکرێ، شکانی یەکێتی بەهۆی بەهێزبوونی پارتی و رژێم نەبوو، بەڵکو بە هۆی هەڵە و پلانی بەرگری سەربازیەوە بوو، بۆ؟؟؟

یەکەم:- بەهیچ شێوەیەک نەدەبا یەکێتی هێزەکانی خۆی ببردایە دەرەوەی شار، بەڵکو هەر لە پەرگەی شار و خانوەکاندا قۆرتی لێبدبا و سەنگەرەکانی قایم بکردایە.

دووەم:- خەڵکەی ببردایە قولایی شار بۆ ئەوەی زیانی بەرنەکەوێ.

سێیەم:- چەند یەکەیەکی گەڕۆک و یەدەگی ئامادە بکردایە بۆ ئەوەی هەرکاتێ هێزەکانی دوژمن پێشڕەویان دەکرد لە پشتەوە و لە زەوی ئازاد لێیان بدابان و خەریکیان بکردابانایە.

ئەوکاتە بە هیچ شێوەیەک هەولێر نەدەگیرا، چونکە کاتی هێزەکانی یەکێتی لە زەویە راست و تەختاییەکان شکان نەتوانرا بەو دەستوبردەیە بە زوویی رێکبخرێنەوە.

هەر چەند رۆژێک بەرگری بکرایە هەرگێز ئاکامەکانی بەمجۆرە بۆ یەکێتی کارەساتبار نەدەبوو گومانی تێدا نەبوو هێزە نێو دەوڵەتیەکان دەهاتنە سەر خەت ئەنجامەکەشی بەشێوەیەکی تر دەگۆڕی، باشە ئەمریکا چیبکات کاتی هێزەکانی یەکێتی هەڵاتن و شارییان بەجێ هێشت.

کاتێ هەولێریش شکا هێزەکانی یەکێتی پەرش و بڵاوبوونەوە، پارتیش بواری ئەوەی نەدا جارێکی دی یەکێتی خۆی رێکبخاتەوە بەپانتایی بەرەکان هێرشی دەستپێکرد، ئەگەر یەکێتیەکان بەرگریەکی یەکجار زۆریان کرد، بەڵام بەهۆی شکانە گەورەکەی هەولێر لە هەموو بەرەکان دەشکان ئەو کات بەندە لای مام جەلالی بووم دوایی چەند رۆژێک مام جەلال کۆسرەتی هێناوە لای خۆی نەوەکو بکوژرێ، منیش یەک لەو کەسانە بووم داوام لە مام جەلال کرد کاک کۆسرەت بکێشێتەوە لای خۆی، کاتی مام جەلال بڕیاری کشانەوەی بۆ سەر سنووردا تەنیا کاک کۆسرەت و من لەگەلیدابووین، دوای چەند رۆژێک هێزەکان وردە وردە یەکیان گرتەوە و خۆیان لەسەر سنورەکان دامەزراند، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تەشکیلاتە حزبیەکان هێزەکانی پێشمەرگە رێکخرانەوە، لەو کاتەدا هەندێ کەسی نەزان و کاڵفام قەڵەم پیس لەرادیۆکان گۆی بیست دەبووین، دەیان گووت ئەو جارە هەتا هەتایە شەڕی ناو خۆ بڕایەوە و نەما و کۆتایی هات، لە جیاتی قسەی خێر هەلهەلەو تەپلی سەرکەوتنی یەکجارەکیان لێدەدا، کاتێ کاک کۆسرەتیش نەکوژرا و

هێنانەوەی ئەو لەبەرەکانی شەڕ، بەوەش کارێکی باش کرا، چونکە هەر بەسەرکردایەتی کاک کۆسرەت سلێمانی گیرایەوە پارتیەکان بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانی خۆڕابگرن و بەرگری بکەن، ئەگەر حکومەتی ئێراق نەیگووتوبایە نابێ لە سنووری دێگەڵە بپەڕنەوە گومانی تێدا نەبوو پارتیەکان نەک لە هەولێر بەڵکو لە سنووری هەولێریش نەدەمان، ئەوانەی بانگەشەی کۆتایی هاتنی شەڕیان دەکرد ئەو کات و ئێستا دەبێ چی بەخۆیان بڵێن و چۆن حالی کورد و وڵاتە داگیرکەرەکانیان خوێندبێتەوە، کورد بە تایبەتی سەرکردایەتی تا حزب ئامانجیان بێت لە بری گەل حالی کورد لەوە باشتر نابێ هەر هێزێکیش بیەوێ بەتەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست فەرمان دەربکات ئاسنی سارد دەکووتی بە کوردی قسەیەکی خۆش هەیە کە دەلێ(دەبێ پت لە گوپی خۆی بدات)، دەور و پشت گورگێکی بۆ هەر پەیدا دەکەن ئەوجا بەهەر شێوەیەک بێت و چۆنیان هێنابێ گورکی دەرەکی بێت یا ناوخۆیی..هەر ئەمرۆش بەرهەمی ئەو عەقڵیەتەیە باشووری یەک پارچە بووتە(9)نۆ پارچە یا بیانژمێرین بەشەکان، دەوڵەتی عێراق، دەڤەری

سەوز، دەڤەری زەرد،، دەڤەری تورک، دەڤەری(PKK)، دەڤەری فەیلیەکان، دەڤەری شەنگال دەڤەری شەبەک، دەڤەری ئێران.

بێجگە لە حزبە ئێسلامیەکانی سەر بە ئەجیندای دەرەوەن و لەلایەکی تریش سنگە چقێندراوەکانی دەستی تورک وەک تورکمانەکانی سەر بە تورکیا، زوربەی شیعەکانیش دەوڵەتی کوردی بە لادان لە ئاین دەزانن.

کەی کوردستان کیشەی ئەوەندە ئالۆزی تێدا هەبووە، ئەو جۆرە شتانە هەمووی بەرهەمی کارگەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردن.

## زیانەکانی شەڕی ناخۆ لە ئەنجامی(31)ئایدا

**یەک:-** ئابڕوچوونێکی مێژوویی بۆ هەموو گەلی کوردستان بەلایەن و بێلایەنەوە هەتا هەتایە، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

**دوو:-** کوژارانی سەدان و هەزاران کەس لەرۆڵەکانی گەلی کوردستان، بێگومان ناوی ئەو قوربانیەنەش هەتا ئێستا پارێزراوە، بە تایبەت کۆمەڵکوژیەکان لەسەر دەستی چەند فەرماندەیەک وەکو قین و تۆڵە.

**سێ:-** سەقەت و بریندارروونی هەزاران کەس.

**چوار:-** تاڵان کردنی ماڵان و تەپینی ئەخلاقی کۆمەڵی کورد.

**پێنج:-** کوژارانی سەدان کەس لە کەسانی ئۆپۆزیسۆن و ئەوانەی کوردستانیان بە ماڵێکی ئارام و جێی حەوانەوەدەزانی.

**شەش:-** هیچ کردنەوەی هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا، لە نێوان جەللاد و قوربانی.

**حەوت:-** ئاوارە بوونی نزیکەی یەک چارەگە ملیۆن کەس لە پیر و منداڵ لەسەر دەستی پارتی و یەکێتی

ناوی هەموویان یەکیەکە یاداشت کراوە، ئەگەر توانرا لە دوا بەشی ئەو کتێبە بڵاوی دەکەینەوە.

**هەشت:-** دابەشبوون و لێکترازانی کوردستان و بوون بە دوو لەت و دوایی دوو سەرۆک.

**نۆ:-** شێواندنی ئەخلاقی کورد و سایکۆلۆجیەتی کورد و دروستکردنی دەربەندێکی گەورەی نێوان سۆران و بادینان.

**دە:-** چەسپانی دوو زۆم زۆمی سەوز و زۆمی زەرد، ئەوە بەرهەمی کوردە، هەموو بڵێن خەرمان بەرەکەت، پێم وایە زۆربەی خەڵک زیانی بەرکەوت لە رووی ماددی و روحیەوە، هەتا لە رووی کەسیەتی نەتەوەیشەوە.

## تەنیا ئەوەی قازانجی کرد مام جەلال بوو.بۆ؟؟؟

یەک:- ئەو ماوەیە زۆر نزیک بووم لە مام جەلال هەتا کاتێ بەپرسی ماڵبەندی هەولێرش بووم تەواوی پاراستنی بارەگاکانی خۆیی و تەواوی بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاتێ لە زەلێ و ناوزەنگ بووین بە من سپێردرابوو، مام جەلال ئەو گرێییەی(66) شەست و شەشی ئەما دەیگووت مەسعود بارزایش پەنای بۆ حکمەتی بەعس برد، کێشە دەروونیەکەی ئەما، ئەوەی لە قازانجی خۆی دەزانی کە هەتاهتایە مەسعود بارزانی ئەو شتەی لەکۆڵ نابێتەوە.

دوو:- مام جەلال وەکو کەسیەتیکی گەورە ناسرا چ لەسەر ئاستی جیهان و چ لەسەر ئاستی عێراق، هەتا ئەو کاتەش بووە سەرۆک کۆمار، بەهۆی کەسیەتی خۆیەوە دەستی لە هەموو لایەک دەڕۆیشت و هەموو لایەکیش پرسیان پێدەکرد، بڕوا بکەن ئیشی بۆ هەموو لایەک دەکرد نزیکەی ساڵێک بەر لە نەخۆشیکەی لە سەرداوای خۆی نزیکەی(20) بیست رۆژ میوانداری کردم لە بەغدا و دەیان شتی لای من باسدەکرد دەمدیت خزم و کەس و کاری ئەو بەعسیە کۆنانە دەهاتنە لای

کە هی ئەو سەرکردانە بوون کە سەدام لە سێدارەی دابوون و خانەنشینی بۆ دەبڕینەوە نێوان و ناوبژی حزبەکانی دەکرد، یارمەتی کەسانی نەبووە و هەڤاڵە کۆنەکانی دەدا ئەوە و دەیان شتی دیم بەچاوی خۆم دیت، ئەمریکیەکان زۆر پێیان خۆش بوو مام جەلال سەرۆکایەتی عێراق دەکات و بە قەپاغی ئەمانی عێراقیان دەزانی، بەڵام ئەوانی دوای ئەو وەکو فەرمانبەرێکی دەوڵەت وابوون، فەرموون دەستکەوتەکانیان بخوێننەوە هەتا ئەو پێشمەرگانەی ناویان لە عێراق تۆمار کراون مام جەلال بە نوری مالیکی مۆر کرد، دەیان شتی دیکە، پێموایە ئەوەندە باسە....دیارە کەمێک لە باسەکە دوور کەوتمەوە هەر لەبەر ئەوەی چاوەڕوخەی هەڵسەنگاندێکی واقیعیانە و بینەر و گوێبیست بۆ سی و یەکی ئاب بکەم، دوای گەڕانەوەی هێزەکانی یەکێتی بۆ دەڤەری سلێمانی بۆ ماوەیەک دابڕانێک لە نێوان یەکێتی پارتی هەبوو، ئەو ماوەیەش یەکێتی تەشکیلاتەکانی حزبی خۆی دامەزراندەوە و کاروبارەکانی حکومەت ڕێچکەی خۆی گرتەوە، ئەوجارە خۆی سەپەرشتی هێزی پێشمەرگەی گرتە ئەستۆ و بارەگایەکی تایبەتی بۆ خۆی لە ناو

مەڵبەندی پیشمەرگە دانا و تا گەیشتە بڕوای خۆی کە کارەکانی ئەنجام داوە و ئەوسا مەڵبەندی پێشمەرگەی بەجێهشت، دوای کلەیی دەکرد کە دەسەڵاتەکانی کەمن لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هات وەکو مەسعود بارزانی یاسایەکی دارشت و بوو بە سەرۆکی هەرێم، ئەو پێناسەشی بۆ خۆی زیاد کرد(رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان).

لە دوای(31)ئاب مام جەلال کێشەیێکی دەروونی گەورەی هەبوو ئەویش دەیویست تۆڵەی ئەو شکانەی هەولێر بکاتەوە لە دوای خۆڕێکخستەوەیەکی باش پلانی ئەوەی دادەنا گەزللەیەک لە پارتی بدات پارتی لە شەقڵاوە بەلای نازەنین نزیکەی(50)بنکەی پێشمەرگەی دانابوو، مام جەلال دەیویستی هەموو رەبیەکان بگرتەوە و بە شەقڵاوەشەوە هێرشێکی بەرفراوانی بۆ کرد تەنیا دووسێ رەبیەمان ئەوی تری هەموو لە پارتی وەرگرتەوە هەندەی نە مابوو شەقڵاوە بگرێتەوە فرۆکە جەنگیەکانی تورک کەوتنە بۆردمان کردنی هێزەکانی یەکێتی لە ئاسمان و دەبابەکانیش لە زەوی هێرشیان کرد و هێزەکەی یەکێتیان وەستاند، لەو شەڕەدا یەکێتی سنووری خۆی فراوان کردوو و

چەند ڕێگایەکیشی کردەوە، دواکەس کەمابوون لە پێشەوە لە کاتی هاتنی تورک کاک کۆسرەت و بەندە لەگەل چەند پاسەوانێک، دوای کۆسرەتیش کشایەوە، لە ناوچەکانی تریش یەکێتی پێشرەوی کردبوو، هەر چەندە پلانەکە بە تەواوی سەری نەگرت، بەلام مام جەلال بەوە دڵخۆش بوو جارێکی دیکە بوونی خۆی سەلماند، ئەوە ئارامیەکی پێبەخشی ئەگەر جارێکی تریش گەوتنەوە گفتوگۆ ئەوا لە پاییەی هێزەوەیە.

وا باشترە بە بڕوای من ئەگەر مام جەلال لەو حالەتە خۆی رابگرتایە و چیتر شەڕی ئەو و ئەمی نەکردابایە کەسایەتیەکەی هەر لە بەهێزی دەمایەوە.

گەورەترین هەڵەی مام جەلال بۆ رازی کردنی تورکان بەبێ هیچ هۆیەکی لۆژیکی شەڕی(PKK)ی کرد، زۆر هەوڵمان دا ئەو شەڕە نەکات و بەندە چەند جارێک دووبەدوو پێم گووتبوو، بەڵام دیار بوو شەڕەکە بە تەکلیفی تورک بەڕێوە دەچوو، ئەوە پێش خزمەتێک بوو بۆ تورک تا لە گەل پارتی پێکیان بهێننەوە و هەندێ پارە و چەکیشی وەرگرت ئەوکات من لەگەلی بووم لە چوار قوڕنە کاتێ لەشکرەکەی تورکی دیت، من هەرگیز داخوازی ئەوە نەبووم لەکاتی هەڵگیرسانی

شەڕەکەش بە تەواوی دڵم لە کاری حزبی ساردبۆوە. لەئەنجامی شەڕەکە یەکێتی بە تەواوی شکاو زیانێکی زۆریشی بەرکەوت هەتا جەبار فەرمان جانتا و سیارەکشی بەجێ هێشت و وەک دەڵێن بەپرە پڕ خۆی دەرباز کرد، ئەو شەڕە گەورەیە هیچ واتایەکی نەبوو تەنیا کوشتنی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە و گەریلا پیاو ژنەکان کوژران، نە ئەوکات نە ئێستا هەرگیز ئەوەم پێ قبوول ناکرێ لەلایەن کوردەوە گوللە بەسنگ و مەمکی کچان وەبندرێ کە سەرچاوەی ژیان بوون و خۆشەویستیە، نەخاسمە ژنە شۆڕشگێرەکان کە بوونەتە سومبلی نەتەوەیەک هەر ئەوانەشن سەری کوردیان لە هەموو جیهان بەرز کردووتەوە و ناسنامەی دۆراو دزراوی کوردیان گێڕاوەتەوە، دوایی کوشتنی کۆمونیستی کرێکاری لە بەر خاتری ئیسلامەکان بە هیچ شێوەیەک لە ئەخلاقی حزبێکی شۆڕشگێر و رزگاریخواز نەدەوەشایەوە، دوای ئەوەش مام جەلال دەیان هەوڵی دا زۆربەشیان ماون دەتوانن گەواهیش بدەن، کە ئیشی لەگەل بکەمەوە، کاتێ لەوەش دڵنیا بوو جارێی دیکە ئیشی لەگەل ناکەم لای مەسعود بارزانی لۆمەی منی کردبوو، ئەوەش نازانم مەسعود

بارزانی تا چەند بڕوای کردووە یا نەکردووە هەرچیەک بێت لای من ئاساییە لە ماوەی(53) پەنجا و سێ ساڵی حزبایەتیم بەرپرسی یەکەمم ویژدان دادوەرم بووە ئەوجا کاری حزبیم کردووە لەگەڵ ئەوەشدا گەلەییم لە کەس نیە چونکە ئەوانیش بە بڕوا و قەناعەتی خۆیان و کاریان کردووە.

## گەڕی چوارەم شەڕی سارد لە 2000 تا 2020

دوای ئەوەی هیچ کەس ئارەزووی شەڕی نەمابوو هەمووی تەواو ماندووببوون و گەیشتبوونە ئەو بڕوایە بە شەڕ هیچ دەستەبەر ناکرێت.بۆیە پارتی و یەکێتی برا بەشی خۆیان ڕاگەیاند، زەرد بۆ تۆ سەوز بۆ من ئەگەر شتێکیش هەبوو لە ناوەندە برایانە بەشی دەکەین، ئەو بیرۆکەیە لای بارزانی و تاڵەبانی سەری هەڵدا، بەناوی تێکەل کردنەوەی بەڕێوەبردن، نەک تێکەل کردنی پارە مەتەلۆکێکیان هەڵەبەست و هێنایە گۆڕی و خەڵکە زۆرەکەشیان پێ گێل کرد، ئەو دابەشکردنە ژێربەژێرە بە دوو سێ ساڵ بەر لە روخانی سەدام حوسەین سەری هەڵدا، بەڵام کاتێ سەدام روخا هەردوو لا پاروویان کەووتە ناو رونی پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ (بۆ هاری هەر دەباری)!!.

کاتێ هەردوو حزب دەسەڵاتیان کەوتە دەست بوونە حاکمی کوردستان، لە جیاتی ئەوەی خەریکی کاری خزمەت گوزاری بکەن و بەسیاسەتێکی زانا و دانایانە کاروبارە ئیداری و سیاسەکانیان بەڕێوە ببردایە، کەوتنە ناو کاری بازرگانیەوە ئیبن خەلدوون

قسەیەکی هەیە دەڵێ (کاتێ حاکمەکان دەکەونە ناو کاری بازرگانیەوە هەردووک بە جارێ دەسەڵاتەکەو بازرگانیەکە گەندەڵ دەبن)، دەق بارودۆخی کوردستانیش وایە.

بە بڕوای من بەشی زۆری تاکی کورد گێڵ و سڕکراوە بەهۆی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەلایەک و لەلایەکی دی بەهۆی ئایدیۆلۆجیە جیاوازەکانی بە کەسی کراو وەکو ئاین و نەتەوە و سوسیالیستی و دیموکراتی.

باشترە بنێردرێت بۆ نەخۆش خانەی دەرەروونی، چونکە ئەوانەی ئەو رۆڵە دەگێڕن یا گیراپان لە ئەکتەرێکی شکست خواردوو و نەزان دەچن، چونکە بەو هەموو مەودا دوورو و درێژە نەیان توانی رۆڵەکەی خۆیان تا کۆتایی لەسەر شانۆکە تەواو بکەن.

کاتی رژێمی بەعس لەلایەن هاوپەیمانانەوە روخێندرا، هەموو دەرگاکان کەوتنە سەر پشت، هەموو حزبەکان کەوتنە غاردان بەدوای بەرژەوەندی حزبی و خۆ دەوڵەمەند کردن، عێراق وڵاتی زێڕی رەش کەوتە دەست چەند کەسێکی نەدی و بدی و دادڕ داڕیان کرد کەوتنە کێفڕکانێ بەدوای پارە و لەسەر لاشەی مردوو تۆزیان دەکرد، کورد هەلێکی باشی بۆ رەخسا

دەوڵەتی عێراق بە تەواوی هەڵوەشابۆوە توانای هیچی نەمابوو، ئەوکات کورد دەیتوانی زۆر بە ئاسانی دەوڵەتی کوردستان رابگەیێنێ هەرکەسێ دەڵێ ئەوکاتیش نەدەکرا تەنیا بێ هێزی و لاوازی و بێ ئیرادەیی خۆی دەگەیەنێ، چونکە چەندین ساڵ بوو لەرووی دارایی و بەرێوە بردنەوە وەکو دەوڵەت وابوو دەمێک بوو پەیوەندی دارایی و بەڕێوەبردن لەگەل عیراق پچڕا بوو و هیچ کێشەیەکی قورسیشی ئەوکات لە پێش نەبوو، لەباتی ئازادی و رزگاری چاویان بڕیبووە پارەی بەغدا بۆ ئەوەی لەو سامانە زۆرە هەتا شتێکیان بەرکەوێ، وەکو بریمەر بە مەسعود و جەلال دەلێ کوردستانیان بە پارە گۆڕیەوە قسەکەی بریمەریش هەرئەوە دەگەیەنێ کە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی کوردستانیان بە پارە فرۆشت، ئەو خەونەی دەیان ساڵ بوو کورد خەونی پێوە دەبینی بە روخانی سەدام حوسەین هەمووی هاتە دی، لێردەدا یەک پرسیار دێتە پێشەوە قازانجەکانی کورد چی بوون چۆن بوون و چون کەلکیان لێ وەرگیرا،!!؟؟

**بە کورتی سودەکان و ئەنجامە بەکاربردووەکانی دەخەینە روو:-**

**یەک:-** دوژمنێکی دڕندە و بێویژدانی لە کۆڵ بۆوە.

**دوو:-** لەشکرە بە هێزەکەی عێراق هەڵوەشاوە و توانای شەڕی کوردستانی نەما.

**سێ:-** ئازادی رادەربڕینی تاکو کۆ.

**ئەو دەرفەت و سودە ستراتیجیانەی بۆ گەلی کوردستان و دوایی بوونە دەستکەوتی حزبی کەسی**

**یەک:-** کورد لە دەوڵەتی تازەی ئێراق نزیکەی(140) پۆستی پلە باڵای لە حکومەتی عێراق وەرگرت لە سەرۆک کۆمارەوە تا دەگاتە خوارەوە، لە بەغدا، زۆربەی پۆستەکان بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن و هێنانی پارە بۆ حزب بەکار هێندران.

**دوو:-** لە سەرەتای دامەزراندنەوەی جەیشی عێراق زیاتر لە(30٪)کورد بوو، هەمووی چۆلیان کرد و هاتنەوە تۆ لێکیدەوە دەبێ چەند زیانی ماددی بە خەڵکی کوردستان گەیشتبێ و کە بەو هۆیەوە بژێوی خۆیان دابین دەکرد، لە جیاتی بار سوککردن لەسەر

خەڵکی کوردستان بوونەوە بارگرانی کەچی ئێستا ڕێژەی کورد لە جەیشی ئێراق لە(1٪)تێناپەڕێ.

**سێ:-** لە سەرەتای دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق، دەتوانرا هێزێکی بێلایەنی کوردستانی دروست بکرایە، باشە سادە ترین پرسیار سەرۆک ئەرکانی جەیشی عێراق کورد بوو لە خۆ دەوڵەمەند کردن و حزبەکەی سوودی بە کورد گەیاند لە پەروەردەی سەربازی و ناردنە دەرەوەی کورد بۆ فێربوونی هونەرەکانی شەڕوو زیاد کردنی شارەزاییان، تەنیا پشت بەو دەورانە دەبەسترێ کە هاوپەیمانان جاروبار مەشق بە پێشمەرگە دەکەن.

**چوار:-** بوژانەوەی کوردستان و بەرز بوونەوەی ئاستی بژێوی تاکی کورد لە دوای کەوتنی دەوڵەتی عیراق (5تا6)پێنج تا شەش ساڵی خایاند، ئەوەی جارێکی دیکە کوردی توشی کۆسپی گەورە کرد، دەرهێنانی نەوت بوو، نەوتیش لە باتی ببێتە خاوەنداری گشتی بووتە خاوەنداری چەند کەسێک و گومپانیایەک، کە گەورەترین زیانی بەگەلی کوردستان گەیاند.

**پێنج:-** ئەو پۆستانەی لە دەوڵەتی ئێراق بەر کورد کەوت بۆ کورد نەبوون تەنیا بۆ ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە بوون کوا سودی کورد لە وەزیر و سەفیرەکانی کورد ئەمانە چیان بۆ کورد کردوە، تا مرۆڤی کورد شانازییان پێوە بکات.

ئەو خاڵانەی سەرەوە تەنیا چەند سەرنجێک بوون، ئەوەی کارەساتبارە گەورەکەیە لە ناو خۆی کوردستان دایە.

لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی کوردی دوو ئیشی هەیە کۆ کردنەوەی دەهات و دابەشکردنە بەسەر هاووڵاتیەکان بە شێوەیەکی یەکسان بەبێ پێش خستنی بەرەژەوەندی حزب ئەندامەکانی حزب، ئەوەی ئیستا هەیە بە هیچ شێوەیەک لەگەل پرینسپە مرۆڤیەکان یەکتر ناکرێتەوە ،بۆ؟؟.

** هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانی و پۆلیس و ئاسایش هەمووی بە پشتگیری حزب دادەمەزرێ واتە پارەکەی دەردێتە هێزە چەکدارەکان و ئاسایش دەدرێتە حزب، ئەوجا لە سەدا چەندی بودجە دەبات بۆ حزبە.

••ئەوانەی ئێستا دادەمەزرێن هەموویان ئەندامی حزبەکانی دەسەڵاتن و لە ئەنجامدا پارەکە هەر بۆ حزب دەگەڕێتەوە.

••ئەوانەی لە کەرتی نەوت کار دەکەن بە کارمەندوو پاسەوانەکانەوە هەمووی حزبین و پارەکە بۆ حزب دەگەڕێتەوە.

••موختاری گەڕەکەکان ئەوەی مووچەی هەیە پارەکەی هەمووی بۆ حزب دەگەڕێتەوە.

••نەسریە و میزانییەی ڕێکخراوەکانی حزب، پارەکەی هەمووی بۆ حزب دەگەڕێتەوە.

••ئەوانەی لە کەرتە گشتی و تایبەتیەکانی سەر بە حزب ئیش دەکەن پارەکەی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ حزب.

••حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەسەڵاتی حزبین بۆیە لە دەیان ڕێگای شەرعی و ناشەرعی پارە لە مووچە وەردەگرن بۆ خۆیان و ئەندام و لایەنگرەکانیان دابەشی دەکەن، زۆر ئاسانە ژمارەکەشی بزاندرێ، چونەکە زۆربەیان شاراوەنین، لە هەموو دنیادا دەسەڵات و دەوڵەتە شمولیەکان (گشتگیرەکان) توتالیتارین دەوڵەتی دیکتاتۆرین هی

خەڵکی نین تەنیا بۆ ئەو چین و توێژەیە کە لەگەڵ خۆیانن، هەتا هەڵبژاردن و ڕەتووشکردنی دیموکراتیەت لە ڕێگای دزین و خەپاندن مسۆگەر دەکەن و لەڕێگای دیموکراتی شەرعیەتی دیکتاتۆری وەردەگرن و خۆیان دەسەپێنن و زوڵم دەکەن، واتە بە چەکی دیموکراتیەتێکی فێڵبازانە جارێکی دیکە مرۆڤەکان ئیستغلال دەکەن و دەی چەوسێننەوە لە سەرەتای دەسەڵاتی کوردیەوە لە باشوری کوردستان ئەوە پیشە و کاری هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بووە ئەو جارە بەجووتە شەڕی ناو خۆ لەگەڵ خەڵک دەکەن و سەرکووتیان دەکەن.

تەنیا شەڕە ساردەکە ئەوەیە پارتی و یەکێتی کامیان زیاتر دەتوانن خەڵک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن بەپارە هەتا ویژدانی کەسانی یەکتریش بکڕن ئەو پارەی لەو ڕێگایەشەوە خەج دەکرێ هەمووی موڵکی گشتیە و لە بودجە دێتە دەرەوە و بۆ بەرژەوەندی حزب جارێکی دیکە خەرج دەکرێتەوە، لە دواییەکەی شتێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە بۆ خەڵکە هەژار و جەوساوە و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان.

••بەکورتی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی یەکێتی لە سەر خەرمانەکەیە کە کامیان پتر دەبەن.

ئەوەی جێگای باسکردن بێت ئەم شەڕە سارده بۆ بیست ساڵ دەچێ بەردەوامە و مرۆڤەکانی لە هۆڵی چاوەڕووانی داناوە، کەسێک نیە لە چینە مامناوەند و هەژارەکان دڵنیا بێ کە مانگی دا هاتوو موچە وەردەگرن ئەو ئازارە دەوورنیە پرۆسەیەکی ژیرانەی دەسەڵاتە بۆ شوشتنەوەی مێشکی خەڵک و دەستەمۆ کردنیان بۆ ئەوەی هەمیشە پەنا بۆ دەسەڵات ببەن و سەری بۆ دانەوێنن، ئەوەش دەچێتە خانەی گەورەترین تاوان دژ بە مرۆڤ بە تایبەت لەو کاتەی مرۆڤ سەرچاوەیەکی تری نیە بۆ ژیان، ئەگەر کشتوکال لە بۆژانەوە بێت بە هەردوو بەشیەوە چاندن و ئاژەڵداری ئەوە دەتوانێ ژمارەیکی زۆر خۆی بەخێو بکات بەڵام بە هۆی بازرگانی بێ پلان و کەسانی سەر بەدەسەڵات کە ئەو بوارەشیان کۆنترۆل کردەوە جووتیارەکان ئەوەیان نایەتەوە دەست کە لە کشتوکالەکە خەرجیان کردووە، واتە هەردوو حزب بە جووتە و هەریەکێکیش بەتەنیا هەموو بوار و چاوگەکانی ژیانیان دەست بەسەر داگرتووە و بۆیە مرۆڤی کوردستانی هەر ئەوە

دەبینێ لە هەموو لایەکەوە ئابلووقە دراوە، بە چەپەڵۆکیش لە سەری دەدەن، کوردستانی باشوور لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بە ناخۆشترین و رەشترین قۆناغی مێژووی تێدەپەڕێ لە لایەک هێزی داگیرکەر، لەیەکی دیکە هێزی سەرکوتکەر مرۆڤی کوردی بێ ئومێد و سەرگەردان کردووە.

شەڕی خوێن شەڕێکی ناخۆشە و بەر چاوە مردنی دەست بەجێی تێدایە ئازارەکانیشی زۆر بە سفت سۆیە بەڵام شەڕی دەروونی شەڕی زەوتکردنی قووتی خەڵک ئازارەکانی لە شەڕە خۆێناویەکە کەمتر نیە لە سەردەمی شەڕی خوێن ماڵوێرانی و رادانی کۆمەل بوو بۆ بەردەمی قەنارەی مردن لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا گەندەڵی روحی پەپولەکان دەردێنی بە چەقۆی کوول سەری مرۆڤەکان دەبڕێ، ئەو مردنی دەست بەجێیە بەڵام شەڕی ئێکۆنومی هەمان مردنە بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە مردنێکی لەسەرخۆیە و بە هێواشی تاک و کۆمەل بەرەو گۆرەپانی مردنی بەکۆمەل دەبات..

لە شەڕێکی ناوخۆی ساردی وەک ئیستای باشووری کوردستان لە حالەتی بوونی ئەو هاوسەنگیە لە هێزدا

لایەنێک یا هەردوو لایەن پەنا بۆ هێزی دەرەکی دەبەن ئامادەشن سەرووماڵ و خاکی خۆشیان بدەن بە بێگانە لە پێناو پاراستنی خۆیان زۆر جار ئەو حالەتە دەچێتە خانەی خیانەتەوە، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی دوور و نزیکی کورد بدەینەوە و سەیری چۆنیەتی ئیمارەتە کوردیەکان بکەین هەر بەو شێوەیە لە ناو چوونە، ئەوەی ئێستای کوردیش هەمان شێوەکانی پێشووتری خۆیەتی بەڵام یەک ناوەڕۆک و دوو شێوەی جیاواز لە یەکتریان جیادەکاتەوە.

ئەوەی سەیر دەگرێ پیاوی باشووری کوردستان لە هەناوی ئیسلام و کۆمەڵی شاخ و چەتە و ڕێگری دەژیان لەسەر دزی و تاڵان و باگراوندی کلتورەکەشی زادەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵیەیە نە تێر دەبن و نە تێر دەخواو نە دادەنیشی چونکە لە دوواکەوتن و نەبوونی عەقل دادەژی گومانی تێدا نیە مرۆڤێکی سەرەڕۆ و بێ ویژدانی لێدەردەچێ، ئەوە دەق واقیعی ئەمڕۆی باشورە، مرۆڤ هەموو ژیانی کەتووتە سەر خۆی، دەسەڵات تەواو دابڕاوە لە خەڵک نە ئاگای لە نەخۆشە، نە ئاگای لە خوێندنە و خوێندنگاکانە، نە ئاگای لە بێ کاری هەیە، نە ئاگای لە خزمەت

گوزارییەکان هەیە، نە ئاگای لە پڕۆژە کشتوکاڵیەکان هەیە، نە ئاگای لە پەرەپێدانی کەرتی گشتی و تایبەتی هەیە، بۆ ئەوەی هەم بەرهەمی خۆماڵی بەرهەم بێنێ و هەم بوواری کار برەخسێنێ، ئەوەی لە چاودا دیارە ئەمڕۆ لە کورد بێ خاون و بێ ئاینده تر نیە، ئەوەی ئێستا بەرێوە دەچێ لە باشوور تەنیا دەسەڵاتە و هیچ مۆرکێکی حکومەتی نە لە ناوەرۆک نە لە فۆرمەوە پێوەدیار نیە، ئەو کارەی ئێستاش بەڕێوەدەچێ هەرگیز بە لایەنێک ناکرێ و بەڕێوە ناچێت بۆیە رێککەوتنی هەردوو لایەنی سەوز و زەرد لە سەرەوە هاوبەشن لە تەواوی جومگەکانی دەسەڵات و بەرێوەبردنی کاروبارەکان، لە حالەتی وادا نە وەزیر و نەپەرلەمان بایەخێکی ئەو تۆیان نیە، وەزیر ئەگەر پارەی لە دەست نەبێ ناتوانی هیچ پرۆژەیەک جێ بەجێ بکات، تەنیا وەکو کارمەندێکی ئاسایی سەرۆک وەزیرانە.

لە پێشدا ئەوەم گووتوە لێرەدا چەختی لە سەر دەکەمەوە، ئەو پەرلەمانەی ئیستا هەیە ناوێکی بێ ناوەرۆکە پەرلەمانی کەسەکان و بۆ کاتی پینەو پەڕۆ بەکار دەهێنرێ، بەبێ رەزامەنی حزب ناتوانن یەک

یاساش چیە دەربکەن بەڵکو ناتوانن ناویشی بهێنن، تەنیا وەکو ئاوێنەیەکە حکومەت خۆی لەبەر مکیاج دەکات بۆ دەرەوش تەنیا روویەک ئارایشێکە دەسەڵات خۆی لەبن شاردووتەوە، تەنیا بەهۆی خەرجی و بارە قورسە داراییەکەی بووتە بارگرانیەکی زۆر لەسەر هاولاتیانی خەڵکی ماف خوراوی کوردستان.

ئیشی هەموو ئەو پەڕلەمانە ئیشی( هەشت نۆ) یاسا ناسە کەدەتوانن لەو هەموو کەسانە باشتر یاساکان دارێژن و، دیارە ئەوەش هەر بۆ خۆ بەدیارخستن و بۆ ناوبانگ و خۆ بە گەورە و زڵ زانی خۆیانەوە هەیە، گەلی باشوور لەو یاریانە گەیشتوە بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی بەم دواییانە بەپێی مەزەندەی خەڵک(50٪)ناچێت بۆ هەڵبژاردن، وەکو ئەوەی هەر نەبووبێ تەماشای پەڕلەمان دەکەن، ئەو بەشەمان لەبەر ئەوە ناو لێنا گەڕی شەڕی سارد چونکە کیشەی پارتی و یەکێتی بەو بوونەی خویان هەرسێ لایەنی (سیاسی، ئایدیۆلۆجی، عەسکەری) بەخۆیەوە گرتووە و وادەبینن دەیان ساڵە خوێنی کورد بە ناحەق لە بەرژەوەندی داگیرکەرانی کورد و کوردستان دەڕژێت  هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکە

کەمێک خەمی وڵات و خەڵکەکەی هەبووایە تا ئێستا چارەسەرێکی هەر بۆ دەدۆزیەوە، ئەو دیاردەیە ئەوپەڕی دواکەوتوویی عەقڵی کورد دەگەیەنێ هەموو کارەساتەکانی کوردیش لێرەوە سەر هەلدەدەن.

جارێکیتریش دەڵێم کورد بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە چاکسازی عەقڵی هەیە بۆ ئەوەی بکەوێتە سەرقاچەکانی و جیهان بینی خۆی فراوان بکات، ئەگەر وا نەکرێ ئەوە ئەو رەوتە هەر درێژەی دەبێ خوێن بەربوونەکەش لە جەستەی کورد ناوەستێ......

لە ساڵی (1964)هەتا ئەمڕۆ ساڵی (2020)ئەوەی لە هەموو شتێ روونترە، هیچ وەختێک شەڕی ناو خۆ نەوەستاوە، لەبەر چی ؟؟؟ بێجگە لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی کوردستان لە نێوان پارتی و یەکێتیەوە، بەبێ حسێب و لێپرسینەوە وەکو دووبرای خاوەن میرات لە نێوان خۆیان دابەشی دەکەن، ئەو کاتە دەتوانرێ بگووترێ شەڕی ناوەخو لە کۆتایی دایە یاخود کۆتایی هاتووە، ئەو کاتەی کورد دەبوونە خاوەن کە یەک لەشکر و بە هیچ شێوەیەک نە دەبووە لایەنێکی شەڕ دژی یەک و دوو، بەڵکو وەکو ناوبژیکەرێک دەر دەکەوت، بەڵام وەک دەبینن

چەکدارەکان سەر بەدوو لایەنە شەڕ کەرەکەن هەمیشەش بۆ شەڕی ناوخۆ تەیار و ئامادە کراون، بەکورتی کەی گەلی کوردستان بووە خاوەن لەشکریکی بێلایەن و سەربەخۆی نیشتمانی ئەو کاتە دەتوانری قسە لە یەکگرتوویی و یەک ئامانجی نیشتمانی بکرێت، بۆیە دەڵێین بەڵێ شەڕ هەر بەردەوامە...

# شەڕی ناوخۆ 1964 تا 2020
## دۆکۆمێنتەکان خۆیان دەدوێن

ئەوانەی لە پێشدا چاوێکتان پێدا خشاند کورتە لێکدانەوە و لێکۆلینەوەکی فیکری - فەلسەفیانەی ئەو قۆناعەی گەلی کوردستان شەڕی ناوخۆیە، هیچ کردارێک لە خۆیەوە دروست نابێ ئەگەر لە پێشەوە لە عەقڵ و بیرکردنەوە موتربە نەکرابێ، بۆیە ئەو تاوانانەی ئەنجامدراون کارێکی سەیر نیە وەک دەڵێن فیکریش رەنگدانەوەی واقیعە ماددیەکەیە، کەواتە هەردوولا تەواوکەری یەکترن، بۆیە بەدوای ئەو شتانە گەڕاین کە گومان لە بوون و سەرهەڵدانی کێشەکان و خودی شەڕە ناوخۆییەکاندا نەهێلێت، وا هەست دەکەم کاتێ نەوەکانی ئێستا و ئایندە ئەو رووداوە مێژووە پڕکارەساتانەی رابردوویان دەخوێننەوە تووشی شۆک دەبن، بەتابەت لە دوو رووەوە یەکەم بێ ویژدانی کەسانێک دەردەخا، دووەم ناهۆشیاری گەلێک و ناعەقلانی بەناو سەرکردە خۆداسەپێنەکانی ئەم گەلە روون و ئاشکرا دەکات.

دەست و قاچ ئەندامی شەڕ کەری مرۆڤ نین بەڵکو ئەندامی ژیانی مرۆڤن، کاتێ دەبنە ئامرازی شەڕ ئەوە عەقڵە فەرمان دەدات،((ناو بڕەیەک مرۆڤەکان دوو تەمەن دەژین یەکیان لە سەر زەوی ئەویتریان لە ژێر زەوی، مردن کارێکی حەتمیە، مەبەستم لە ژێر زەوی ئەفسانەی رۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ نیە، مادام مرۆڤەکانیش هەر دەمرن کە گەورەترین کارەساتی مرۆڤەکانە، کەواتە شتێک دەمێنێتەوە مرۆڤ کاتێ بە مرۆڤ دە مێنێتەوە ئەوکاتەی دەمرێ سووێی لە مردنی خۆی نەبێتەوە، ئەمەش بەدوو شت دەبێ یەکەمیان ویژدانێکی زیندوو دووەمیشیان چۆن شوێنی خۆی بەجێ دەهێڵێ، ئەو دوو لێکدانەوە وا دەکەن (مرۆڤەکان..!!!) دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن شوێن پێ و (شوێنەواری) خۆیان لەسەر ئەم زەویە بە جێ بهێڵن، ئازایەتی مرۆڤ لێرەوە دەردەکەوێ)).

یاداشت و بلاوکردنەوەی دۆکۆمێنتەکان دەزانم خۆشیتان پێنابەخشێ و ئازاریشتان دەدات، بەڵام بە بڕوای من شتێکی گەورەترتان پێدەخشێ ئەویش بیر کردنەوە و دەولەمەندبوونی عەقڵە کە گەنجینەی راستەقینەی مرۆیین، لەجیاتی دارە بە زۆر و ناڕەوا

هەڵکێشراوەکان نەمامی نوێ و بەردار دەڕوێنن، لە جیاتی خانووە رووخاوەکان باڵەخانەی بەرز و نوێ دروست دەکەن، لەجیاتی روو لەولا و لەملا بکەن باڵای بەرزی خۆتان دەبینن و ژیانێکی راستەقینە و تەندورست بە ئەرک دەزانن.

**لە ماوەی شەڕی ناو خۆدا لەسەر دەستی کورد...**

1- سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون.

2- دەیان هەزار کەس کوژران،

3- بە هەزاران کەس سەقەت بوون.

4- بە دەیان هەزار کەس کەوتنە باری هەژاری و کۆلە مەرگی.

5- شار و گوند و رەز و باغ و کێڵگەکان وێران بوون.

6- سەدان کەس بێسەر و شۆێن بوون.

ئەو زنجیرە هەرگیز تەواو نابێت، ئەوانەی کاتێ زیندوو بوون و ئەو شتانەی هەبوون و روویداوە و بەسەریان هاتووە لەو کاتدا ئەو نا هەقیە و بێبەزەیی و بێویژدانیان دەرهەقیان کرابێ، ئەگەر لەدوای مردنیشان کەس نەبێ لەو ناهەقی و ناراواییە بکۆڵێتەوە، ئەمە نیشانەی دووشت دەردەخا یەکەمیان

واتای کۆمەڵە مرۆڤێکی بێ روح دەگەیەنێ دووەمیشان نیشانەی بەردەوام بوونی نا عەقڵانی ئەم کۆمەڵە مرۆڤە یە، شاردنەوەشی نیشانەی گەمژەیی مرڤەکانە.

ئەوەی جێگای باسە لەو ماوە دوور و درێژەدا سەدان و هەزاران کۆبونەوەی دووقۆڵی و سێ قۆڵی ناوبژیوانی ناوخۆیی و دەرەکی ئەنجام درا، بۆ نەتوانرا ئەو شەڕە رابگرن، ئەوان بێ کەفائەت و جدی نەبوون یا سەرکردەی ئەو دوو حزبە کەڕبوون و کوێیان نەبوو، یا بەرژەوەند خواز و کەس و حزب پەرست بوون، زۆر سەیرە بە خۆیان و داگیرکەران دەیان جار کۆمەڵ کوژیان کردوە بەرامبەر رەگەزی خۆیان، ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە هەمیشە گەلیان بە قوربانی حزب کردوە و گورگان خواردووشیان کردوون.

کێشەی کوردی باشور کێشەی لاوازی کەسیەکەیەتی، ئەوەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە و لێرەدا ئاماژەی پێدەدەین، گەلی باشووری کوردستان هیچ کاتێک خاوەنی فیکری خۆی نەبووە، هەر بە فیکر و عەقڵی بێگانە جوولاوەتەوە و دەستەمۆ کراوە، رۆژێکیش هەتا بۆ ژیانی خۆشی خاوەن بڕیار نەبووە، بەڵکو هەر وەکو بەردەست کاری کردووە، هەروەها دەسەڵاتی داگیرکەر

هەمیشە فەرمانی بە سەر داکردووە، تا هەڵگیرسانی شۆڕشی رۆژاڤا کورد هەر پاشکۆی فیکر و زیهنی نەیارانی خۆی بووە، بەڵام رۆژاڤا پشتەوشاری کردەوە، لەجیاتی پاشکۆیی، لە بواری ئازادی بەتایبەت ژناندا نەک هەر رابەری کوردی نە کرد بەڵکو رێبەرایەتی جیهانیشی بە دەست هێناوە لەمە زیاتر پێویستی بە باسکردن ناکات چونکە ئەوانەی بە کردار ئەنجامی دەدەن زۆر لەوە زیاترە کە لەو نووسینەدا ئاماژەمان پێداوە، هەوڵدەدەین ئەم بەشە بە چەند تەوەرێک بخەینە روو.

## ئاوارەیی

لە گەل راگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول و تێکچونی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراق لە ساڵی(1961)هەتا ئەمرۆ ئاوارەبوونی کورد درێژەی هەیە، لە سەرەتاوە لە هێلی بەیەک گەیشتنی ناوچە کوردنیشینەکان و عەرەب نشینەکان بە درێژایی ئەو ناو برەیە بووە شەڕی نێوان کورد و عەرەب شێوەیەکی خێلەکی وەرگرت وردە وردە وەک ئەوەی لێهات ببێتە

شەڕی کورد و عەرەب، دوای کودەتاکەی(1963) و روخانی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لەسەر سنوورەکانی هەردوولا بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق پاسەوانی قەومی(حرس القومي) پێکهێنا لە کوردستان زۆربەیان لە خێڵەکان بوون و سەرۆک خێڵە عەرەبە دواکەووتوەکان بەرپرس و سەر پەرشتیکار بوون، بەر لەوانیش حکومەتی عێراق بۆ دژایەتی کورد سوارانی سەلاحەدین ئەیووبی (فرسان صلاح الدين الايوبي) دروست کردبوو وەکو (سوارەی حەمیدی) لە باکور لە لایەن ئیمپراتۆری عوسمانلی، سوڵتان عەبدولحەمید دروستی کردبوون شەڕی کورد و یونان و ناوچەی بولّقانی پێدەکردن زۆربەی لە خێڵەکانی کورد پێکهاتبوون، بەدەیان هەزار کورد لەو شەڕانە کوژران و تێچوون.

بە هۆی هێرشی خێڵە عەرەبەکان و کوشتن و تاڵان کردنی گوند وماڵی کورد، وای کرد بە سەدان گوند چۆل بکەن و ئاوارەبن روو لە شارەکان بکەن و هەر لەو کاتەوەش هاوسەنگی نێوان گوند و شارەکانی کوردستان تێکچوو چونکە بووە هۆی فراوان بوونی شارەکان بە شێوەیەکی ناسروشتی شارەکانیش وەکو

گوندیان لێهات، شێوەی شارستانیە مەدەنیەکەی خۆی لە دەستدا چ لەرووی خانووبەرە چ لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکان.

ئەو ناوچانەشی کورد بە ناچاری بە جێی هێشت خێلە عەرەبەکان جێگایان گرتنەوە و چ خاکە بەپیتەکەیان داگیرکرد و لە سەری دانیشتن، بەمەش سەرەتای گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان دەستی پێکرد، ئەوە یەک لە پێشهاتە رەچاونەکراوە خراپەکانی بەناو شۆڕشتی کورد بوو کە نەدەبا پەلە لە هەڵگیرسانی شۆڕش بکرابایە، وەکو ((پرینسیپێکی ئەخلاقی هەیە لە کاتی هەڵگیرسان و خەباتی شەڕی چەکداری دەبێ لە پێشەوەی هەموو شتێک حیسابی ئەوە بکرێ کە نابی زیان بە هاولاتیانی مەددەنی و سڤیل بگات، کەچی شەڕی چەکداری کورد ئەوەی زیانی زۆری مادی و روحی بەرکەوت خەڵکە سڤیلەکە بوو))، چونکە شۆڕشی پێگەیشتوو هەمیشە سەرچاوەی هێز و وزە لە خەڵکەکە وەردەگرێ، کاتێ خەڵکەکە توانای نەما و بووە بارانیش لەسەر شۆڕش لەوانەیە هەرەس بە شۆڕشەکە بهێنی یا ئەوەتا وا دەکات شۆڕش روو لە بێگانە بکات بۆ هاوکاری و بەمەش

هاوسەنگی و سەربەخۆیی بریاری سیاسی لە دەست دەدات، وەکو ئەو بەناو شۆڕشەی باشوری کوردستان، تەنیا کارەسات لەدوای کارەساتی بەرهەم هێنا و کوردستانیشی وێرانکرد و زیانێکی زۆری بە بەرهەمەکانی کشتوکال گەیاند و دەیان هەزار کەسیشی بێکار کرد.

ئاماری گوندە وێران بوو و بە عەرەب کراوەکان، لە ناو ئەرشیف و دۆکۆمێنتە مێژووییەکان پارێزراون و بزرنابن، بۆ خەباتی داهاتووی گەلی کوردستانیش، گێڕانەوەی خاک دەبێ لە پێش هەموو ئەرکەکانی دیکە دابندرێ.

شەست ساڵی تەواوە رۆژ بەڕۆژ بەهۆی کێشە ناوخوییەکان و بەرژەوەندیە حزبیە تەسکەکان و تاقمە کەسێکی خۆسەپێن و شکست خواردوو بەردەوام رووبەری کوردستان بچوک و تەسک دەبێتەوە و گەلەکەشی زیاتر ئاوارە و سەرگەردان دەبن.

لەم ئامارانەدا کە نمونەیەکن لە راگوێزان و ئاوارەکانی پارێزگای کرکوک کە لە سلێمانی نیشتەجێ بووینە ئەوانە ناوەکانیشیان لامان پارێزاوە، لەو چەند نمونەیە هەموو کەسێک دەتوانێ لە بارو

کارەساتەکانی ئاواوەکانی پارێزگای کەرکوک تێبگات، تەنیا هەندێ گەڕەکی ناو شاری سلێمانی بەم شێوەیەیە وەکو نمونە دەهێنینەوە، کە ئاوارەی کەرکوکی تێدە نیشتەجێ بووە...

| گەڕەک | خێزان | ژمارەی ئەندامانی خێزان |
|---|---|---|
| زەرگەتە | 159 | 924 |
| کارێزەوشک | 123 | 635 |
| عەرەبەکان | 191 | 955 |
| رزگاری | 144 | 859 |
| توکمانەکان | 22 | 144 |
| ولووبە | 138 | 776 |
| بەختیاری | 90 | 493 |
| سەرشەقام | 96 | 563 |
| هەوارە بەرزە | 125 | 666 |

بە گشتی ژمارەی ئاوارە و راگوێزراوەکانی شاری کەرکوک تەنیا بۆ پارێزگای سلێمانی خۆی لە (95000) نۆهەت و پێنج هەزار کەس دەدا، ئەو ئاوارە بوونەش بۆ نمونە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە نمونەیەکی دیکە..

لە ساڵی(1997) (922)نۆسەدوو بیست دوو خێزان، (4610) چوارهەزار و شەش سەد و دە لەخەڵکی پارێزگای کەرکوک ئاوارەی سلێمانی بوون.

لە ساڵی(1998) (169)سەد و شەست و نۆ خێزان(845) هەشت سەد و چل و پێنج هاووڵاتیَ کەرکوک ئاوارەی سلێمانی بوون.

لە ساڵی(1999) (200)دووسەد خێزان(1256)هەزار و دووسەد و پەنجا و شەش کەس لە ئاوارەکانی کەکوک روویان لە سلێمانی کردوە..هەموو ناوەکان و لەگەل ئەو شوێنانەی لێیهاتوون تۆمار کراون و لە بەردەستدان.

گومانی تێدانیە بەشە زۆرەکەی ئاوارەکانی کەرکوک لە هەولێرن، هەندێکیشیان دوو سێ جار بەهۆی شەڕی پارتی و یەکێتیەوە ئاوارە بوونەوە، بۆ ئەمە دەزگایەکی تایبەتی دەوێ و ئەرکی سەرەکی حکومەتی هەرێمە، ئەو کارە تەنیا بە دەزگاکانی حکومەت دەکرێ چونکە بەواداچوونی رۆژانەشی دەوێ، هەر ساڵێ(1997 و 1998) تەنیا لەو سێ بنکەیەدا(بەکرە جۆ، مەعسکەر سەلام، پەرتەوازەکانی ناو شار)(7037)حەفت هەزار و سی و حەفت خێزانی

ئاوارەی شەڕی ناوخۆی تێدابوو کە ژمارەکەیان (39198) سی و نۆ هەزار و سەد و نۆهەت و هەشت کەس بوون لەوانە تەنیا(1295) هەزار و دووسەد و نۆهەت و پێنج کەسیان بێلایەن و(324) سێ سەد و بیست و چوارکەس هی لایەنەکانی دیکەی وەکو سوسیالیست، زەحمەتکێشان، پارێزگاران، کۆمونیست، ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، هەندێ لایەنی تر بوون، هەر لە شەڕی(31) ی ئابدا(624)شەش سەد و بیست و چوار کەس کوژران، هەروەها لە ناو ئاوارەکاندا(876) بێوەژن و(110)کەس گیراوی زیندانی سیاسی و(529) کەس لە کەس و کاری ئەنفال کراو، ئەوەی لێرەدا هاتووە تەنیا ناو شاری سلێمانی دەگرێتەوە بێجگە لە شارو شارۆچکە و گوندەکانی تر، بە دروستی ژمارەی ئاوارەکانی هەولێر لە سلێمانی بە پێی ڕاگەیاندنی(49000)چل و نۆ هەزار کەس دەبوون، بەپێی ڕەگەیاندنی پارتیش ئاوارە بوونەکانیان(58000)پەنجا و هەشت هەزار ئاوارەی سلێمانیش لە هەولێر و شارەکانی دیکە بوون، ئەوەی کورد بە کوردی کردوە، هیچ عەقڵێکی دروستیش مەزەندەی ئەو ژمارە زۆرەی نەکردووە، بێجگە

لەوانەش(3000) سێ هەزار کوردی ئاوارەی رۆژ هەڵاتیش لە سنوری سلێمانی دەژیان.. ناوی خێزانە ئاوارەکانی ئەو کات هەن بەڵام ئەو ژمارەیە گۆڕانی بەسەر داهاتووە و زۆربەی ئاوارەکانی پارتی و یەکێتی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، بەڵام لەدوای چی، لەدوای لەدەستدانی سەدان کوژراو و بێوەژن ومندالی بێ باوکو، (412)چوارسەدوو دووازدە کەم ئەندام و زیانی ماددی گەورەی تریش.

نمونەیەکی دیکەی قەزای مەخمور لە شەستەکانی سەدەی بیست ژمارەی دانیشتوان(100000)سەد هەزار کەس دەبوو، ئێستا بە قەراج و کەندیناوە ناگاتە (10000) ( دە) هەزار کەس کەچی ئێستا بەهۆی زیاد بوون، بەلای کەم نیو ملیون کەس دەبن و ئاوارەی شارەکانن، هەر کوردە ئاوارە فەیلیەکان دەیان هەزار کەس دەبوون، هەندی ناوچە هەتا ئێستاش بەتەواوی لە کورد پاککراوەتەوە وەکو بەدرە و جەسان و تەلەعفەر و زومار و قەراج و بەشێکی زۆری گوندەکانی شەنگال.ئەوەی جێگای نیگەرانیە گەلی باشووری کوردستان هیچ کاتێک دەستەیەکی ئەمین نەبووە بیپارێزێ و لەو مەرگە ساتە دەربازی بکات.

ساڵی(1987 و 1988) زیاتر لە دوو ملیۆن کورد ڕاگوێزان و گوند و شارۆچکەکانیشان لێ تەخت کردن، کە خۆی زیاتر لە(4000) چوار هەزار گوند و شارۆچکە دەدا مەگەر ئەو جۆرە ئاوارەبوونە تەنیا لە ئەفسانەکان بوونی هەبێ، کۆڕەوی(1991) کۆڕەوی مردنی منداڵ و پیر و سەقەت بوو، کورد وەکو میللەتێکی هەمیشە لە سەفەر کردن دابووە.

بە هۆی هێرشەکانی داعشیش زیاتر لە نیو ملیۆن کورد ئاوارەبوون، لەوانە نیو ملیۆن کوردی ئێزیدی بوون و هەتا ئێستاش زۆربەیان نەگەڕاوەنەتەوە شوێنی خۆیان، لەدوای ئەو هەموو کارەساتە پارتی و یەکێتی شەڕ لەسەر پارە و پوول و بەرژەوەندی تایبەتی تەسکی حزبی خۆیان دەکەن، نەیانتوانیوە بە هانای خەڵکەکەوە بێن و پشتیوانی گەل بن وەک ئەوەی بلێی هێشتا هیچ شتێک لە کوردستان ڕووینەداوە.. هەرکەسێ هەر لە ساڵی(1999) هەزار و نۆسەد و نۆهەد نۆ بۆ نمونە ئەو کاتەی کە شەڕ نێوان پارتی و یەکێتی ڕاوەستابوو پێشێلکاری هەر بەردەوام بوو.

**ئاماری پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە دۆسیەی تایبەتیان هەیە بەم شێوەیەیە، لەمەودای...**

1- پارتی..(4143)چوار هەزار و سەد و چل و سێ پێشێلکاری لەوانە(48)چل و هەشت کوشتن(365)سێ سەدو شەست و پێنج گیراو ئەوە لەکاتی سی و یەکی ئاب بوو(3381)سێ هەزار و سێ سەد و هەشتا و یەک کاریتێکدەرانە کراوە هەن.

2- یەکێتی(502) پێنج سەدوو دوو پێشێلکاری لەوانە(32) سی و دوو کوشتنن(80) هەشتا گیراو.

3- بزووتنەوە(223)دووسەد و بیست و سێ پشێلکاری لەوانە(4)چوار کوشتن(62)شەست و دووگرتن، (106) سەد و شەش کاری تێکدەرانە.

4- هی حزبەکانی دیکەش هەمووی(29) کەسە.

تێکڕای پێشێلکاریەکانی یەک ساڵ ئەوانەی کاتی خۆی(95٪) لەسەدا نۆ هەدوو پێنچ دۆسیەی بۆ کراوەتەوە هەمووی دەکاتە (4897) چوار هەزار و هەشت سەد و نۆهەت و حەوت کەس، ئەگەر هی تەواوی ساڵەکان بڵاوبکرێتەوە خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدات تەنیا لە ماوەی پێنچ ساڵی تەمەنی مەکتەبی مافی مرۆڤدا، ئەمە تەنیا هی شەڕی

ناوخۆیە، وەرن سەیری پێشێلکاریەکانی (عێراق و تورکیاو ئێران) بکەن، وەکو دۆکۆمێنت دوایی ئاشکرای دەکەین بە هەموو زانیاری و بەشەکانیەوە، جارێ تەنیا سەیری ئەو ئامارە بکەن.

1- عێراق(5015)پێنج هەزار و پازدە پێشێلکاری لەوانە، (230)دووسەد و سی کوشتن، (892)هەشت سەد و نۆهەد و دوو لەسێدارەدان، (1173)هەزار و سەدو حەفدەگرتن، (285)دوو سەد و هەشتا و پێنج زیندانی کردن، (444) چوارسەد و چل و چوار خێزانی راگواستن، (226) دووسەدوو و بیست و شەش زەوتکردنی ممتەلەکات.

2- تورکیا(1745) هەزار و حەفت سەد و چل و پێنج پێشێلکاری لەوانە، (329) سێ سەد و بیست و نۆ کوشتن، (727) حەفت سەد و بیست و حەفت گرتن، (560) پێنج سەدو و شەست بە باشووری کوردستان چەند قات زیادی کردووە، ڕۆژنامەی..نۆردیک مۆنیتۆر.. بە پێی تۆمارەکە وا دەنووسێ (( تورکیا لە نێوان مەبەستتان چیە؟)) زەوتکردنی مومتەلەکات، لە کاتێکدا ئەو پێشێلکارینەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر ئابی (2017) و(15) کانونی یەکەمی(2018) دوو هەزار

هەژدە ژمارەی پێشێلکاریەکان(3356) سێ هەزار و سێ سەد و پەنجا و شەش پێشێلکاری دژ بەخاک و ئاسمانی عێراق ئەنجام داوە، لە(1) ی کانونی یەکەمی(2018) و (4) ی کانونی یەکەمی (2019) پێشێلکاریەکانی بۆ(3523) سێ هەزار و پێنج سەد و بیست و سێ زیادی کردووە هەروەها لە (13)ی تەموزی (2020)تا(7)ی کانونی دووەمی(2021)ژمارەی پێشێل کارییەکان گەیشتووتە (4068) چوار هەزار و شەست و هەشت پێشێلکاری بووە.

تێکڕای پێشێلکاریەکانی تورکیا لە سێ ساڵدا (10847) دە هەزار و هەشت سەد و چل و حەفت تورکیا پێشێلکاری بەرامبەر بە باشووری کوردستان ئەنجام داوە، کەواتە ڕۆژانە نزیکەی(10000)دە هەزار پێشێلکاری سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی عێراق سکاڵای لە نەتەوە یەکگرتوەکان تۆمار کردووە کەچی هیچ ئەنجام وەڵامێکی نەبووە، ئەوەش نەتەوە یەکگرتوەکان !!!؟؟؟.

3- ئێران(170)سەد و حەفتا پێشێلکاری لەوانە(5) پێنج کوشتن، (165) سەدو شەست و پێنج گرتن.

هەر لەگەل ئەوەشدا ژمارەی تیرۆر کراوانی ئەندامانی حزبی دیموکراتی ئیران لە(1990/9/20

تا 12 / 6 /1999) هەزاروو نۆسەد و نۆهەد و نۆ ئەوانەی تیرۆرو بریندار کراون(175)سەد و حەفتاو پێنج کەسن لەوانە (127)سەدو بیست حەفت کوژراون و(43)چل و سێ بریندار کراون، لیستەکە لە عەبدوللا بیژەن فەر دەست پێ دەکات و لەناوی محەمەد مستەفایی(حەمەی ئارسنی) کۆتایی پێدێت.

ئەو ژمارەیە تەنیا لە سنووری یەکێتی روویداوە، لەسنووری پارتیش خۆی زیاتر لە(100) سەد کەس دەدات هەر دوا هێرشی دەولەتی ئێران بۆ سەر شارۆچکەی باسترمە لە هەریر چەندین کوژراوی لێکەوتەوە، بێجگە لە تیرور کراونی کۆمەلە و لایەنەکانی دیکە کە لەو ژمارەیە کەمتر نیە، تێکڕای ئەو تاوان و پێشێکاریانەی هی ئەم سێ ولاتە بەرامبەر بە باشووری کوردستان کراوە دەکاتە(7018) حەفت هەرزار و هەژدە تاوان و پێشێلکاری، تیرۆر کراوانی حزبی دیموکراتی ئێرانیشی بخەیتە سەر دەکاتە (7193) حەفت هەزار و سەد و نۆهەد و یەک تاوان و پێشێلکاری.

کورد ئەگەر خاوەنی خۆی هەبایە، مەبەستم خاوەنداری خۆجێیەتیە، بەهۆی ئەو غەدر و تاوانەی لێیکراوە هەر دەگەیشتە ئامانجە مرۆڤینیەکانی خۆی کاتی خۆی کە مەکتەبی مافی مرۆڤ دامەزرا بۆ ئەوە بوو پێشێلکارییەکانی هەموو لایەن و کەسێک باسبکات، نەک شاردنەوەی هەندێ لایەن و باسکردنی هەندێ لایەنی دیکە، کاتێ ئەوەش نەبوو هەر ئەو لایەنە مەکتەبەکەی ئیفلیج کردو و لەکاری خست و وەک کارتۆنێک بۆ کاری کاریکاتێری بەکاری دەهێنێ لەسەر بناخەی درۆ، بەبڕوای من گەورەترین تاوان بوو دەرهەق بەکوردو کوردستان و هاوولاتیانی کورد کرا، ئەوەی لەژیاندا فێر بوویمە (سەخترین شتێک لە ژیانی هەر دەسەلاتێک کاری بەڕێوەبردنی کۆمەلە) کە تاکو ئێستاشی لەگەل دابێ دەسەڵاتی کوردی وەکو گالتەجارییەک دێتە پێش چاو کەچۆن ئیهانەی مرۆڤی کورد دەکرێ هەر لەلایەن کوردەوە.

بە هەر هەموو لایەن بەهۆی شەڕی ناوخۆ و هێرشی دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، تەواوی دیمۆگرافیای کوردستان هەڵوەشاوەتەوە، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو قسەیە بەر لە سەدەیەک بەپێی

ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتی باشووری کوردستان ئەو پەڕی(25٪)خەڵک لە شارەکان دەژیان و(75٪) هاولاتیان لەگوندەکان دەژیان و کاری بەرهەمهێنان دەکردوو خۆبژێو بوون، بەڵام ئێستا زیاتر(75٪) لە شارەکان دەژین و کەمتر لە(25٪) لە گوندەکان و بەشێوەیەکی پەرتەوازی و بێ خزمەتگوزاری دەژێن لەگەل ئەوەشدا بەرهەمەکانیان بۆ ساغ ناکرێتەوە تاوای لێهاتووە گەلی کوردستان لەگەلێکی خۆبژێن بووەتە گەلێکی بەکار بەر و بێکاریگەر، بۆ ژیانی تایبەتی خۆیی و بۆ میللەتەکەشی، ئەمە وای کردووە تەواوی ژێر خانە ئابوورییەکەی وێران بووە، بۆ سادەترین شت پشت بە شتی ئامادەکراو و هاوردە ببەستێ و بووەتە گەلێکی مشەخۆری کۆیلەی دەستپانکەرەوە لە چەوسێنەران و دەسەڵاتداران، کە تەوای بیریاد و کەسیەتی خۆی لە دەست داوە، ئەم تراجیدیایە شەرمە بۆ نەتەوەیەکی دێرینی کوردستان و تاکەکانی، لەپێشدا ئەوەمان گوتووە  کە شەڕ و ئاژاوە و ئاوارەیی چ ئافاتێکە تەنیا ئامازە بە یەک ساڵی(1997-1998)هەزار و نۆسەد و نۆهەد و حەفت و هەزار و نۆسەدا نۆهەد و هەشت دەدەین لە ژێر

سێبەری دەسەڵاتی کوردی(دوو زوم) کە چی بەسەر هاتووە، بێگومان دوای ئەوە زۆر خراپتریشی بەسەر دا هات، ژمارەی ئەوانەی لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دوا قۆناغی دواناوەندی(5951) پێنج هەزار و نۆسەد و پەنجا و یەک خوێندکاری کوڕ وازی لە خوێندن هێناوە، (4574)چوار هەزار و پێنج سەد و حەفتا و چوار خوێندکاری کچ وازی لە خوێندن هێناوە هەمووی بە کچ و کوڕ دەکاتە(10525)دە هەزار و پێنج سەدو بیست و پێنج خوێندکار، ئەو ژمارەیەش کەم نیە و ناکرێ خۆی لێ بێ دەنگ بکرێ، هەروەها لە ساڵی خوێندنی(1999/1998) نۆهەد و هەشت ونۆهەد نۆ لە تێکڕای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لە کۆی(237503) دووسەد سێ و حەفت هەزار و پێنج سەدوو سێ خوێنکار(7722) حەفت هەزار و حەفت سەد و بیست و دوو خۆێندکار وازی لە خۆێندن هێناوە بەو دوو ساڵە(18267) هەژدە هەزاروو دوو سەد و بیست و حەفت خوێندکار، ئەو ڕێژەیە هەتاکو ئێستاش هەر بەردەوامە.

لێرەدا نمونەیەکی تر دەهێنینەوە ئەویش قەزای گوڵاڵە و کفری و کەلارە کە ژمارەیان پێش ئەنفالەکان

چۆن و چەندبووە و ئەو ناوچەیە چی بەسەر هاتووە و خەڵکەکەی چۆن سەرگەردان و ئاوارە بووینە، ئەم ئامارە هی ساڵی( 1997 1998 )ە:-

## قەزای گوڵالە

پێش ئەنفالەکان بە گوندەکانەوە کە (81) هەشتا و یەک گوند بە خۆ دەگرێ و(4756) چوار هەزار و حەفت سەدوو پەنچا و شەش ماڵ بوو، لەدوای ئەنفالەکان(2614) دوو هەزار و شەش سەدوو چاردە ماڵی تێدا ماوە، ژمارەی ئەو ماڵانەی نەگەڕاونەتەوە (2142) دوو هەزاروو سەد و چل و دووماڵ

.

## قەزای کفری

ژمارەی گوندەکان(57) پەنچا و حەفت گوند ژمارەی ماڵەکان پێش ئەنفال(2825) دووهەزار و هەشت سەد و بیست و پێنچ، ژمارەی ماڵەکانی دوای ئەنفال(1236) هەزار و دووسەد و سی و شەش ژمارەی ئەو ماڵانەی نەگەڕانەتەوە(1589)هەزار و پێنج سەدو و هەشتا و نۆ ماڵ.

## قەزای کەلار

ژمارەی گوندەکان(180) سەدوو هەشتا گوند ژمارەی ماڵەکانی پێش ئەنفال(6902)شەش هەزار و نۆسەد و دوو ماڵ ژمارەی ماڵەکانی دوای ئەنفال(4728)چوار هەزار و حەفت سەد و بیست و هەشت ژمارەی ماڵە نەگەڕاوەکان(2174)دوو هەزار و سەد و حەفتا و چوار ماڵ.

دەبا دوای روخانی سەدام حوسەین ئەو ناوچەیە ئاوەدان بکرایایەوە...بەدڵنیاییەوە دەڵێم (10٪) لە سەدا دەی خەرجی شەڕەکانی ناوخۆ بۆ ئاوەدانکرنەوەی گوندەکان بەکار بهاتابایە دەتوانرا ناوچەکە بە باشی ببوژێندرایەوە، کەچی ئەو دەڤەرە گەرمترین شەڕی تێداکرا.

## قەزای دەربەندیخان

ژمارەی گوند(42) چل و دوو ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال(1348) هەزار و سێ سەدو چل و هەشت ژمارەی ماڵ دوای ئەنفال(835) هەشت سەد و سی و پێنج ژمارەی ئەو ماڵانەی نەگەڕاونەتەوە(513) پێنج سەد و سێزدە ماڵن.

کۆی گشتی قەزاکانی کفری ،کەلار ، خانەقین ، دەربەندی خان.

ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال(15831) پازدە هەزار و هەشت سەد و سی و یەک ژمارەی ماڵ دوای ئەنفال(9413) نۆ هەزار و چار سەد و سێزدە ژمارەی ئەو ماڵانەی نەگەڕاونەتەوە(6418) شەش هەزار و چوارسەد و هەژدە ماڵ، ئەوماڵانە یا بەر ئەنفال کەوتوون بە پەڕاگەندەی شارەکانی تری وەک سلێمانی هەولێر و شوێنی تر بوونە، یا کۆچیان بۆ دەرەوەی کوردستان کردووە.

## قەزای شارەزوور

لە قەزای هەڵەبجە و پێنچوین ژمارەی ئەو گوندانە یاداشت دەکەین کە لە سنوری و شکە بارانیدا نین و کێشەی بێ ئاویان هەیە.

گوندەکانی ناحیەی زرایەن(15) پازدە گوندە و ژمارەی ماڵ(312) سێ سەد و دووازدە ماڵ، کێشەی بێ ئاویان هەیە.

ناحیەی خورماڵ(7)حەفت گوند ژمارەی ماڵ(230) دووسەدو سی ماڵ، کێشەی بێ ئاویان هەیە.

قەزای پێنجوین(10) دە گوند ژمارەی ماڵ(315) سێ سەدو پازدە ماڵ، کێشەی بێ ئاویان هەیە.

قەزای هەڵەبجە(13) سێزدە گوند ژمارەی ماڵ(576) پێنج سەد و حەفتا و شەش، کێشەی بێ ئاویان هەیە.

ناحیەی سەید سادق(15) پازدە گوند ژمارەی ماڵ(1543) هەزار و پێنج سەدو چل و سێ ماڵ، کێشەی بێ ئاویان هەیە.

ناحیەی عەربەت(30) گوند ژمارەی ماڵ(1595) هەزار و پێنج سەدو نۆهەد و پێنج ماڵ، کێشەی بێ ئەویان هەیە.

لە هەموو ناوچەکانی دیکەش کێشەی ئاو لە کێشە هەر لە پێشەکانی گوندەکانە...

*نمونەیەکی دیکە لە سوتانی ژن لە قەزای شارەزوور و هەڵەبجە مانگی (7و8) و (9و10) ساڵی(1999) هەزار و نۆسەد و نۆهەد و نۆ.

*هەڵەبجەی تازە(15)پازدە ژن.

*زەراین(3)سێ ژن، عەربەت (1) یەک ژن.. پێنجوین(1) یەک ژن .

*قەزای هەڵەبجەی شەهید(38) سی و هەشت ژن لە مانگی( 7 و 8)حە فت و هەشت سوتاون، مانگی( 9 و 10) ژمارەی ژنی سوتا(75)حەفتا و پێنج ژن بووە. ئەوە تەنیا ئاماری دوو مانگە لەو دوو شوێنە، لە پێشدا ئەوەشمان گووتوە ساڵانە دەیان ژن شوێن بزردەکرێن.

## قەزای چەمچەماڵ

ژمارەی گوندەکان(69)شەست و نۆ گوند ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال(1803) هەزار و هەشت سەد و سێ ژمارەی ماڵ دوای ئەنفال(1284) هەزا و دووسەد و هەشتا و چوار هێشتا(13)سێزدە گوند ئاوەدان نەکراوەتەوە..

## ناحیەی سەنگاو

ژمارەی گوند(100) سەد گوند ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال(3125) سێ هەزار و سەد و بیست و پێنج ژمارەی ماڵ دوای ئەنفال(1964) هەزار و نۆسەد و شەست و چوار هێشتا(18) هەژدە گوند ئەوەدان نەکراوەتەوە.

## ناحیەی قادر کەرەم.

ژمارەی گوند(28) بیست و هەشت ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال(1296) هەزار دووسەد و نۆهەد و شەش ژمارەی ماڵ دوای ئەنفال(827)، هەشت سەدو بیست و حەفت.

## ناحیەی ئاغجەلەر

ژمارەی گوند(67) شەست و حەفت ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال(4048) چوار هەزار و چل و هەشت ژمارەی ماڵ دوای ئەنفال(1959) هەزا رو نۆ سەد پەنچا و نۆ هێشتا (6) شەش گوند ئاوەدان نەکراوەتەوە.

## ناحیەی شوان

ژمارەی گوند(31) گوند سی و یەك ژمارەی ماڵ پێش ئەنفال(1840) هەزار و هەشت سەد و چل ژمارەی ماڵ دوای ئەنفال(662) شەش سەد و شێست و شەش هێشتا (6) شەش گوند ئاوەدان نەکراوەتەوە.

## قەزای مەخمور

بەر لە(150)سەد و پەنچا ساڵ هیچ عەرەبێکی تێدا نەبوو، (130) ساڵ بەر لە ئێستا عەرەبە مەرپدارەکان لە زێی کەلەک پەڕینەوە، هاتنە ناو خاکی کورد و وردە وردە گوندیان لێ دروست کرد، ژمارەی عەرەبەکان ئێستا(35000 ) سی و پێنج هەزار عەرەب لە(56) پەنجا و شەش گوند دەژین، بە هەموو گوندە کوردەکانیش تەنیا(5000) پێنج هەزار کەس ماوە کە پێشتر ژمارەیان دەگەیشتە زیاتر لە(100000) سەدهەزار کەس.

گوندەکانیش بەم شێوایە بوون:-

| | |
|---|---|
| مەرکەزی قەزای مەخمور | 17 گوند. |
| ناحییەی قەراج | 84 گوند. |
| ناحییەی کوێر | 52گوند |
| ناحییەی دیبەگە | 43 گوند |

هەموو گوندەکان دەکاتە 194 سەد و نۆهەت و چوار گوند، لەو ژمارەیە(138) گوند هی کورد بووە وەکو ئامارژەم پێکرد ژمارەی کورد ئێستا لەو هەموو گوندە ناگاتە(5000) پێنج هەزار کەس، سەیری ئەو کارەساتە بکەن کێ بۆتە قوربانی و کێ بووتە ملیاردێر و ملیۆنێر، ئەوە یەک لە بەرهەمەکانی شەڕێ ناوخۆشە.

ئەمین زەکی بەگ زۆر بەوردی باسی کوردی قەزاکانی موسڵ و شەنگال و تەلەعفەر کە بەشێکی زۆری کورد بوون بەتایبەت بەدرە و جەسان.

ئەو ناوچانە بەزۆری لە دەست چوونە، وەکو ئەوەی وایە بەدیاری بدرێتە ئێراق و عەرەبەکان، ئەوە تەنیا لە سنورەکانی نێوان کوردو عەرەب روویداوە و لە قولایی کوردستانیش تووشی هەمان کارەسات هاتووە وگەورەترین ئەنفال وکیمیا بارانی تێدا ئەنجام دراوە.

بۆ زیاتر زانیاری (رووبەری زەوی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتی سنوری قەزای مەخمور هەر سێ ناحیەکەی- گوێڕ- قەراج- دیبەگە)بەم شێوەی خوارەوەیە.

•رووبەری گشتی بە دۆنم:- (1053579)یەک ملیۆن و پەنچاو سێ هەزا رو پێنج سەد و حەفتا و نو دۆنم.

• رووبەری شیا و بۆ چاندن(894537)هەشت سەد و نۆهەد و چوار هەزار و پێنج سەد و سی و حەفت دۆنم.

•رووبەری نەشیاو(158615) سەد و پەنچا و هەشت هەزار و شەش سەد و پازدە دۆنم.

•رووبەری چاکسازی(466495)چوارسەد و شەست و شەش هەزار و چوار سەد و نۆهەد و پێنج دۆنم زەوی چاکسازی کشتوکاڵی.

•رووبەری کەرتی تایبەت (موڵک)(367006)سێ سەد و شەست و حەفت هەزار و شەش دۆنم.

• رووبەری دێمی(856865) هەشت سەد و پەنچا و شەش هەزار و هەشت سەد و شەست و پێنج دۆنم.

•رووبەری زەوی بەراو(35253) سی و پێنج هەزار و دوو سەد و پەنچا و سێ دۆنم..

ئەو هەمووزەویە بە پیتە لە پێنا و چی ئێدارەی هەرێم دەست بەرداری بووە.؟؟؟

***بە پێویستمان نەزانی سەرگەڕان و شەمامک و قوشتەبە بنوسین کە هەمووی لامان هەیە، هەرچەندە ئەو ناحیانەش گوندەکانیان(10٪) لە سەدا دەشی نەگەڕاونەتەوە، بەڵام بە عەرەب نەکراون، تەنیا عەرەبی ئاوارەی زۆری تێدایە.

## کوا باشووری کوردستان ماوە؟؟

ئەوەی ئەمڕۆ (مانگی ئاداری ساڵی 2021) دوو هەزار و بیست و یەکە بە هۆی سیاسەتی چەوتی سەرکردایەتی کورد و کوشتاری یەکتر و وابەستەیی بە ئەجیندای دەوڵەتە دەگیرکەرەکانی کوردستان، کوا ئەو کوردستانەی ڕۆژگارێک نە باشووری کوردستان بەڵکو کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان خەونی پێوە دەبینی، کە ببێتە مەشخەلی ئازادی و ڕووناکی و ڕێگا خۆشکەر بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەموو کوردێک لە هەرجێگایەکی ئەم جیهانەدا شانازی پێوەبکات و لەسێبەریا بحەسێتەوە، وەک دەبینن کەچی ئەنجامەکەی وای لێدەرنەچوو، بەڵکو بووە ئەزموونێکی شکست خواردوو و ئایندەیەکی تاریک هیچی تری لێ هەڵ ناهێنجێرێ.

لەسێبەری ئەم دەسەڵاتە هەتا پێورە کەسیەکان و کارە عەقڵانی و نا عەقڵانی تێکەڵاوی یەکتر بوونەوە وەکو یەکی لێهاتووە، بۆیە دەبینێ.

زانا و نەزان وەک یەکن.

ڕاست و درۆ وەک یەکن.

دڵسۆزی و ناپاک وەک یەکن.

خاین و وڵات پەروەر وەک یەکن.

ئازا و ترسنوک وەک یەکن.

باشە کۆمەڵ کاتی لەو بارووودۆخەدا بژی و ژیان بەسەر ببات، دەبێ چاوەڕوانی چ ئایندەیەکی لەمە باشتر بکات.!!!؟؟.

ئێستا جۆگرافیای بەشەری باشووری کوردستان بەم شێوەی خوارەوەیە:-

رووبەرەکەی(88000) هەشتا هەشت هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە لە(51٪) لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە داگیرکراوە ئەوەی لەبەر دەستی کورد ماوە(44000)چل و چوار هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە، ئەوەش بووتە(9) نۆ بەش دەوڵەتی عێراق، زومی زەرد، زومی سەوز، زومی تورک، زومی(PKK) کەنزیکەی(800) هەشت سەد گوند بەپێی گۆتە و زانیارییەکانی پارتی کە بەشێوەیەکی فەرمی رایانگەیاندووە لە ژێر کۆنترۆلیان دایە، زومی شەنگال، زومی شەبەک، زومی فەیلیەکان کە زۆریان بەگەل شیعەکان کەوتن، ((ئەم بابەتە هەرچەندە هی ئەو کتێبە نیە، تەنیا بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێت و بە باشی واقیعەکە بخوێننەوە، چونکە وەک دیارە بابەتەکەی ئێمە لە سەر شەڕی ناوەخۆیە، لەم

حاڵەتەدا.....پێویستە رووپێوێکی مەیدانی بکرێ و لەلایەن خەڵک و لایەنە رەسمیەکانیش راستبکرێتەوە و بدرێتە نەوەکانی ئاییندە ئەگەر ئەم کارەش نەکری ئەوە بێگومان تاوانەکان دووقات دەبنەوە ئەوکات دەبێتە( هەم دۆڕان هەم شاردنەوە) لە هەموو حاڵەتێکیشدا مێژوو حوکمی خۆی هەیە.

لە نەزانین بێ یا لە بێئاگایی بێت باشووری کوردستان نیوەی خاکەکەی لە دەست چووە و نیوەکەی تریشی لە رەهن داناوە.

لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی کۆمەڵی بەشەری، هێشتا لە کوردستان کلتوری ئیسلام و خێڵەکی و بنەماڵەیی هەروا دەستی دەڕوات و لە شوێنە دوورە دەستەکانیش لە هەرەتی دایە، ئەوەی نکۆڵیشی لێناکری ئەم دەسەڵاتە سەقەتە نا زانستتیەی کورد هەمیشە هەوڵی مانەوە و پشتگیریشی ئەو کلتورانە دەکات چونکە بە سەر چاوەی هێز لێوەرگرتن و کۆڵەگەکانی دەسەڵاتەکەی خۆی دەزانێ کە لە سەری وەستاوە، بەبڕوای من کاتێ باوەڕ (عەقیدە)پیرۆز دەکرێ دەبێتە سەرچاوەی تاوان و کۆیلەیی مرۆڤ، چونکە ئەوە مرۆڤدۆستی لە دەست دەدات و دەیکوژێ.

لە ساڵی(1964)هەزار و نۆ سەد و شەست چوار بێجگە لە داگیرکەرانی کوردستان وابەستە بە ئایدۆڵۆجی وەهم و خەیاڵی لەلایەن خەڵکی کوردەوە، لەسەر دەستی کوردیش وەرشەی مرۆڤ کوشتن هەتا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە هەر لە یەکەم خولی کوشتن لە (1994/5/12) هەزار و نوسەد و نۆهەد و چوار ژمارەی کوژراوەکان گەیشتە(300)سێ سەد کەس، بۆ ساڵی داهاتوو گەیشتە(2000) دوو هەزار کەس، لە دەست تێوەردانی تورکیاش لە بەرژەوەندی پارتی(1200) هەزار و دووسەد کەس کوژران هەر لەو ساڵەش کۆمەڵ کوژی(PKK) کرا لە هەولێر لەسەر دەستی پارتیەوە، تا گەیشتنە رێککەوتنی ساڵی(1998)ی واشنتۆن لە نێوان پارتی و یەکێتیەوە.

نیشتمان پەروەریش لەسەر بناغەی تیرۆر کردنی یەکتر و کوشتنی یەک و دوو، درۆیەکی زەق و شانۆگەریەکە و لە نمایش کردنێک هەراچ کراو زیاتر هیچی تر نیە، بەر لەوەی ئەو دەق و تێکستانەی هەن بیدەین بە ئێوە سەرباسێکتان بۆدەکەین، ئەوەی راستی بێت ژمارەی، لە ساڵی(1964) هەزار و نۆسەد و شەست و چوار تا(1976)هەزار و نۆ سەد و حەفتا و شەش ژمارەی و لیستی کوشتن (تیرۆر) و دیل کوشتنی

نێوان شەڕی جەلالی و مەلاییم لا نیە هەندێک دەزانم بەڵام ئەو ئەرکە بۆ نوسەرە ئازا و بوێرەکانی بەجێ دەهێڵم چونکە کاتی ئەوەشم لەبەر دەستدانیە، هەرچەندە لە کۆتایی ساڵی(1967)هەزار و نۆسەد و شەست حەوت هاتوومە ناو کاری سیاسیەوە، ئەوکاتیش ئەو توانایەم نەبووە رووداوەکان یاداشت بکەم یا نەگەیشتوومە ئەو پلەییەی کە بتوانم ئیش لە سەر ئەو دۆسیانە بکەم بۆیە ئەوەی ئیستا جەختی لە سەردەکەم و دەینوسم خۆم لەگەڵیدا ژیاوم، یا بە حوکمی کارەکەم بەدەستمان هێناوە...لەگەل خراپوون و تێکجوونی بار و دۆخە کۆمەڵایەتیەکان دەیان دیاردەی جۆرا و جۆر سەرهەڵدەدەن گومانی تێدا نیە زۆربەی بەهۆی شەڕی ناوخۆوەیە وەکو هەژاری و بێکاری وازهێنانی دەیان هەزار خوێندکار لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون، رەوکردنی باشترین توویژی گەنجان لەگەل بەهەرە و تواناکانان بۆ دەرەوەی کوردستان.

سەیر لەوە دایە لە ساڵی(1997 و 1998)تا مانگی شەشی(1999) ئەو ژنانەی کوژراون و( دۆسیەکەیان پارێزاون)(433) چوار سەد و سی و سێ ژنە کە تەنیا هی کرکوک و سلێمانی و هەولێرە، ئەوەی جێگای

نییگەرانی بێت لەو ژمارەیە(25)منداڵی تێدایە تەمەنیان(12 بۆ 17)ساڵ دەبێ، زۆربەی ئەوانی دیکە توهمەی بەدرەوشتیان خراوەتە پاڵ یا خۆیان سووتاوون ئەمە بە خۆی تاوانێکی گەورەیە و لەکەیەکی شەرمەزاریە بەناوچەوانی مێژووی کورد، کە لەوانەیە هەر لەو کوژراوانە سوتێندرابن، هەندێ لاشەش دۆزراوەتەوە و نەناسراوەتەوە بەشێکی زۆریش لە بکوژەکان دیار نینە زۆریش لە ژنە کوژراوەکان هەر لەژێر گۆڕنراون و کەس نازانێ بێجگە لەوەش سەدان هەوڵدانی خۆکوشتن و دەستدرێژی سێکسی و لێدان و ئەشکەنجەدان بەرامبەر بە ژن کراوە.

ئەو ژمارەیە (188) سەد هەشتا و هەشت ژن دۆسیەکەی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی سلێمانیە و ئەوانی دیکە لە مەکتەبی مافی مرۆڤە، دەبێ ئەو ناوانە لە ئەرشیفی حکومەتی سلێمانی دا مابن، چونکە بە نوسراوی رەسمی ئەوکات دراوەتە جلال تاڵەبانی و سەرۆکی حکومەت کوسرەت رەسول، هەر لەو ماوەیەدا (651) شەش سەد و پەنجا و یەک منداڵی کچ و کوڕ بێ باوک ماونەتەوە لیستەکە لە ئالا (سەعد محەمەد ) دەست پێدەکات بە( سلمان عوسمان نوری) کۆتایی پێدێت.

## کوژرانی پیاو هەر لەو ماوەیەدا

**سالّی(1997) ژمارەی کوژراو(158)سەد و پەنجاو هەشت کەس بووە، بەشێکی زۆری بە هۆی کێشەی سیاسیەوە بووە.

**سالّی(1998) ژمارەی کوژراو(199)سەد و نۆهەد و نۆ کەسی بووە بەشێکی زۆری بەهۆی کێشەی سیاسیەوە بووە.

**کوشتنی پیاو لە شەش مانگی یەکەمی سالّی هەزار و نۆهەد و نۆ(1999) ژمارەی کوژراو(85) هەشتا و پێنج کەس بووە.

کە هەمووی دەکاتە(442)چوار سەد و چل و دوو پیاو کوژراون.

بێجگە لە سەدان هەولّی کوشتن و گرتن و مالّ تالاّن کردن کە بەشێکی زۆری بکەرەکانیشی ئاشکران و لە ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یا ئەنجوومەنی وەزیرانی سلێمانی دا دەبێ هەبن.

هەرچەندە ئەو کوژراوانە هی دوای(31)ئابە، لەدوای ئەوەش کوشتار هەر بەردەوامی هەیە، ((بەهۆی کارەساتە گەورەکە بەر لە(31) ئاب و لەکاتی

شەڕەکانی(31) ئابدا زۆر خوێناوی بوون و کۆمەڵ کوژی دیلی زۆر تێدا کراووە)) سەرنجیکیشتان بە کورتی بۆ ئەو لاینەش رادەکێشین، تاییەتی دەدەین بە کوشتنی دیلەکانی چەنگ، کە هیچ یاسایەکی مرۆڤی و ئەخلاقی تێدا رەچا و نەکرایە و بە هیچ شێوەیەک لە سنوری عەقڵی مرۆڤ دانیە و هیچ رێسایەک نایبڕێ کە چۆن ئەوەندە دڕندانە دەستیان چووەتە رشتنی خوێنی یەکتر، هیچ رەوشت و ئاکارێک نایگرێتە خۆیەوە.

## هەندێ نمونە دەهێنینەوە

بەر لە هەموو شتێک کۆمەڵی کورد وەکو کۆ و وەکو تاک دەبێ خۆی پاک بکاتەوە وەک دیارە بە درێژایی مێژوو وەکو تەنەکەی خۆڵ بەکار هێنراوە و هەرکەسێ هاتووە لە داگیرکران و نەیاران کلتوری کورد پیس کردووە و خاپەرۆکی خۆی تێدا فێرداوە، تاعەقڵ ئازاد نەبێ و روح پاک نەکرێتەوە چۆن دەتوانرێ نەوەیەکی بەهێز و بەتواناو تەندروست بەرهەم بهێندرێ، تا ئەوە بەدی نەهێندرێ ئەستەمە پێشکەوتن رووبدات، نەوەی نوێ دەبێ بپرسێ ئەوە چیە روویداوە؟؟ ئێمە هەندێکی دەخەینە روو، ئێوەش مەزەندەی خۆتانی لێبدەن ئەوەی کە روونە بێگومان دەبێ داواکاری هەبێت ئەوەشی لە سنوری دەسەڵاتی هەر لایەک دابووبێ دەبێ وەڵامێکی ئەو دۆسیانە بداتەوە، هەتا لەم ساڵانەی دوایش چەند کەس تریش تیرۆر کراون وەکو سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، محی الدین پێشتریش، ئەبوو نەسیر، رەووف ئاکرەیی و دەیانی تریش، تاکو ئێستا بکەرەکانی نەدوزراونەتەوە ..

کوشتنی(62) شەست و دوو کەسی پشتئاشان کێ کردی چۆن دیلەکانیان کوشت لە کاتی هێرشەکاندا

بەرپرسی میحوەرەکە دەیگووت لە هێرشەکاندا بەرێزتان پاک بێ واتە هەرکەسێ کەووتە دەستتان بیکوژن، لە دوای گرتنی لقی پارتی بە چ هەقێک کۆمەڵ کوژیتان کرد و دوایی بوونەوە بە بەرپرسی کوژارەوەکانیش،،ئەو گالتە جارییە و تاوان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەروا لە خۆڕا بڕوا ئەمە چ ئاستێکی ئەخلاقی نەتەوەیەک دەگەیەنێ جگە لە شەرمەزاری.

بەپێی نووسراوی ژ(13لە7ئابی1999)هەزار و نۆهەد و نۆ مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بادینان لە ساڵی(1976) هەزار و نۆسەد و حەفتا و شەش تاکو ناوەڕاستی ساڵی(1999) هەزار و نۆسەد و نۆهەد و نۆ ژمارەی ئەوانەی یەکێتی بوونە و لە لایەن پارتیەوە تیرۆر کراون یا بەدیلی کوشتوویانن(52) پەنجاو دوو کەسن، لیستەکە لە(..........) دەست پێدەکات و بەناوی(..........) کۆتایی دێت، لەسنوری سلێمانی ئەگەر لەو ژمارەیە زۆر تر نەبێ ئەوا کەمترنیە لەوەی کە یەکێتی پارتیەکانی تیرۆرکردبێ، کۆمەڵ کوژی پشت ئاشان و کۆمەڵ و کوژی قەڵادزێ لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

لە سنووری هەولێر کە سەنتەری شەڕ بووە لە لایەن هەردوو لاوە دەیان جار کۆمەڵ کوژی و دیل کوشتن و تیرۆر ئەنجام دراوە، هەتا حزبەکانی خۆشیان ناویان ناهێنن، ئەگەر ئەمە وانە و پەند نەبێ بۆئەوانەی چەکیان بە دەستە لەگەڵ هەر بانگەوازێک خەنجەرەکان دەسوونەوە بۆ گەردەنی یەکتر کوشتن چ وانەیەک بەکەلکی ئەو مرۆڤانە دیت کە بوونەتە شورەی پاراستن و ئامرازی دەستی تاوانبارەکان......

لە رابرووەوی کورد گەورەترین ئاستەنگ لەوەوە هاتووە هیچ کاتێک سەرکردایەتی سیاسی کورد دان بە هەڵەکانی خۆی دانەناوە، ئەگەر کەمێکیش جاروبار نیمچە دانپێدانێکیشی کردبێ هەوا هەر زوو لە پاشۆڵی کەوتووتە خوارەوە، جارێکی دیکە زۆر خراپتر دووبارەی کردووتەوە، ئەوە یەک لە کارەساتەکانی هەمیشە بەردەوامی کورد بووە، بۆیە هیچ کاتێک سیاسەتەکان راستەرێی خۆی نەگرتووتە بەروو و ئەمە وای کردووە کارەکانی لە بۆ تەقەی ناعەقڵانی گوزەر بکات، لە هەموو قۆناغەکانیش هەر بە شکست خواردوو لێی هاتووتە دەرەوە!.

هەموو حزبەکانی کوردستان گروپی تایبەتی تیرۆر کرنیان هەبووە و نەشیان شاردووتەوە، ئەو گروپانە تەنیا بۆ گیانی یەکتر تیرۆر کردن یا لێدان بەکار هاتوون وەکو لێژنەی کوتەکی قوتابیانی سەر بە پارتی هەندێکیان لە ئەندامەکانی هەتا ئێستاش لە ژیان ماون شانازیشی پێوە دەکەن، بەڵام ئەمرۆ زۆر دژوار بووە رۆژانە کاری تیرۆر و گرتن و ئازار دان و هەڕەشە بەکار دەهێنن، حزب لە کوردستان دەزگایەکی پۆلیسی بێ کەفائەتە و نەخوێندەوارەکان سەرپەرشتی دەکەن، ئەمەش ئەو پەڕی ئەحمەقی و بێویژدانی تێدا ئەنجام دەدرێ و زۆ جار پیشەی جەلاد دەبینن، ئەمە واقیعی ئێستای گەلی کوردستانە و لە زیندانێکی گەورە دەچێ.

## یاسای تاوانەکانی
## دژ بە مرۆڤینی و چەنگ و دووژمنکاری
## بەرەو لاهای

لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی لەناو بازنەی تاوانەکانی دژ بە مرۆیی، لە ساڵی(1945)لە دادگای نۆتنبۆرگی سەربازی ئەلمانی لە کاتی دادگایی کردنی سەران و فەرمادەکانی ئەلمانیا، بەپێی یاسای تاوانبارانی جەنگ بەرێوە چوو دەقی یاساکە یاداشت دەکەین بۆ ئەوەی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا ئەو جۆرە تاوانانەی کراون ئایا تاوانی ئاسای بوونە یا تەواوی ئەو مەرجانەی تێدایە کارێ دژ بە مرۆڤینی تێدا ئەنجام دراوە و ئایا ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون دەچنە خانەی تاوانەکانی جەنگ؟؟؟ ئەو یاسایە نێودەوڵەتیە دادگاکەشی هەر نێو دەوڵەتیە و بارەگاکەی لە لاهایە.

پوختەی یاساکە و پێشێل کردنی یاساکانی جەنگ و پێناسەکەی بەم شێەوەیە (( کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەسەر خاکی داگیرکراو، سوکایەتی پێکردن و دوورخستنەوەیان، کوشتنی دیلی جەنگ و سوکایەتی پێکردنیان، دەست بەسەر داگرتنی ماڵ و موڵکی

تایبەت، تێکدان و روخاندنی هەر شتێک بە مەرجی سەربازی نەبێ سوکایەتی بە هەست و باوەڕی خەڵک)) ئەو یاسایە هەموو بەیەکدادانە چەکدارییەکان دەگرێتەوە وەکو شەڕی ناوخۆی کوردستانیش، لە یاسایەکەشدا(تاک و کۆش دەگرێتەوە) لەدوای خوێندنەوەی ئەو رووداو و جەنگانەی لە شەڕی کورد کوژی باسی دەکەین ئەوجا ئێوەش بەو پەڕی بێلایەنی ویژدانیەوە بریاری خۆتانی لە سەر بدەن، لەناو سەدان و هەزاران پێکدادان دەستبژێرێک دەکەین بۆ بەرچاو روونیتان، هەر یەکەش بۆی هەیە شتی تری بخاتە سەروو بۆی زیاد بکات، بەیاساش بۆی هەیە رەتیبکاتەوە یا لە گەلیدابێ.

## جەنگ و ڕووداو و ئەنجامەکانی

1- هێرشی جاشەکان و پێشڕەوی کردنی لەشکری عێراقی داگیرکەر بۆ سەر کوردستان و تاوانەکانی ئەنفال کە خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدات، هیچ گوندێک و ماڵێک نیە تالان و تێکنەدرابێ بە بێ هاوکاری و ئەنجامدانی جاشەکان، جاشەکان خەڵکیان بەدیل گرتووە یا بەخۆیان کوشتوویانن یا ڕاپێچی گۆڕەپانەکانی کۆمەڵ کوژیان کردوون، بزانن بەپێی یاسای تاوانەکانی جەنگی جیهانی کەس بۆی هەیە ئەوانە ببوورێ، پرسیارێک، ئەوانەی ئەو تاوانبارانە دەبوورن، بەپێی چ یاسایەک بووە و مۆڵەتیان لە کێ وەرگرتووە ئەوانەش چ یاسایەک دەیانگرێتەوە چونکە پێشێلی یاسای دادگای جەنگی نێو دەوڵەتیان کردووە، لە هەمان کاتیشدا ئایا هیچ پۆستێکی ڕەسمیان هەبووە، یا بەپێی یاسای دارستان ئەو لێبووردنە دراوە.

2- کوشتنی (12) دووازدە کادری حشع و دیل کردنیان دوایی کووشتنیان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابرووودو، کێ ئەوانەی کوشت، لە یاسا بترازێ هیچ کەس بۆی نیە چاو پۆشی لێبکات.

3- بزر بوونی زیاتر لە(400) چوار سەد کەس کە ناوەکانیان یاداشتکراوە چۆن بێسەر و شوێن کراون، خۆ ئەوە مافی دوو حزب نیە مامەلە بە کوژراوەکان بکات، ئەی مافی گشتی و یاسای جەنگ لە کوێیە؟؟ پێم نالێن ئەمە چۆن قەبوول دەکرێ.

4- کوشتنی حەمەداغای مێرگەسۆرێ و کوڕەکانی، بەپێی چ یاسایێک قەتل و عام کران ئەو جۆرە کوشتنە هەتا منداڵەکانیشی ناتوانن لەبڕی مافی گشتی بڕیار بدەن خۆیان کەیفی خۆیانە بەڵام بڕیاری یاسا و ماف و هەق عەدالەت شتێکی ترە.

5- دوای حەفتا و شەش ساڵی(1976) سەید کاکە یەکێک لە پێشمەرگە کۆنەکان دەنێرێتەوە بۆ ئەوەی بۆ خۆی کاسبی بکات لە رانیە دوکانێک دەکاتەوە، دوایی یەکێک لە کوڕەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە دەچێت پەتکی لە ملی دەکات و دەیگرێ و لەناو بێتواتە بەدوای سەیارە رایدەکێشێ دوایی ئاگری تێبەردەدا بڕۆن لە سید کاکە بپرسن هەتا ماوە، مەلا حوزێر هاتەوە چەند کەسی کووشت و لە ئەنفالەکان چەندی کەسی گرتوو دای بە حکومەت و دوایی لە سێڕدارەیان دان، تەحسین شاوەیس چەند پێشمەرگەی

کوشت، راستیەیەک هەیە باشە ئێوەش بیزانن، هەردوو حزب کۆمەڵێک جاش و سەرۆک جاشیان بەکار دەهێنا بۆ کووشتنی ناحەزاکانی خۆیان لەو شوێنانەی دەستیان نەدەگەیشتێ بەجاشەکانیان دەکرد، لەباتی ئەمنەکانی بەعسی بێ سزا بدەن دەچوون کوردیان پێدەکوشت، سەدان نمونەی لەو جۆرە هەیە.

6- تەسلیم کردنەوەی سولێمانی موعینی و کوشتنی سوکایەتی کردن بە لاشەکەی سەد لە سەد دەچێتە خانەی پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ.

7- کوشتنی حەسەن کوێستانی هەڤاڵانی بەدیل گیراو هیچ گومانی تێدا نیە دەچێتە یاسای تاوانەکانی جەنگ.

8- کوشتنی محەمەد حەلاق و یازدە هاوڕێکەی، هەر چیەکی کردبێ دەکرا بیگرن، ئێ باشە ئەوانەی لەگەلی بوون هەندێکیان هەر سەر بەخۆیان بوون، بۆ هەموویان کۆمەڵ کوژکران، دەبێ وەلام هەبێ..؟؟

9- بەرامبەر کوشتنی(60)کادر و ئەندامی شەڕ نەکری ژن و پیاوی حشع لە پشت ئاشان ئەوە ئەگەر تاوانی چەنگ نەبێ چیدیکە تاوانی جەنگە.

10- کوشتنی(52) گەریلا زۆربەی نەخۆش و لە نەخۆشخانەکانی هەولێر و تێهەلدانیان لە نهۆمەکانی سەرەوەی نەخۆشخانە بەزیندوویی، ئەگەر ئەوە تاوانی جەنگ نەبێت چیتر تاوانی جەنگە.....((لەو ناو برەیەدا قسەیەک هەیە ئەمرۆ بگووترێ باشترە لە سبەینێ(تا کورد نەتوانی چاکسازی و پاکسازی لەو هەموو کەسە خائێن تاوانبار و خۆفرۆشانە بکرێت، ئەستەمە بتوانی کۆمەڵێکی تەندروست و پاک و بێگەرد و ویژدان زیندوو دروست ببێ)).

11- کارەساتی هەکاری کە دەیان کەسی تێدا کوژرا، دوای گوللە بارانکردنی دیلەکان بە چەکی گەورەوە بەهۆی ئەوەی سەرکردەی لایەنێکی دیکە بوون.

12- کۆمەڵ کوژی ژمارەیەکی زۆری بزوتنەوەی ئیسلامی لە شارەکان و کوشتنی دیلەکان لە دۆڵی پلینگان.

13- کوشتنی (رێباز) لە ئاکرێ بەدیلی، جاری یەکەم بریندار کراو بوو، لە دوای برینداریيەکەی گیراو دوایی گوللە بارانیان کرد و کوشتیان.

14- کوشتنی عەولا سور دوای بە دیل کردنی و کوشتنی.

15- کوشتنی هاشم جیهاز و هاوڕێکانی لە دوای ئەوەی خۆیان دابوو بەدەستەوە لای مالێ شێمەی هاڕوونی، دوایی دەست بەسەرکران و هەموویا کوشتن،

16- کاتێ شیراتۆن گیرا لە هەولێر ژمارەیک بەدیل گیران، دوای بەدیل گرتنیان هەندێکیان کوشتن.

17- کوشتنی حسێن ئاغای سورچی کە شەڕ کەریش نەبوو بەدیلکردن و کوشتنی و سوتان تالآنکردنی مالّ و گوندەکەش.

18- تالآنکرنی جاشەکان کە مالّی هەزاران کەسیان تالآن کردبوو، یاخود تالآنی چەکدارەکانی هێزە شەڕکەرەکان بۆ مالّ و پاتاری یەکتری و خەلّکی بێلایەن.

19- کوشتنی(9)کەس لە چەکدارەکانی حشع لە گوندی نێرەگین.

20- کۆمەلّ کوژی چەکدارەکانی حزبی سۆسیالیست لە گوندی نێرەگین.

21- کوشتنی(9)دیل لە گوندی کورداوە.

22- کوشتنی(12) چەکدار لە دوای بەدیل کردنیان لە گوندی چەمرگە.

23- گوللە باران کردنی نزیکەی سەد کەس لە نزیک شەقڵاوە، کە ئەمەش لە ئەنجامی شەڕی ماڵ وێرانکەری ناوخۆی کورد کوژی بوو...

24- ئاوارە کردنی زیاتر لە(200) دووسەد هەزار کەس لەسەر دەستی دوو حزبی شەڕکەر، هەتا ئێستاش دەیان هەزار ماون نەگەڕاونەتەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان و قەرەبووش نەکراونەتەوە، ئەمانە چەند نمونەیەکن بەهۆی ترسی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرە و دوژمنکاری خێلەکی و بنەماڵەیی تاکو ئێستا هیچ کەسێک نەوێرایە خۆی لەو کەیسە بدات، کە لە هەموو شتەکانی دیکە گرنکترە، نابێ ئەو تاوانانە ببێتە قەفێکی ونکراو لە مێژووی نوێی کورد، ئەو بابەتە پێویستی بە کەسانی بێلایەن و دەستەیەکی نێودەوڵەتی وەک دادگای تاوانەکانی جەنگ کە بارەگاکەی لە هۆلندا لە شاری(لاهای) هەیە.

بێجگە لە مانەش دەیان تاوانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و کاری دووژمنکارانە ئەنجام دراوە، کە هەمووی دەچێتە تاوانەکانی جەنگ، بەراستی تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و مێژووەکەی دەکرێ ئەگەر ئەو هەموو کەیسە دژبە مرۆڤانە بخرێتە

پشتکوێ و یا بشاردرێتەوە، بۆ ئەمەش لە هەموو حالەتەکاندا هەر دەبێ پەنا بۆ قەزای نێودەوڵەتی ببردرێ وەک گووتم کە بارەگاکەی لە شاری( لاهای) هۆلندەیە.

## لەو سەد ساڵەی رابردوو کورد چی فێر بووە!!!؟ لە بەردەوامی شەڕی ناو خۆدا

لێرەدا پەنجە لە سەر چەند خاڵ و بابەتێک دادەنێین، کە پێویست دەکات هەروەستەی لە سەر بکرێ لە مەودای ئەو سەد ساڵەدا سەدان گۆڕان و کاری گەورەی ناوچەیی و جیهانی روویاندا، چەندین هەلی زێڕین هاتە بەردەم گەلی کوردستان، دەیان وڵات و نەتەوە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، کەچی دەبینی گەلی کوردستان هەر لە بازنەی داخراوی خۆی دەخولێتەوە، بە فیرۆچوونی سەرمایە و قوربانی زۆر و دەستکەوتی کەم، مێژوویەکی پڕ لە هەڵە و تاوان کە بەڕاستی جێگای گریان و پێکەنینە.

(1918) هەزار و نۆ سەد و هەژدە لە دوای شکانی دەوڵەتی عوسمانلی لە یەکەم شەڕی جیهانیدا و دوای ئەوە.

(1919) هەزارو نۆ سەد و نۆزدە ولایەتی موسلی دەوڵەمەند کەوتە ژێر ئیدارەی بەریتانیا.

(1920) ساڵی هەزار و نۆسەد هەژدە، بەهۆی تێکشکان و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانلی، بەپێی ڕێککەوتننامەی سیڤەر دەوڵەتی عوسمانلی مۆری لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کرد، هەر لە دوای مۆرکردنەکە، کۆمەڵی کوردی بووە دوو بەش لە باکوری کوردستان کۆمەڵێک کەسی خیانەتکاری وەکو(حەسەن خەیری..؟؟) رازی بوو بەوەی باکوری کوردستان لە ژێر کۆماری تورکیا بمێنێتەوە دوایی هەر بە خۆشی لەسەر پۆشینی جلی کوردی لە سێدارەیان دا، لە باشور شێخ مەحمود کەوتە دژایەتی ئینگلیز و دەوڵەتی عوسمانلی بە باشتر زانی چونکە ئیسلامن و ئینگلیز کافرن، خەڵکی باشووریش بوونە دوو بەش بە تایبەت زۆربەی ئاغاکان پێیان باشبوو لەگەل ئنگلیز بمێننەوە، دەوڵەتانی هاوپەیمان لێژنەیەکیان پێکهێنا بۆ راپرسی لە کوردستان، ئەو راپرسیە هاوپەیمانانی تووشی نا ئومێدی کرد لەوەی کورد شیاوی دەوڵەت بێ.

ساڵی(1921) هەزار و نۆسەد و بیست و یەک، دەوڵەتی ئێراق دەمەزرا و مەلیک فەیسەل تاجی پاشایەتی نرایە سەر.

ساڵی(1923) هەزار و نۆسەد و بیست و سێ شێخ مەحمود شۆرشی راگەیاند.

ساڵی(1923) هەزار و نۆسەد و بیست و سێ کومەڵەی نێو دەوڵەتان دانی نا بە کۆماری تورکیا.

ساڵی(1923) هەزار و نۆسەد و بیست و سێ رۆژی(24) بیست و چواری یۆلیو لە پەیمانی لۆزاندا بە دەوڵەت کردنی کوردیان هەڵپەسارد.

ساڵی(1924)هەزار ونۆسەد و بیست و چوار سلێمانی کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا.

ساڵی(1932) هەزار و نۆ سەد و سی و دوو راپەڕینی بارزان هەڵگیرسا و هەر لەو ساڵەدا عێراق چووە ریزی کۆمەڵەی نەتەوەکان و داواکارییەکانی کوردیان پشت گوێ خست.

ساڵی(1943) هەزار و نۆ سەدو چل و سێ بە رابەرایەتی مەلا مستەفای بارزان راپەڕینێکی تر سەری هەڵداو و کونترۆڵی بەشێکی زۆری هەولێر و بادینانی کرد.

ساڵی(1946)هەزار و نۆسەد و چل و شەش بە هاواکاری چەکی ئاسمانی مەلیکی(خاوەن شکۆ)

هێرشیان کردە سەر بارزان و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن بۆ سنووری ئێران.

ساڵی(1946) هەزار و نۆ سەد و چل و شەش حزبی دیموکراتی کوردستان( کۆماری دیموکراتی مهاباد) یەکەم پەرلەمانی خۆی بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد، راگەیاند بارزانی بەشداری تێدا کرد، تەنیا (11) یازدە مانگی خایاند، مەلا مستەفا رۆیشت بۆ سۆڤیەت.

ساڵی(1946) هەزار و نۆ سەد و چل و شەش پارتی دیموکراتی کورد دا مەزرا.

ساڵی(1951) هەزار و نوسەد و پەنچا و یەک پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفای بە سەرۆکی پارتی هەڵبژارد.

ساڵی(1958) هەزار و نۆ سەد و پەنچا هەشت مەلا مستەفا لە سۆڤیەت گەڕاوە حکومەتی عێراق دانی نا بە کورد وەک هاوبەش لە عێراق پارتی مۆڵەتی فەرمی پێدرا.

ساڵی(1960) هەزار و نۆسەد و شەست نێوان پارتی و حکومەت تێکچوو.

ساڵی(1961) هەزار و نۆ سەد شەست و یەک مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا لە پارتی وەرگیرایەوە.

ساڵی(1961) هەزار و نۆسەد و شەست و یەک پارتی خەباتی چەکداری ڕاگەیاند.

ساڵی(1964) هەزار و نۆ سەدوو شەست و چوار پارتی دیموکراتی کوردستان لەت بوو، هەتا ئەمڕۆش هەر بەردەوامی هەیە، حکومەتی عێراق لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی ڕێککەوت و دانی نا بەلامەرکەزی کوردستان، چەندی کاری باشیشی لە بەرژەوەندی کورد ئەنجام دا، مەلا مستەفا ڕازی نەبوو.

ساڵی(1969)هەزار و نۆسەد شەست و نۆ هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لای حکومەتی عێراق.

ساڵی(1970) هەزار و نۆ سەد و حەفتا ڕێککەوتنی پارتی و حکومەت، دەرچوونی بەیان نامەی(11)ی ئاداری لێکەووتەوە، چوار ساڵی خایاند.

ساڵی(1971) هەزار و نۆ سەد و حەفتا و یەک، جارێکی دیکە تێکچوونی نێوان حکومەتی ئێراق و مەلا مستەفا.

ساڵی(1974) هەزاروو نۆسەد و حەفتا و چوار ئێراق پرۆژەیەکی پێشکەش کردو دەبا پارتی لە ماوەی دوو هەفتە وەڵام بدانتەوە، مەلا مستەفا پرۆژەکەی رەتکردەوە، شەڕ هەڵگیرسایەوە.

ساڵی(1975) هەزار و نۆ سەد و حەفتا و پێنج رێککەوتنی جەزائیر و هەرەسی شۆرشی لێکەوتەوە.

ساڵی(1976) هەزار و نۆ سەد و حەفتا و شەش مام جەلال یەکێتی نیشتمانی کوردستانی راگەیاند.

ساڵی(1978) هەزار و نۆ سەد و حەفتا و هەشت، شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتی لە هەکاری دەستی پێکرد.

ساڵی(1979) هەزار و نۆسەد و حەفتا و نۆ مەلا مستەفا کۆچی دوایی کرد.

ساڵی(1980) هەزارو نۆسەد و هەشتا شەڕی عێراق-ئێران دەستی پێکرد.

ساڵی(1983) هەزار و نۆ سەد و هەشتاو سێ یەکێتی نیشتمانی کەوتە گفتوگۆ لەگەل رژێم.

ساڵی(1983)هەزار ونۆ سەد و هەشتا و سێ گەورترین هێرشی یەکێتی بۆ سەر پشت ئاشان و کوشتنی دەیان کەس.

ساڵی(1986) هەزار و نۆ سەد و هەشتا شەش ئێران کەوتە ناو بژیوانی پارتی و یەکێتی.

ساڵی(1987)هەزار و نۆسەد و هەشتا و حەفت بەرەیەکی نیشتمانی کوردستانی راگەیەندرا.

ساڵی(1988)هەزار و نۆ سەد و هەشتا و هەشت لە(16)ی ئازار کیمیا باران کردنی هەڵەبجە، لەدوای ئەوە هێرشی یەک لەدوای یەکی ئەنفالەکان، هەرەسی شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی نوێ و ئاوارە بوون بۆ ئێران دەرەوەی وڵات.

ساڵی(1991)هەزار و نۆسەد و نۆهەد و یەک، راپەرینی گەلی کوردستان و گەڕانەوەی پێشمەرگە و کۆنترۆل کردنی هەولێر و شارەکانی دیکە.

ساڵی(1992)هەزار و ونۆسەد و نۆهەد و یەک گەڕانەوەی ئوپۆزیسیۆنی عێراق بۆ کوردستان هێرشی گەورەی پارتی و یەکێتی تورکیا بۆ سەر پارتی کرێکارانی کوردستان و کوژرانی هەزاران چەکدار و گەریلا، شەڕی گەورەی نێوان یەکێتی و بزووتنەوە ئیسلام و کوژرانی دەیان کەس.

ساڵی(1994) هەزار و نۆسەد و نۆ هەد و چوار، سەر لە نوێ هەڵگیسانەوەی شەڕی ناوەخۆ.

ساڵی(1995)هەزار و نۆسەد و نۆهەد و پێنج ڕێککەووتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی.

ساڵی(1996) هەزار و نۆ سەد و نۆهەد و شەش شەڕی(31) ئاب هێرشی پارتی بە هاوکاری ئێراق و پاشەکشەی یەکێتی لە هەولێر.

ساڵی(1996)هەزار و نۆسەد و نۆهەد و شەش گرتنەوەی سلێمانی لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ساڵی(1997) هەزار و نۆسەد و نۆهەد و حەفت یەکێتی حکومەتی ناوخۆیی لە سلێمانی ڕاگەیاند.

ساڵی(1997)هەزار و نۆسەد و نۆهەد و حەفت هێرشێکی گەورەی یەکێتی بۆسەر پارتی و گرتنەوەی دەیان پێگەی گرنیگ.

ساڵی(1997)هەزار و نۆسەد و نۆهەد و حەفت هێرشەکی پێچەوانەی پارتی و دەوڵەتی تورکیا بە تۆپ تەیارەوە بۆ سەر یەکێتی، دروستکردنی بەربەست لە بەردەم هێرشەکانی یەکێتی.

ساڵی(1998)هەزار و نۆ سەد و نۆهەد و هەشت یەکێتی هێرشی کردە سەر پارتی کرێکارانی باکوری کوردستان(PKK)لە قەندیل.

ساڵی(2001)دوو هەزار و یەک شەڕ لە نێوان یەکێتی و جوندی ئیسلام روویدا ئەمریکا هاوکاری یەکێتی کرد.

ساڵی(2001)دوو هەزار و یەک جارێکی دیکە پێکهاتنەوەی گشتی، نێوان پارتی و یەکێتی.

ساڵی(2003)دوو هەزار و سێ دەست پێکردنی شەڕی هاوپەیمانان و دەوڵەتی عێراق، ئەمریکا سەربازەکانی خۆی لە نزیک هەولێر دابەزاند، روخانی حکومەتی عێراق، لە هەمانساڵدا ئەنجومەنی کاتی سەرۆکایەتی عێراق پێکهات.

ساڵی(2005) دوو هەزار و پێنج جەلال تاڵەبانی بوو بە سەرۆک کۆماری ئێراق.

ساڵی(2005) دوو هەزار و پێنج پرۆژەی گەڕان بەدوای نەفت لە باشووری کوردستان دەستی پێکرد.

ساڵی(2007) دوو هەزار و حەفت کورد لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تەواوی گرتەدەست.

ساڵی(2011) دووهەزار و یازدە راپەڕینی خەڵک دژی گەندەلی دەسەڵاتی کوردی دەستی پێکردووە و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

ئەوەی لە هەمووی بەر چاو تر بێ لە ساڵی(2003) دوو هەزار و سێ هەتا ئێستا(2021)دوو هەزار و بیست و یەک هێرشەکانی تورک بۆ سەر باشوور کوردستان لە ڕێگای ئاسمانی و زەوی بە چڕی بەردەوامە و کوردستانی کردۆتە گۆڕەپەنی چەنگ، بەر لەوەش لەوەتی دسەڵاتی کوردی هەیە(1991) تورک درێخی نەکردووە لە وێران و ئاوارەکردنی ماڵی کورد (بەردەوامە)ئەوەی جێگای باس بێت هیچ شتێک بە کەڵکی پارتی و یەکێتی نەهات لە ناو بژیوانی (پیاوانی ئاینی رووناکبیر و هونەر مەندان، هاوڕێ عەزیز محەمەد، ناوبژیەکانی ئێران و ئەنقەرەو، دبلن، واشنتۆن، ڕێککەوتنە دوو قۆڵیەکان )سەری نەگرت و هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە، ئەگەر ئەو شەڕە تەنیا بە خواستی دەسەڵاتدارەکان بووبێت، ئەی خەڵکە کۆیلەکە چ پێگەیەکی هەیە لەو شەڕە ناوخۆییەدا بێجگە لە کوشتنی خۆی چونکە شەڕەکە بە کۆیلەکان کراوە، ئەمە چەند سەرە دێڕێکە لە مێژووی پڕ هەڵە و شەرمەزاری سەرکردە و رابەرانی کوردستان، هەر لە درێژایی ئەو شەڕەدا، لە بەرژەوەندی داگیرکەران سەدان کوردی پارچەکانی

دیکە لەژێر دەستی سەرکردایەتی بەناو شۆڕشی باشووری کوردستان گیران و کوژراون و بە دیاری پێشکەش بەداگیرکەران کراونەتەوە، جارێکی دیکە ئەوە دەڵێمەوە تا بەباشی و رەخنەگرانە رابردوو نەخوێندرێتەوە، ئەستەمە بتوانرێ روو لە ئایندەیەکی باش بکرێ.

واپێدەچی بە ناو سەرکردەکانی کورد، واتێبگەن مرۆڤی کورد تەنیا بو مردن دروستکراوە.

روونکرنەوەیەکی پێویست، ئەوەی ناچێتە عەقڵی هیچ مرۆڤێک هەتا کەمێکیش هۆشیاری هەبێ، لە هەر وڵاتێک و دەوڵەتێک چ سەرکەوتنەکان و چ شکست خواردنەکان کەسی یەکەمی بەر پرسیار سەرۆکی ئەم وڵاتە یا ئەم دەسەڵاتەیە لە کاتێکدا ئەو کەسە بەرپرسی سیاسی و حزبی و بەڕێوەبردن بێت، بۆیە لە کوردستان لە سەرەتاوە تا ئەمرۆ دوو کەس بەرپرس بووینە یەکەم مەسعود بارزانی دووەم مام جەلال نەماوە!! چۆن لێپرسینەوەی لەگەل بکرێ و یا داوای لێ بکرێ وازبێنێ و بچیتەوە ماڵی خۆی؟!!، بۆ هەر کارێک دەبێ لێ پرسینەوە لەو دوو کەسە بکرێ، هیچ بڕوبیانویەک دادیان نادات ئەگەر لەژێر هەر

پەردەیک خۆیان بدزنەوە یا بشارنەوە، چونکە بێجگە لەوابەستە سیاسی و ئینتمای نەتەوەییانەوە، وابەستە بوونێکی گەورەتریشیان لەسەرە ئەویش ئیلتیزامێکی ئەخلاقیە، کاتێ ئەوانە خۆیان بێ بەری دەکەن لە تاوان و شکستەکان هەموو پێورە مرۆییەکان و سیاسیەکان و ئەخلاقیەکان هەڵدەوەشێنەوە، ئەو دوو کەسە لە کوردستان دوو ڕێگایان لە پێشە یەکەم ئەوەیە لە بەردەم کۆمەڵ هەموو شتەکان روونبکەنەوە و هەڵە و راستیەکان دەربخەن و هەریەک چاکە و خراپەی خۆی دیاری بکرێ بە پێی پرینسیپ و یاسا ئەخلاقیەکان هەڵسوکەوت و مامەلەی لەگەلدا بکرێ، دووەم یا ئەوەتا دەبێ وازبێنن و بچنەوە ماڵی خۆیان، ئەوەی زۆربەی خەڵک هەستی پێدەکات ئەوانە بە درێژایی مێژوو نەدان بە هەڵەکانیان دەنێنن و نەوازیش دەهێنن و هەمیشە دەیخەنە سەر کەسانی دیکەوە، لە هەموو شتێک سەیرتر ئەوەیە یەکێک خۆی بە بەرپرسی یەکەم بزانێ و بڵێ من بێگوناهم، خۆ ئەگەر بە پلەی دووەم سەرکردایەتیە سیاسیەکەش چ وەکو تاک چ وەکو کۆ بەرپرسار بن دەبێ لێ پێچینەوە هەبێ، ئەو شتانە لە کوردستان پەیرە و نەکراون، بۆیە

ئەو دەسەڵاتە هیچ شەرعیەتێکی یاسایی و ئەخلاقی تێدا نیە، بەڵکو تەنیا دەسەڵاتێکی سەرکوتکارانەیە و بەس، ئەوە حالی کورد بووە هەمیشە سەرکردەکانی کورد خۆیان لە سەرووی رەخنەوە بینیوە و خۆیان بە ڕابەری روحی زانیوە کە هەرگیز هەڵە ناکەن، بە بڕوای من تا ئەمە چارەسەر نەکرێ ئەستەمە گەلی کوردستان پەرەسەندنێکی سروشتی و عەقڵانی بە خۆیەوە ببینێ، بۆ ئەمڕۆی کوردستانیش جووت سەرکردایەتیەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لا تەرازووی دووەم گومانی تێدا نیە لە جێگای جەلال تاڵەبانی دان و ئەم رۆڵی دەبینن، لە هەموو شتێک بەرپرسیارن!!!...

((هەر چەندە پێم خۆش نیە و حەزناکەم نوسینەکەم یا ئەو بابەتە لە رێچکەی لێکۆلینەوە و هەڵسەنگاندن و عەقڵانی دەربچێ و حەماسەتی بێ بناخە، بۆ لێکدانەوەی سەرەڕۆیمان ببات، ئەگەریش ئەو بابەتە چووە ئەو خانەشەوە وەکو هەر خاڵێکی دیکەی ناو ئەو کتێبە بە نەگەتیف لە قەڵەمی بدەن و بەهەقی خۆتانی دەزانم)) لێرەدا مەبەستم ئەوەیە و دەمەوێ ئەوە بڵێم،

((سەرکردەکانی کورد لە سوسکە یا پۆڕی نێر دەچن، کاتێ مێیەکانیان هێلکە دەکەن دەبێ لە شوێنێک هێلانەکە دروست بکەن تا نێرەکانیان پێنەزانن، چونکە نێرەکان دەچن هێلکەکان دەخۆن یا دەیان شکێنن، یا بە قاز و حاجی لەق لەق دەچن هێکەکان دەخۆنەوە یا بێچوەکانیان دەکوژن .. سەرکردەکانی کوردیش لە گەل میللەتەکەی خۆیان هەرا بوونە)) یا((وەکو ئەفسانەکەی( نەبی خدر) پێغەمبەری جولەکەکان شەست منداڵی کوشت، پێیان گووت بۆ ئەو منداڵانەت کوشت گووتی ئەمانە گەورە بن دەبنە فتنە و دەمان کوژن، ئەوەی جێگای نیگەرانی بێت هێشتا گەلی باشوری کوردستان - هەمەجیەت - بەری نەداوە.

# هەڵە و کارە سەرەڕۆییەکانی کورد لە باشوری کوردستان

**یەک**

لە دوای روخانی دەوڵەتی عوسمانلی لە ساڵی(1918) هەزار و نۆ سەدو هەژدە، دەبا کورد ئەو هەلە مێژوویە بقۆزێتەوە و لە دەستی نەدات و لەگەل بەرەی سەرکەوتوو (هاوپەیمانان) کاری بکردایە وەکو عەرەبەکان و سودی لە رێککەوتنامەی سیڤەر وەربگرتایە، نەک پەنا بردن بۆ جەللادەکانی دوێنێی خۆی، کەجی عەرەبەکان زۆر زیرەکانە تۆڵەی خۆیان لە دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانلی کردەوە.

**دوو**

لە دوای دامەزاندی دەوڵەتی عێراق خۆی دوور بخستابایەوە لە شەڕ و راپەرینە ناوچەییەکان، بەڵکو بەباشی خۆی کۆبکردابایەوە بۆ شۆرشێکی گەورە و سەرتاسەری و یەکگرتوویی گەلی کوردستان.

سێ

لە دوای روخانی رژێمی پاشایەتی، کە دانی بە کوردنا وەکو هاوبەش دەبا پەلەی نەکردابایە لە تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و پشتی بە بەڵێنەکانی ئەمریکا و ئێران نەبەستابایە، چونکە حکومەتی قاسم وەکو ئەوە وابوو کە لە بەرەی سۆڤیەت دەژمێردرا و بەرەی ئەوکاتی(ئیمپریالیزم) کەوتبونە دژایەتی قاسم و هەوڵی روخاندنیان دەدا، ئەوە دەبا لە ساڵی(1918) بکرایە کە دەوڵەتی سۆڤیەت ساوا بوو وەکو نەبووە وابوو، دەبوایە پاشەکشەی نەکردایە و هاوکاری کوردستانی بکردایە.

چوار

لە ساڵی(1964) هەزار و نۆ سەدو شەست و چوار نەدەبا پارتی لەتبوونی تێبکەوتایە ئامانجە سەرەکیەکە (ستراتیجیەکە) لە پێشەوەی هەموو تاکتیکەکانی تر دابندرایە و واز لە کێشە ناو خۆییەکان بهێندرابایە .. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی یەکەم پەلە کراوە لە خەباتی چەکداری دووەم

باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکری پێنەگەیشتبوو، هەتا لە رووی هوشیاری نەتەوەیشەوە لە ئاستێکی پێویست نەبوو.

**پێنج**

لە ساڵی(1976) هەزار و نۆ سەد و حەفتا و شەش هەمان هەڵەی ساڵی(1961)هەزار و نۆ سەد و شەست و یەک دووبارە کرایەوە بەڵام بەشێوەیەکی زۆر خراپتر.

**شەش**

لە ساڵی(1980) هەزار و نۆ سەد و هەشتا شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەبا هەموو کیشە و ناتەبابیەکانی خۆیان سڕ بکردابایە.. لە جیاتی دروست کردنی رووباری خوێن و شەڕی دۆڕاوی ناوخۆ.

**حەوت**

لەساڵی(1991)هەزار و نۆسەد و نۆهەد و یەک دەبا جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ئەگەر بڕوایان بە خۆیان و گەل و ئەزموونەکە هەبوو خۆیان بهاتانایە

ناو دەسەڵاتەکە و بە جووتە کارەکانیان بەڕێوەببردایە، کە راستەوخۆ نەهاتنە ناو پرۆسەکە دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، یا نیەتیان لەگەل یەک پاک نەبووە یا باوەڕیان بە سەرکەوتن نەبوو؟؟؟

**هەشت**

لە دوای روخاندنی سەدام لە سالّی(2003) دوو هەزار و سێ، دەبا کورد دەولّەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیاندابایە، نەک ئەو شەرمەزارییەیان بهێنایە سەر کورد و یەکیکی وەک بریمەر بلّێ سەرکردایەتی کورد کوردستانیان فرۆشت و بە پارە گۆڕیانەوە.

ئەوانە ئەو راستیەمان بۆ دەسەلّمێنی کە هیچ کاتێک سەرکردایەتی کورد لە ئاستی ئەو ئەرکە گەورەیەدا نەبووە کە شایەنی ئەوە بێت چارەنوسی نەتەوەیەکی بگەوێتە دەست، هەر ئەوەیش وای کرد کوردستان لە گۆم و چلّکاوی گەندەلیدا بخنکێنن و جارێکیتر بیکەنەوە کۆیلەی دەستی داگیرکەران و کرنۆش ببەن بۆ دوژمنە دێرینەکانی کورد کە هیچ کاتێک نیەتەکانی خۆیان نە شاردووتەوە.

## تەواو کردنی کتێبی شەڕی ناوخۆی کورد

یەک لە بلیمەترین مرۆڤی هەتا ئێستای ئەم گەردوونە ئەنیشتاین هیچی بۆ کەس نەهێشتووتەوە تا مرۆڤ بتوانی باسی شتێک بکات و بڵێ ئەوە راستیە و هەر دەبێ وابێ.. بزانن دەڵێ چی((دوو شت کۆتاییان نیە ئەوەیش... گەردوون و گێلی مرۆڤ))ە لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ (( ناتوانی گێلەکان کۆنترۆل بکەیت لە بەر ئەوەی گەلێک زۆرن و دەنگیان وەکو دەنگی ئێمەش وایە))، کاتی خۆی ئیبن خەلدوون زاناو بلیمەتی زانستیە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێ ئەگەر بەمن بڵێن (ئەگەر بکوژی) کۆیلەکان دەکوژی یا کۆیلەدار، لە وەڵام دا گووتی کۆیلەی دەکوژم چونکە کۆیلەکانن ((کۆیلەدار دروست دەکەن))، لەم دوو گۆتەیە سەرنجی مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێ کە ئەوەی شەڕی ناو خۆ دەکات((گێلەکانن و کۆیلەکانی بەردەستی کۆیلەدارانن))، ئەگەر ئێوەش لە سەرەتای ئەو نووسینە لەگەلم هاتبن بۆتان دەردەکەوێ هۆکارەکانی ئەم (کۆیلە بوونەی کورد ) لە کوێوە هاتووە.!!.

کەواتە سەرتان سوڕ نەمێنێت کاتێ لە کۆمەڵی کوردی دەبینن جەلاد و قوربانیەکان یەکسان دەکرێن...(مرۆڤ )ەکان دەگرێ لە ئەرک و مافەکان (ئەوەش هەریەک بە پێی توانای خۆی) یەکسان بن، بەڵام لە بیرکردنەوەدا ئەستەمە مرۆڤ یەکسان بکرێ، بۆیە لەناو کۆمەڵ و لە ناو هەر دەستە و گروپ و تاقمێکیش ناتوانرێ وابکەی مرۆڤ هەمووی وەک یەک بیربکاتەوە ئەوەی پلەیەکی باڵاتر بە شێوەیەکی رێژەیی دەداتە مرۆڤ جیا لە زیندەوەرەکانی دیکە هەر ئەوەیە، کەواتە تاکە رێگا لە بەردەم مرۆڤ ئازادی و یەکسانیە هەر لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ بەر بەستەکان لەسەر رێگاکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ کەمبکرێتەوە.

بۆیە ئەو شتەی دێتە پێشەوە و خۆی دەچەسپێ ئەویش بوونی ئۆپۆزیسیۆنە لە هەموو بوارەکانی ژیان، کاتێ لە بولگارستان لە ئەگادیمیەیەکی باڵای فیکری دەمانخۆێند سیستەمی ئەکادیمیەکە وابوو بۆ هەر بابەتێک دوو مامۆستایان دەنابوو، یەکیان بابەتەکای وەکو تێگەیشتنێکی باو و گشتی کراو باس دەکرد مامۆستاکەی دیکە دەهات بیروڕای پێچەوانەی

باسدەکرد، لەمەدا لە خوێندکارەکان دەکرد دەبێ بیر بکەنەوە، هەرچەندە ئەو سیستەمە زۆر درەنگ کەوتە باری کارپێکردن بەڵام بەهۆی کەلەکەبوونی هەڵەکان و رای زۆربەی خەڵک نەیتوانی رێڕەوەکە راستبکاتەوە و سەری نەگرت، ئەگەر ئەمە لە سەرەتاوە بوایە لە نەبوو نەهێڵێ کێشەکان ئەوەندە قووڵ ببنەوە.

بە بڕوای من بوونی ئۆپۆزیسیۆن پێویسیەکەی لە هێزە کاربەدەستەکە کەمتر نیە سەیری دینەکان کەن هەر بە کەڵکی ئەوەدێن لە مۆزەخانەکان دابندرێن، بۆ حزبە کوردستانیەکانیش هەر وایە، دەمێکە بڕوام وایە دەبێ لەناو کۆمەڵ و لەناو هەر حزبێکیشدا ئۆپۆزیسیۆن هەبێ، ئەمە دیاردەیەکی مێژوویی و پێویستیەکی بابەتیە، بەپێی لێکدانەوە مێژوویەکان هیچ شارستانیەک یا وڵاتێک هەرەس ناهێنێ ئەگەر لە ناوە خۆی هەرەس نەهێنێ، ئەمە لەناو کورد زۆر زەق دیارە زۆربەی شکستەکانی کورد لەسەر دەستی کورد یا بە پشتیوانی کورد و رێگا پیشاندەری بێگانەی کردووە.

هەتا لە رابردوش سەیری ئاین یا ئایدیۆلۆجیە گشتگیرەکان لە هەموو شێتێک زیاتر خوێناوی بووینە و

بۆ ئایندەش هیچ ئومێدێکی تێدا بەدی ناکرێ کە بتوانێ ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ بەدی بهێنێ، بەبڕوای من هەر کاتی ئەو بیر و باوەڕانە زاڵبووینە یا بوونەتە بەشێک لە مەنزومەی (رێکخستنی)عەقڵی مرۆڤ، نیشانەی سەردەمی تاریکی دەگەیەنێ، چونکە وەک جان جاک رۆسۆ دەڵی هێز هەق دروست، بۆیە دەبینین ئەو قەوارەی کورد بۆ خۆی دروستی دەکات وەک ئەو گوولـلەیەیە بووە بە خۆی وەناوە.

مرۆڤی کورد دەبێ لەوە بگات تا لە عەقڵ و روحەوە نەقیژێنێ بۆ رزگاری هەرگیز هەستانەوە و رینیسانسی کۆمەڵی کوردی بەخۆیەوە ببینێ و رێچکەی پەرەسەندنێکی تەندورست بە خۆیەوە ناگرێ، وتەی مامۆستایەکی ئەمریکیە (ئان سۆلڤان)ە بە دەستکارییەوە، ئەو وەحشیەتگەرییەی لە هەزارەکانی پێشوو باسدەکرێ هەر ئەو وەحشیتگەرییە کە ئێستا لە کۆیلە کردنی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەیبینین هەمیشە لەگەل کۆمەڵی مرۆڤدایە، ئەو قسانەی من بەڵگەنین بۆ ئەو سەر برگەیەی کورد بۆ کوردی ئەنجام دەدات بەڵکو هاوارێکە لە ئازارەکانی روحەوە هەڵدەقولێ لە پێناو رزگاری مرۆڤ و ریسواکردنی هەموو جۆرە

شەڕێکی زاڵمانە و تاوانبارانە لەوانەش شەڕی ناو خۆی کورد....

باشووری کوردستان سەدان و هەزاران ساڵە داگیرکەران و جەللادەکان دروێنەی دەکەن و دەیچەوسێننەوە، ئەمڕۆش لەژێر دەسەڵاتێکی گەندەڵ دەناڵێنێ، ئازادیەکانی لێکردووتە ژەهری مار.

((لێرە بارگە و بنەگەم دادەخەم خەمەکانم شانە دەکەم و ئازارەکانم دەهۆنمەوە، وردە ئەو لاپەڕانە هەڵدەدەمەوە و تەمەشای تیشکی خۆر دەکەم، ئاوازێک لە نەخمەوە هەڵدەقووڵێ، دەنگێک لە دوورەوە بانگم دەکات و پێم دەڵێ هەنگاوەکانت خاو بکەرەوە و هەناسەت هێور بکەرەوە، لەناکاو تەقەی تفەنگ دێت وەک برێشکە دەتەقێ.

یەکێک بە ئەسپایی بە کوێچکەما دەچرپێنی و پێم دەڵێ دەزانی چیبوو، ئەوە تەقەی ئەوکەسەیە کە دوێنی دەرباری بەردەرگای باشا بوو، ئێمرو پاسەوانی دەوری رەشماڵە وەک ئەو پەندەی کوردی وایە کەدەڵێ هەمان کەرە تەنیا کورتانەکەی گۆڕاوە)).

ناکرێ لەم باسەدا شێوەی دەسەڵاتی کوردی (پارتی و یەکێتی) ئاماژە پێنەدەین و پێویستە ئەگەر بە کورتیشبێ ئاورێکێ لێبدەینەوە...

شەڕ لە شاخەکان وایان نیشانی خەڵک دەدا کە ئەوانن رزگارکەری کوردستان و هێزی راستەقینە و دلسۆزی کوردستانن، بۆ هەدوو لاشیان دوو هێز و یەک دوژمن هەبوو، لە پاڵ هێزەکانی دیکەدا وەکو سوسیالیست و کۆمۆنیستەکان، لە ئەنجامدا هەموو هێزەکان هیچیان پێنەکراو و لە سنوور ئاودیوو کران...هەلێک بۆ کورد رەخسا بە هۆی شەڕی کوێت - عێراق و لە لایەن هاوپەیمانانەوە دەوڵەتی عێراقیان روخاند.

ئەوە بۆ هۆی سەرهەڵدان و راپەڕینی خەڵکی کوردستان، لە هەموو شارەکاندا، دوایی هێزی پێشمەرگە خۆی کرد بەناو شارەکاندا و کۆنترۆلی کرد.

بە هاتنەپێشەوەی ئەو بارودۆخە و ئازادیەوە هیوایەکی گەورەی نەک تەنیا لە باشوری کوردستان بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردی هەموو جیهان پەیدا و هەناسەیەکی شادییان هەڵکێشا، کاتێ هاتنەوە ناوشارەکان بەر لە هەموو شتێک دەستیان

بەسەر دەزگاکانی حکومەت کە موڵکی گشتی بوو داگرت و تالآنیان کرد و بۆ خۆیان فرۆشتیان، ماوەیەک وەک جووتە برا پەرلەمانێکی کارتونی وەک خۆیان دەڵێن(ساوا) و بێ دەسەڵات دامەزراند لە رواڵەت جوان و پاک لە ناوەوەش برینێکی کۆنی وەک سەرەتا یان و قونبەلە تەوقیتکراوەکانی خۆشییان لە ناودا شاردەوە، هەر لە سەرەتاوە وا دەهاتە پێش چاو ئەو هەڵسوکەوتە، تەنیا لە سۆزەوەیە و رەچاکردنی باروو دۆخەگشتیەکەیە، نەک کارێک لە عەقڵەوە هەڵقووڵابێ نەک بەرئەنجامی هەڵە و راستکردنەوەی فێربوونی وانەیەک لە رابردووی پڕ لە تاوان و کاری سەرەڕۆیی خۆیانەوە بێ کە هەموو لایەکی بە دۆڕادندا.

وەکو دەرکەوت هەر لە سەرەتاوە هەردوو لا هەریەک دەیویست بۆ خۆی جۆمگەکانی دەسەڵات کۆنترۆل بکات لە هەرسێ لایەنیەوە(ئابووری، سەربازی، ئاسایش) بگرێتە دەس خۆیەوە، لە کاتێدا کوردستان هیچ مەترسیەکی دەرەکی لە سەر نەمابوو و کوردستانیش بەشێکی زۆری ئازاد کرابوو..ئەوکات عێراق و دوایی کەوتە ژێر بەندی(7)ی حەفتی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەو دوو حزبە هەریەکیان دەیان ویست

پشتی ئەوی دیکە لە ئەرز بدات و گەورەترین شەڕی خوێناوی هەڵگیرسا و هەموو ئاواتەکانی کوردیان سەرەو ژێرکرد.

لەدوای ساڵی (2003)دوو هەزار و سێ وە، بەشەکانی دیکەی باشووری کوردستانیش ئازاد بوون دەوڵەتی عێراقیش لە دەستوری نوێدا بووە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەبوو لە مێژووی کوردی هاوچەرخ، دەوڵەتی فیدراڵ ئەوەیە کە عێراق یەک دەوڵەتە و هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەدوەڵەتی عێراق، بێجگە لەو شێوە چارەسەرییەی گەلی کوردستان رێگایەکی دیکە هەبوو ئەویش راگەیاندنی دەوڵەت و جیا بونەوە لە عێراق بوو، کورد ئەوەی نەکرد و فیدراڵی هەلبژارد.

بە هیچ شێوەیەک فیدراڵی مانای ئەوە ناگەیەنێ دەوڵەت لە ناو دەوڵەت دروست بکرێت، یا وا لێکبدرێتەوە هەموو داهاتی کوردستان بۆ خۆم و داوای پارەش لە بەغدا بکات، ئەوە مانای فیدراڵی ناگەیەنێ، بۆیە دەبینین کورد هەمیشە لە سەر یەک قاچ رۆیشتوە و نە هاتووە بە باشی لەگەڵ واقیعەکەدا مامەلە بکات و لەسەر هەردوو قاچی خۆی هەنگاو

بنێ، هەر ئەمەشە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی گەلی کوردستانیان تووشی تۆنێلێکی تاریک کردووە و چەندین ساڵە لە سەر زگ رایدەکێشن.

پرسیارێک هەیە کە هەموو کەس و لایەکەنێک دەخاتە بەردەم بەرپرسیارەتی ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە یا دەبێ لەگەل عێراق رێکبکەوێت و یا دەبێ جیا بێتەوە (یاری پەیژە و مار )تاکەی، تێنەگەیشتی سیاسیانەی سەکردایەتی کورد کە لە هەردوو لاوە شکست خواردوو بووە، یەکەم بەردەوام بوونی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی لە بەرگێکی تازەدا دووەمیش چارەسەر نەکردنی کێشەکانی خۆیی و لەگەل دەوڵەتی عێراقیشدا، لە هەردوو لاوە ئەوەی زیانی بەر کەوتووە تەنیا خەڵکە هەژار و دەست کورتەکەیە ئەوەیش ناچێتە چوار چیوەی هەڵەکانەوە بەڵکو دەکەوێتە قالبێکی تاوانەوە بەرامبەر بە گەڵی کوردستان و هاوڵاتیەکانی دەکرێت، لێرەدا چەند نمونەیەکتان بۆ ئەهێنمەوە....

یەک

شەهیدانی ناوچەی رانیە دەروازەی راپەڕین:- تەنیا هی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تا ساڵی(1997) هەزار و نۆ سەد و نۆ هەود و حەفت، ئەی دەبێ هی پارتی و سوسیالیست و شیوعی و لایەنەکانی دیکە چەند بێت.

(3439) سێ هەزار وچوار سەد و سی و چوار شەهید، بەم شێوەی خوارەوەیە.

(1091) هەزار و نۆهەد و یەک شەهیدی سەنگەر.

(12) دوازدە شەهیدی ئەنفال.

(63) شت و سێ شەهیدی لە سێرادەدان.

(757) حەفت سەد و پەنجا و حەفت شەهیدی رێکخستن.

(53) پەنجاو سێ شەهیدی کۆڕەو.

(416) چوار سەد و شازدە شەهیدی هاوڵاتی .

(680) شەش سەد و هەشتا شەهیدی شەڕی ناوخۆ.

(163) سەد و شەست و سێ شەهیدی راپەڕین.

(204) دووسەد و چوار شەهیدی هێزی پشتگیری .

لەوانە(2073) دوو هەزار و حەفتا و سێ خێزاندار بوونە، (1366) هەزا رو سێ سەد و شەست و شەش سەڵت بوونە.

سەیر کەن لەوانە(680) شەش سەد و هەشتا کەس تەنیا هی شەڕی ناو خۆیە، ئەمەی سەرەوە چەند وێنەیەکی تراجیدیانە دەخاتە بەر چاو.

دوو

## کەرکوک

هەموو گوندەکانی پارێزگای کەرکوک(1300) هەزار و سێ سەد گوندە، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی(1998) هەزار و نۆ سەد و نۆهەد و هەشت بەم شێوەیە بووە.

(55825) پەنجا و پێنج هەزار و هەشت سەد و بیست و پێنج خێزان بوو.

(318413) سێ سەد و هەژدە هەزار و چوار سەد و سێزدە کەس بوو، بە ئاوارەکەنی ناو شاری سلێمانیەوە، هەتا ئەو رۆژەش((685)) شەش سەد و هەشتا و پێچ گوند ئاوەدان نەکرابۆوە، لە دوای روخانی سەدامیش نەتوانرا پرۆژەی ئاوەدانکردنیەوەی

گوندەکانی پارێزگای کەرکوک جێ بەجێ بکەن، من لە شوێنێک بووم کە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لێبوو هەتا جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیش لەوێندەر بوون، قسە لەسەر ئەوە کرا بە هەردوو لا (200) دووسەد ملیۆن دۆلار تەرخان بکەن بۆ ئاوەدان کردنەوەی کەرکوک، ئەو دیدارە لە بارەگای ئەنجوومەنی وەزیران بوو، دوایی پشت گوێ خراو لە بیرکرا، هەتا ئەو پارەییەی حکومەتی عێراق خەرجی کرد بە هۆی کێشەی ناوخۆوە لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەکار نەهێندرا.. لەو کات حکومەت بۆ گەڕانەوە و قەرەبوو کردنەوە و ئاوەدانکردنەوە هەر خێزانی (10)دە ملیۆن دیناری خەرج کرد.

شەهیدەکانی کەرکوک لە ساڵی(1976) هەزار و نۆ سەد و حەفتا و شەش تاکو(1995)هەزار و نوسەد و نۆهەد و پێنج تەنیا بۆ نموونە لە(حەوزی چەمچەماڵ)، (3974) سێ هەزار و نۆسەد و حەفتا و چوار شەهید، بەو شێوەی خوارەوەیە هەبووە.

(414) چوارسەد و چواردە شەهیدی پێشمەرگەی کۆن.

(437) چوارسەد و سی و حەفت پێشمەگەی ئەنفال.

(347) سێ سەد و چل و حەفت پێشمەرگەی راپەڕین.

(135) سەد و سی و پێنج شەهیدی سێدارەو گوللەباران.

(26) بیست و شەش شەهیدی سێدارە و گوللەبارانی کۆمیتەی ئاگر.

(60) شەست شەهیدی هاوڵاتی.

(212) دووسەد و دوازدە شەهیدی تێکەڵاو.

(1741) هەزار و حەفت سەد و چل و یەک شەهیدی ئەنفال کراو.

(235) دووسەد و سی و پێنج شەهیدی هێزی بەرگری.

(32) سی و دوو رێکخستنی راپەڕین.

(87) هەشتا وحەفت پێشمەرگەی دێرین.

(247) دوو سەد و چل و حەفت شەهیدی شەڕی ناوخۆ، لەو ژمارەیە(1250) هەزار و دووسەد و پەنجا سەڵت (2954) دووهەزار و نوسەد و پەنچاو چوار خێزاندار، ئەو هەموو زیانە روحی و مادییەی کە بەسەدان گوند ئاوەدان نەکرێتەوە ئەوە ئەخلاقی چ هێزێکە چۆن دەستی دەچێتە گیانی یەکتر و خەنجەر لێدان لەسەر دڵ و لە پشتەوە.

لە ئەنجامی شەڕی ناوخودا ناوچەی بادینان کەوتە دەست پارتی و ناوچەی سۆرانیش کەوتە دەست یەکێتی، ئەوەی ماوە پارێزگای هەولێرە ئەو دابەش بوونە هەولێریشی گرتەوە، زۆربەی ناوچە سۆرانیەکان گوندەکان کەوتە دەست یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ناوچە بادینیەیکەش کەوتە دەست پارتی ئەو واقیعەی ئێستا بە هۆی شەڕی ناوخۆوە بوو...

ناوچەی کۆیە کە(144) سەد و چل و چوار گوند بە خۆدەگرێ بەم شێوەی خوارەوە..

(52) پەنجا و دوو گوند سەر بە قەزای کۆیەیە.

(50) پەنچا گوند سەر بە قەزای تەق تەقە.

(11) یازدە گوند سەر بە ناحیەی دێگەڵەیە.

(32) سی و دووگوندەکەی دیکە هیران و دۆڵی بالیسان و مەلەکان و باڵەییە، لە سنوری کۆیە تەنیا (6) شەش گوند ئاوەدان نەکراوەتەوە.

بەپێی سەرژمێری ژمارەی دانیشتوانی ئەوکات(84) هەشتا و چوار هەزار کەس بوو لەو ژمارەیە(12190) دووازدە هەزار و سەد و نۆهەد کەس ئاوارەی هەولێر بوو، هەروەها لە حەوزی بیتوێن و پشدەر دەژین کە ژمارەیان(3219) سێ هەزار و دووسەد و نۆزدە خێزان

دەدات کە ژمارەی کەسەکان دەکاتە(16463) شازدە هەزار و چوار سەد و شەست و سێ کەس، ئەو ژمارەیەش هەر دەچێتە سەر(84) هەزار کەسەی ناوچەی کۆیە کەواتە تێکرای ژمارەکە دەبێتە (96190) نۆهەد و شەش هەزار و سەد و نۆهەد کەس.

هەر بۆ زانین ژمارەی ئەو کاتی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی(208030) دووسەد و هەشت هەزار و سی خێزان بوون و ژمارەی هاوڵاتیەکانیش (1109749) یەک ملییۆن و سەد و نۆ هەزار و حەفت سەد و چل و نۆ کەس بووە لەو ژمارەیە(66693) شەست و شەش هەزار و شەش سەد و نۆهەد و سێ ئاوارەی کەرکوک و هەولێری لەگەل دایە لەگەل (1371) هەزار و سێ سەد و حەفتا و یەک لە ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

پارێزگای سلێمانی ئەوکات(31) سی و یەک قەزا و ناحیەی هەبوو، ژمارەی گوندەکانیشی(1351) هەزار و سێ سەد و پەنجا و یەک بووە.

لەبەر ئەوەی هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە بۆیە بە پێویستم نەزانی ژمارەی قەزار ناحیەکان بنووسم دەنا هەمووی لەبەر دەستە، لەدوای(31)ئاب و گرتنەوەی

تەواوی ناوچەکانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێجگە لە شریتە سنوریەکە، هێزەکانی پارتی(4701) پێشێلکاری ئەنجام داوە لە پێشێل کاریانە کوشتن، سزادان و بە زۆر کرینی چەک و وەرگرتنی پارە، تالانی ماڵ و سیارە و ئاژەل، خانوو، دوکان و باخچە و زەوی و زارو، هەر شتێکی تری یەکێتیەکانیان بە دەست کەوتبێ بردوویانە.

ئەوە جێگای نیگەرانی بێت زانیاری تەواوی تالانکاریەکانی یەکێتیمان لا نیە و دەبێ پارتی روونکردنەوەی خۆی بدات.

## پێشێلکاریەکان..

1- کۆیە و گوندەکان(792)حەفت سەد و نۆهەد و دوو پێشێلکاری.

2- دۆڵی هیران و نازەنین( 73)حەفتا و سێ.

3- دێگەڵە( 51 ) پەنجا و یەک پێشێلکاری.

4- تەق تەق( 674) شەش سەد و حەفتا و چوار.

5- رانیە و گوندەکانی دەوروبەری(535)پێنج سەد و بیست و پێنج.

6- چوار قورنە سەروچاوە(414) چوار سەد و چواردە.

7- سەنگەسەر و گوندەکان(64) شەست و چوار.

8- قەڵادزی و گوندەکانی(93) نۆهەد و سێ.

9- دوکان و گوندەکانی(193) سەد و نۆهەد و سێ،

10-کفری( 12) دوازدە.

11-ناوچەی خانەقین(4) چوار.

12-کەلار(48)چل و هەشت.

13-چەمچەماڵ(472) چوا سەد و حەفتا و دوو.

14- ئاغجەلەر و گوندەکانی 77حەفتا و حەفت.

15- ئاوارەکانی کەرکوک لە ناو شاری سلێمانی(76) حەفتا و شەش.

16- سەنگاو(18) هەژدە.

17- رواندوز، توتمە(130) سەد و سی.

18- سۆران(38) سی و هەشت.

19- دەرگەڵە ، قەسرێ(46) چل و شەش.

20- چۆمان و گەڵاڵە و رایات(42) چل و دوو.

21- دۆڵی بالیسان و هەریر(49)چل و نۆ.

22- هەولێر(379) سێ سەد و حەفتا و نۆ.

23- سلێمانی (411)چوار سەد و یازدە.

<u>تێبینی</u> = کەم کورتیەکانی ئەو لیستە.

یەک/ماڵی بەرپرسەکانی تێدا نیە.

دوو/ ناوچەی چوارتاشی تێدانیە، لە لیستەکانی دیکە دایە.

سێ/ناوچەی بادینانی لەگەل نیە، لیستی تایبەتی خۆی هەیە.

<u>پێشلێکاریەکانی</u> ئەو لیستە هی دوای(31) سی و یەکی ئابە ئەو کاتەی کەوتە ژێر دەسەلاتی پارتیەوە، کە هەر هەمووی دۆکۆمێنێنداره مۆری خۆی لە سەرە،

هەتا جۆری پێشێلکاریەکان و ئەو کەل وپەلانەی دەستی بەسەر داگیراوە یا تالاّن کراوە ئەمانە هەر هەمووی لە ئەرشیفی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا هەیە، بەر لە (31) سی و یەکی ئابیش پێشێلکاریەکان هی هەردوو لا نزیکن لە یەکتری.

%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%%

لیستی پێشێلکاریەکانی شەش مانگی ساڵی(1999) هەزار و نۆسەد و نۆهەد و نۆ هی پارتی و یەکێتی کە بریتیە لە(کوشتنی پیاو ژن کە لەلایەن کەسانی سەر بەو دوو حزبە کوژراون، هەوڵی کوشتن، دەست بەسەر داگرتنێ ماڵ، ئیهانە کردن، گرتن و لێدان و ئازار دان.....تاد) هەرکارێکی دیکەی دژ بە بەیان نامەی جاڕی گەدوون مافی مرۆڤ کرابێ.

ئەو پێشلکاریانە هەمووی دۆسیەی خۆی هەیە و لەگەل رۆژی روودانی و بکەرەکە و ماف پێشێلکراوەکە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان(250) دوو سەد و پەنجا پێشێلکاری.

پارتی دیموکراتی کوردستان(341) سێ سەد و چل و یەک پێشلێکاری.

لایەنەکانی تریش هەیانە وەکو بزوتنەوە و یەکگرتو و سوسیالیست، کە هەریەک دۆسییەی خۆێ هەیە، بەڵام کەمن ئەوەی جێگای باسبێ روخاندنی زیاتر لە دوو هەزار خانوی تەجاوز لە هەولێر و بێ ئەوەی چارەسەری کێشەکانیان بکەن ئەم حالەتەش لە سلێمانی هەر هەبووە، هەوەها زیانێکی گەورە و پێشێلێکارییەکی زەق هەیە لە نێوان هێلی بە یەک گەیشتنی پاتی و (PKK) سەدان گوند لەو نێوانە چۆل کراون، هەندێکیان لەوانەیە سەر بە پارتی بن و نەتوانن لەو ناوەندە بژین و هەندێکیشیان پارتی خۆی رایگواستوون بۆ ئەوەی هاوکارییەکان لە(PKK ) ببڕێ و رێگای ئەوەشیان لێبگرێ نەوکو بە گەل(PKK) بکەون زۆبەشی گومانی تێدانیە بە هۆی هێرشە بەردەوام و دڕندانەکەی دەوڵەتی تورکیایە بۆ سەر خەڵکی سڤیلی گوندەکان..

دێنە سەر بریندار و کوژراوەکان(مین و تەقەمەنی کۆنی بەجێ ماوی رژێم) لە دەڤەری سلێمانی و کەرکوک تا رێگای هاملتۆن، لە ساڵی(1991) هەزار و نوسەد و نۆهەد و یەک تا دەگاتە(1999)هەزار و نۆ سەد و نۆ هەد و نۆ، بەمشێوەیەیە،(5577)پێنج هەزار

و پێنج سەد و پەنجا بریندار و سەقەت بوون لەوانە (1479) هەزار و چوار سەد و نۆهەد و حەفت منداڵی تێدایە...(3060) سێ هەزار و شەست کوژرا و لەوانە (796) حەفت سەد و نۆهەد و شەش منداڵی تێدایە.

## لیستی راگوێزان و ئاوارەکردنی کەرکوک و خانەقین و ناوچەکانی سنوری ئارێزگای کەرکوک

یەک/ ساڵی (1991--1992--1993)(13367) سێزدە هەزار و سێ سەد و شەست و حەفت خێزان دەرکراون.

دوو/ ساڵی( 1994 ) (112)سەد و دوازدە خێزان دەرکراون.

سێ/ساڵی(1995) (393)سێ سەد و نۆهەد و سێ خێزان دەرکراون.

چوار/ساڵی(1996) (351)سێ سەد و پەنجا و یەک خێزان دەرکراون.

پێنج/ ساڵی(1997) (922)نۆسەد و بیست و دوو خێزان دەرکراون.

شەش/ساڵی(1988) (169)سەد و شەست و نۆ خێزان دەرکراون.

حەفت/ساڵی (1999) (200) دووسەد خێزان دەرکراون.

هەر چەندە ئەو رەگوێزراوانە لە سەردەمی گەرمەی شەڕی ناو خۆ بووە لە کاتێکدا رژێمی عێراق ئاوا بە سەر گەلی کورد بێنێ خۆشت خەریکی شەڕی ناوخۆ بیت و ئەو هەموو خێزانە ئاوارەیە (24383) بیست و چوار هەزار و سێ سەد و هەشتا و سێ خێزان، کە ژمارەی گشتی خەڵکەکە دەکاتە (88441) هەشتا و هەشت هەزار و چوار سەد و چل و یەک کەسی ئاوارە.

ئەو حالی میللەتێک بێت تەنیا لە یەک ناوچە ئەوەندە کوژرا و بریندار و ئاوارە هەبێ و تۆش بچی چارێکی دیکە بیکوژی ماڵی تاڵان بکەیت.

لیستی تاڵانکردنی دامودەزگاکانی حکومەت لە سلێمانی لەو کاتەی لە لایەن پارتیەوە داگیر کرا لە ساڵی (1996) هەزار و نۆ سەد و نۆهەد و شەش کە کۆی ئەوەی تۆمار کراوەو لە لایەن لێژنەیەکی بەرپرس و رێگەپێدرا و راستکراوەتەوە کە مۆر و ئیمزای لەسەرە و بەسەر پەرشتی مافی مرۆڤ ئەنجام دراوە، هەمووی دەکاتە (1258) هەزار و دوو سەد و پەنجا و هەشت، کەلوپەلە تاڵانکراوەکان (ئۆتوموبێل بە هەموو جۆراکانیانەوە، شۆفەل، حەفارە، کەلوپەلەکانی

بەڕێوەبەرایەکانی ئاو و کارەبا کەل و کەلوپەلی ناو دام دەزگاکان هەتا دەگاتە کیلۆنی دەرگاکان، دەیان و سەدان شتی جۆراو جۆر..

لەگەل ئەوەشدا مالّی بەرپرسەکانی حزبی و حکومەتیان تالآن کرد و هەندێک لە بەرپرسەکان فۆرمی تالآنکردنی مالّەکانی خۆیان پڕ کردووتەوە و هەندێکیش رەتیان کردەوە ئەو شتە هەر باسبکەن، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان نەزانی ئەو لیستە یاداشت بکەین لێردا و وازمان لێهێنا...

بۆ زانینی هەموو کەسێک ئەو تالآن و بڕۆیە تەنیا هی چەند سالّ و مانگێکە و کە خۆی لە(3)سێ تا چوار سالّە بەدلّنیایشەوە هەمووی نیە ئەی بەدرێژایی بیست و پێنج سالّەکەی دەسەلآتی کوردی دەبێ چ چەنگەلستانێک بێت، بەلای کەمەوە(10) دە هەزار هەر ژن کوژرا و شوێن بزر کراون، کاتێک دەسەلآت بە دەست حزبەوە بێت هاولآتی بوون مرۆڤ لەناو ئەو دەسەلآتە نامینێ و رەش دەبێتەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێنج بنەما لەژێر دەسەلآتی باشوور بوونی نیە، کە لە راستیدا کۆلّەگەکانی بوونی بەڕێوەبردنێکی مۆدرێن و کۆمەلّێکی هاو چەرخ.

یەک= ئازادی.

دوو= یەکسانی.

سێ=هاوڵاتی بوون.

چوار=مافی مرۆڤ.

پێنج= ژنهێنان و خێزانداری.

لە هەمووشی تراجیدیانەتر نەبوونی دەزگاکانی قەزاو دادگەری لە باشووری کوردستانە ئەمە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ داتەپینی ئەخلاق و بەها مرۆیەکان و ئەو قەیرانەی گەلی باشووری کوردستان تێیکەوتوە تاکو ئێستا داواکاری گشتی بوونی نیە ئەگەر هەشبێ وەکو دەزگا قەزاییەکان بە حزبی کراوە و وەک فەرمانبەرێکی حزبی وان هەر وڵاتێک دەزگا قەزایەکەی تەندروست نەبێ ئەو کۆمەڵەیە تەندرست نیە ئەوەی ئێستا دەیبینن مەگەر نمونەی لە سەدەکانی بەر لەزاین یا رۆژگارە تاریکەکانی مێژوو دا هاوشێوەی هەبووبێت..

## ئاسەتنگەکانی بەردەم داکۆکی کردن لە مەفەکانی مرۆڤ لە باشوری کوردستان

کاتێ حزبێک ڕێکخراوێک دروشمێک هەڵدەگری و بەرزی دەکاتەوە بەر لە هەموو شتێک دەبێ ڕاستگۆبێ لەگەل ئەوەی رایدەگەیەنێ ئەگەر ئەوەش نەکات و قسەو کردارەکانی یەکتر نەگرنەوە ئەوە نەک خاپاندنی مرۆڤ دەگەیەنێ بە تەنیا بەڵکو درۆزن و فێلباز و خائین و تاوانبارە، ئەو قسەیە بۆ ئەوە دەکەم بە تایبەت بۆ ئایندەی کوردستان و نەوەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی بەوردی و عەقڵ و ویژدانەوە مێژووی کورد بخوێننەوە و بینوسنەوە، تا بەرچاویان روون بێت و چاکە و خراپە و رەنگەکان لێک جیابکەنەوە.

لە سەرەتای دەست بەکاربوونم لەسەر پاراستنی رێڕەو و ئامانجەکانی مافی مرۆڤ لە باشووری کوردستان، هەستم بەوە کرد ئەوە کارێکی باشە و لە گەل هەست و خواستەکانی من دەگونجێ، بۆئەوە هەر لە سەرەتاوە دەبا لەو دوو ڕێگایە یەکیان هەڵبژێرم...

•••یەکەم/ پینە کردنی ئەو تاوان و پێشێلکاریانەی لە لایەن حزبەکەی ئەوکاتی کارم تێدا دەکرد.

•••دووەم/ بێلایەنی ویژدانی و مرۆڤ دۆستی بکەمە پەیام و هیوا و ئاواتەکانی خۆم.

ڕێگای دووەم هەلبژارد و ئەوشم دەزانی ڕێگایەکی یەکجار سەختە، بەر لە هەموو شتێک ئەو کارە قورسە دەبێ ئەو کەسانە کاری تێدا بکەن کە ڕۆژێک خۆیان دەست و داوێن پاک بن و پێشێلکاریان نەکردبێ بەرامبەر بەکەس، دڵ و دەروونیان ڕەوان و مرۆڤ دۆست بن، ئەگەر ئەمە هەر چەندە ڕێژەییە، بەڵام تا رادەیەکی باش لە دانانی ستافەکە سەرکەوتوبوین، هەتا ئێستاش هەر نمونەیەکی باشی ناو کۆمەڵن.

سەرەتا کارەکان باش بەڕێوە دەچوون و بەدەسێکی کراوە و بە دوای هەموو کێشەکاندا چووین (( وەکو ئەوەی ئەرکی داواکاری گشتی بە ئێمە سپێردرابێ)) لەو کارەدا (یار ونەیاری) زۆر دروست بوون، ئەوانەی دەسەڵاتیان لە دەستە کاتێ هەستیان کرد ئەوە جۆرە کارە مەترسیەک لەسەر دەسەڵاتەرەهاکانیان لە وڵاتێکی بێ یاسا دروست دەکات کەوتنە دژایەتی کردنی، ئەوانەشی لەژێر هەڕەشەی غەدر و چەوسانەوە دابوون بوونە پشتیوانی ئەو کارە، واتە هەر لەناو حزبەکە بە ئاشکرا بەرەی خێر و بەرەی

شەڕ دەردەکەوتن، سەبارەت بە داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ و کێشەی ژن بەپێی ئامارەکان ژن کوشتن روو لە زیادی بوو، سەنتەرێکمان کردەوە و لیژنەیەکێ بالای داکۆکیمان دامەزراند و بارەگایەکمان کردەوە و پاسەوانمان بۆ دانان هەر ژنێک مەترسی لەسەر بایە لەوێندەر دالْدە دەدرا، ئەوە زۆر سەریەشەی دروست کردبوو بەڵام ئێمە لە ئەرکەکانمان هەربەردەوام بووین، جارێک خێلێکی گەورەی چەمچەمال داوای ژنێکیان کردەوە و هەتا بەڵێن نامەیان پڕ دەکردەوە کە نەیکوژن، هەندێک لە برادەرانی سەرکردایەتی داوایان لە من کرد کە بە کەفالەت بیان دەینەوە، ئێمە رازی نەبووین و بڕوامان پێیان نەبوو دەیان ویست هێرشێکی گەورەی عەشایری بکەنە سەرمان، پێمان گووتن نایدەینەوە هەرچی دەکەن بیکەن و هێزێ پێشمەرگەمان ئاگادار کردەوە و خۆشمان ئامادە کرد بچینە بەردە قارەمان و هەرچی دەبێ ببێ، هەتا ئێمە لە مافی مرۆڤ بووین نەیانتوانی هیچ بکەن و داویش نازانین ئەو کێشە بەچی گەیشت..

ئەوی جێگای پەنجەی دیارە کاری زۆر گەورە کرا لە رووپێوی تاوانەکان و پێشێلکارییەکان کە روودەدەن لە

باشووری کوردستان و عێراق و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، تا ئەندازەیەکی باش یاداشت کراون، بێجگە لە پەیووەندیەکی باش و فراوان و دروستکردنی رایەڵەیەک لەگەل کۆمەڵی خەڵک بەدیهات، پەیوەندیکی باشیش لەگەل دەزگا جیهانیەکانی وەکو بەشی مافی مرۆڤ(UN) وخاچی سوری نێو دەوڵەتی و زۆری دیکەش.

ئەو پڕوژیەیەی داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ دەبێ بۆ هەموو کەسێک بێت و سەیری هەموو دۆسیەکانیش بکات، لەپێشێلکاریەکانی ناو قەزاو دادگەری ناو خودی حزبەکان و تەواوی بوار و دامودەزکاکانی کۆمەڵ و حکومەتیشەوە، لەنجامدا کەوتە بەر هێرشی تاقمی دەسەڵات بەدەست، بۆ زانینیش لەو ماوەیەدا هیچ جۆرە کارێکی لادان لە ئاشکراکرودن تۆمەت هەڵبەستن نەکرا تەنیا لایەنی بەر پرسیار ئاگار دەکرایەوە، ئەویش جەلال تاڵەبانی بوو، چونکە ئەو سەرەتا یەکەم پشتیوانی داکۆکی کارەکە بوو بەڵام ئەوەش زۆری نەخایاند و نەرمی دەنواند، خۆی لە بەردەم فشارەکانی کاربەدەستەکانی خۆی رابگرێ، یەکەم جار ئەوە بوو کا نابێ دەست بخەنە کاروباری پێشمەرگەوە

دەقی نامەکەی بلاودەکەینەوە ئەمە وەرامی دوو راپۆرت و نووسراوە رسمیەکەی مافی مرۆڤە.

ماموٚستا گیان سلاو...

تکایە واز لە پێشمەرگە بهێنن !! چونکە ئێمە خۆمان ئاگادارین، دیارە تاوانباران درۆی خۆیان دەکەن بۆ خۆ دەربازکردن، ئەوانەی نامەکەیان نوسیووە بە زۆر مەزەندە تاوانی پیسیان کردووە و پێشتر بەخاترانە خۆیان دەرباز کردووە من خۆم ئەمری گرتنەوەیانم داوە بۆ ئەوەی هەقی کوژراوان بە خۆڕایی نەڕوا.

ئیتر هەر بژین بۆ

برای دڵسوزتان

(ئیمزای مام جەلال)

لە نوسراوەکەی ئێمەدا تەنیا تەنیا بەرزکردنەوەی داواکارییەکان هەتا راو بۆ چوونی مافی مرۆڤیشی لەسەر نەبوو، چونکە ئێمە داوای هیچ جۆرە شتێکمان نەکردبوو.

لە کاتێکدا زۆری پێشێلکاریەکان ئەوان دەیانکرد وەکو دیارە ئەوانەی لە کۆمەڵێکی هەژار و نەخوێندەواری کەم هۆشیاری وەکو کورد هێزەچەکدارەکەی لە کەسانی نەخوێندەوار و سەرنەکەوتوو لە خوێندن ژیانی ئاسای خۆی پێک دێت، ئەوە یەکەم پاشگەزبوونەوەی جەلال تاڵەبانی بوو لە داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ، چونکە کەوتبووە نێو دوو فشار یەکەم ئامرازەکانی دەسەڵات دووەم داکۆکی لە مافی مرۆڤ.. ئەوەی راستی بێت ئێمە رێچکەی خۆمان بەرنەداو ((هەرچەندە خۆ مافی مرۆڤ نەببووە بەدیلی قەزاو دادگەری ئەوەی نەخشەی کاری بۆ کێشرابوو داکۆکی کردن بوو لە مافی مرۆڤ)).

لەو ماوە کورتەدا کە تەنیا چوار ساڵی خایاند دەیان هەزار پێشکاری تۆمار کران و ئاماری تایبەتیان بۆ رێکخرا و ژمارەی ئەنفالکراوەکان، لەسێدارەدان راکوێزڕاوەکان، وێرانکردنی گوندەکان، ژن کوشتن و

دزی و تالانکردن، دەست بەسەر داگرتنی مولکی گشتی دەیان جۆری تری پێشێلکاری.

لە گەل ئەوەشدا لە ڕێگای(سایر ئەلحەیدەری) باوەڕپێکراوی بەشی مافی مرۆڤی ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی عێراق لە(150)سەد و پەنچا کتێب و نامیلکەدا زۆربەی تاوانکارییەکان دەولەتی عێراقیان بۆ رەوان کردین، هەروەها لە لایەن برادەرێکی خۆمەوە لەو سالەدا لە کتێبێکی تایبەت دا زۆربەی ئەوانەی لە (قەسری نیهایەدا) لە سێدارە دراون بۆی رەوان کردووم کە زۆربەیان کوردن.

لە ئەنجامی ئەو ململانێ یانەی ناو حزب جارێکی دیکە جەلال تالەبانی ملی بۆ دەستەی کاربەدەستەکانی خۆیدا، ئەوەی چۆن لە دانانی مەکتەبی هۆشیاری و رووناکیری کردی جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە، کاتێ گەیشتە ئەو قەناعەتە من ناتوانم وەکو ئەوەی ئەو دەیەوێ بجولێمەوە، لە هەلێک دەگەڕا چۆن من دوور بخاتەوە لەو ئەرکە کاتێ مۆلەتێکم وەرگرت سەردانی مندالەکانم بکەم لە هۆلندا، هێشتا لە تاران بووم بریارێکی فەرمێ دەرکرد و یەکێکی نەشارەزا و نەخوێندەواری لە جێگای من

دانا، هەر چەندە ئەو کەسە لەو بارەیەوە زۆر ناشارەزا بوو، دوای ئەمیش ئەو ئەرک و مەکتەبە دراوەتە چەند کەسێک کە بەر پرسیان لە کوشتنی جەندین کەس، سەیر کەن چۆن مافی مرۆڤیش لە کوردستان بووەتە گالتە جاڕی و جێگای پێکەنین.

(ئەو دۆزەخەی هاوڵاتیانی خەڵکی عێراق و کوردستان تێدا ژیاون و بینیویانە بڕواناکەم ئەگەر خوایەکی هەق هەبێ جارێکی دیکە بیان سووتێنێتەوە)!!!..

ئەوەی جێگای نیگەرانی بێت تا وەکو ئێستا هیچ دەزگایەکی راستگۆ و بێلایەنی مافی مرۆڤ لە باشووری کوردستان بوونی نیە ئەوەی هەشە زۆربەی گرێدراوی حزبەکانن و حزبین و هەتا لەوەش کارەساتبارتر داواکاری گشتیش نیە، مرۆڤی ماف پێشێل کراو جێگایەک نیە هانای خۆی بباتە لای، چونکە وەک رۆژی رووناک یا وەک مانگە شەو دادوو دواکاری گشتی و تەواوی قەزاکان حزبین و موڵکی خەڵک نین، ئەوەش بێ چەند و چوون نیشانەی فەشەلی ئەو دەسەڵاتەی کوردیە لە باشوور و بەو حالەتەی ئێستای جێگای هیچ ئومێدێک نیە، تەنیا

ئەوەی بەر چاو دەکەوێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژیانی هاوڵاتیان بەر تەسک دەبێتەوە و ئێستا کوردستان لە زیندانێکی گەورە دەچێ، یا دەبێ مرۆڤەکان خۆ بەدەستەوە بدەن و یا کوردستان بەجێ بهێڵن.

هەر چەندە باشووری کوردستان وەکو قەوارەیەکی یەکگرتوو بوونی نەماوە، ئەوەش نازاندرێ کە چەند دەخایەنێ، وەکو دەبینن باشووری یەک پارچە ئێستا لە سێبەری دوو حزبی دەسەڵاتدار بووەتە(9)نۆ پارچەی لێکترازاو.

یەک لە ئاستەنگە هەر گەورەکانی بەردەم مافی مرۆڤ بوونی دەسەڵاتی (شمولی)یە هەمەلایەنەیە چونکە لە حالەتەدا دەسەڵات خۆی لە سەرووی یاساوە دەبینێ و لە کاتێکدا ئەو یاسایەی ئێستا لە کوردستان کاری پێدەکرێ یاسای دەوڵەتی پێشوی عێراقە ئەی ئەگەر ئەو یاسایە باش بوو بۆ شەڕی دەوڵەتی عێراق کرا، دیارە یاسا لای دەسەڵاتەکانی حزبی و گشتگیر وەکو لاستیک وایە.

چەند نمونەیەک دەهێنمەوە، لە زیندانی مەعەسکەری سلێمانی ژمارەیکی زۆری تێدابوو، سکاڵایەکیان بۆ لای ئێمە نارد کە وەزعیان خراپە و

هەندێکیش وایان نووسیبوو کە غەدریان لێکراوە لە بەدواچونی ئێمەدا لە هەندێ گیراو، پێمان وابوو کە غەدریان لێکراوە و بە ئاشکرا لە دەزگاکانی راگەیاندن باس کرا، لە مەدا دادوەرەکان تووڕە بوون و سکاڵایان بردە لای جەلال تاڵەبانی دەبێ لەو بارەیەوە مام جەلال قسە لەگەل من بکات هەرکاتێ ئەوەم بیست یەکسەر کامیرامان بردە ناو زیندان و چاوپێکەوتنی لەگەل هەندێ زیندانیەکان کرد، ئەو جارە زۆر بەراشکاوی رووبەڕووی دادوەرەکان بووینەوە، هەرچی هەبوو لەو حوکمە سەقەتانەی یاسا بەسەر چووەکان ئاشکرامان کرد، لەمەدا مام جەلال هەروەستیەیەکی کرد و رەشنووسی لێبووردنێکی گەڵاڵە کردوو دای بە داد وەرەکان و لێبوورنی راگەیاند نزیکەی(30٪) لە سەدا سی بەر لێبووردنەکە کەوتن.

لەو رۆژانە گەورەترین پێشێل کاری لە لایەن پێگەی دەسەلاتەوە بەرامبەر بە چەند رۆژنامەنوسێک کرا، بەر لە دادگایی کردن لەلایەن سەرۆک وەزیران کە بالاترین دەسەڵاتە، گووتی ئەمانە جاسوسن و رۆژنامە نوسنین کاری تێکدەرانە و حزمەتی بێگانە دەکەن، ئەوەی پیتێک لەیاسا بزانێ بە هیچ شێوەیەک نابێ

حوکم بدات یا ئیعاز بداتە دادوەرەکان و بڵێ ئەوانە تێکدەرن هەتا دادگا بڕیار دەدات ئەوەش دوای ئەوەی دادگای تێهەڵچوونەوە تاوانەکە دەچەسپێنێ قسەکەی سەرۆک وەزیران واتەی ئەوە دەگەیەنێ، نابێ بەسەریاندا بەبێ سزادان تێبەڕێ هەر وەکو گووتم ((لەیاساشدا روونە هەموو تۆمەتبارێک بێگوناهە هەتا دادگا بڕیاری لە سەرنەدا)) ئەو ئیعازەی سەرۆک وەزیران وای لە دادوەرەکە کرد دەبێ هەر سزای قورسیان بە سەر دابسەپێنی، ئەو هەڵە گەورەیە هەتا کورد مابێ لە یادەوەری کوردا دەمێنێ وەکو خاڵێکی نەگەتیف لە دەسەڵاتی باشووری کوردستاندا، وەکو چیرۆک پشتاوپشت دەیگێڕنەوە، ئەو ئاماژە دەگەیەنێ کە کورد شایەنی حوکمڕانی نیە.

لە سەردەمی بەعس و جاشەکان و هەتا ئیستاش خەڵک بەگرتندان هەیە و بەپارە بەریان دەدەن لە ناو لیسی پێشێلکارییەکان سەدان کەیسی واتان بەرچاو دەکەوێ، بەبڕوای من ئەوکاتە مرۆڤ دەبێتە مرۆڤ کە بێلایەنی ویژدانی ئاکار و کارنامەی ژیانی بێت، هەر کۆمەڵێک بەشەری نەگاتە ئەو ئاستە جیانەکرێتەوە لە کۆمەڵی ئاژەڵ.

لەزانستە کۆمەڵیەکان گۆتەیەک هەیە، مرۆڤەکان بە بەرهەمەکانیان دەناسرێنەوە ئەوە دەق حزب و گروپەکانیش دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر تەماشای پێکهاتەی هەر حزبێک بکەیت ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە سەرکردە و رابەرەکانی چۆن بووینە، پەروەردە عەقڵ دروست دەکات و عەقڵیش ویژدان بەرهەم دێنێ.

## دوا وتە

هەتا ئەمڕۆش بڕوام وایە مرۆڤ گەنجینەیەکی روحی گەورەی ئەم جیهانەیە دەبێ هەموو شتێک لە پێناوی بەدیهێنان و بەئامانج گرتنی ئارامی و ئاسودەیی بخرێتە خزمەتی مرۆڤ و پاراستنی بەها بەرزەکانی، بۆ ئەمەش دەبێ ژینگەیەکی پاک و بێگەردی پڕ هوشیاری و مەعریفی و پەروەردەیی بۆ دابین بکرێت و تابتوانن لە گەل سروشتی جوانی ئەم جیهانە ئاڵو کۆڕی یەکتر بکەن و بەیەکەوە ئاشتیانە بژین..

شەڕ ماڵوێرانیە بەڵام شەڕی خۆکوژی و ماڵەوماڵ دەیان جار خۆ کوژیە ئەوە دەبینن، وا بۆ شەست ساڵ دەچێ شەڕی ناوەخۆ سینگ و بەر دەرگای ماڵی کوردی گرتووە، بە دەیان هەزار کوژرا و ئاوارە بوون و کەم ماڵ هەیە زیانی مادی و رۆحی بەر نەکەوتبێ، لێردەدا تەنیا روو لە پارتی و یەکێتی ناکەین بەڵکو رووشمان لەو خەڵکە دەکەین کە هۆشیار ببنەوە و چیتر خۆیان نەکەنە بەنزینی خۆشکردنی ئاگری شەڕی خۆ کوژی دەبینن حزبەکان ناوی کوژراوەکانی خۆشیان

ناهێنن بە بیناوی ئەوەی دەبێتە هۆی کولانەوەی برینەکان، باشووری کوردستان دەیان ساڵە وەکو پاپۆڕێکە بە ناو دریای خوێندا دەروات، دەوڵەتی عێراق بە ملیۆنان پێشلێکاری لە کوشتن و راگواستن، ئاوارە کردن، رۆخاندن و سوتماک کردن کوردستان، دەوڵەتی تورکیا بەسەدان هەزار و پێشلێکاریەکانی دەوڵەتی ئێرانیش، کە هەرسێکیان هێرشی راستەو خۆ گرووپی تیرۆریان ناردوە بەسەدان کەسی ئۆپۆزیسیۆنیان کوشتوە، زۆریشی بە چاوساغی دەسەڵاتی کوردی بووە.

پێشێلکاریەکانی هەردوو حزبی شەڕکەر پارتی و یەکێتی دەیان هەزار پێشێلکاری کراوە لە کوشتن، ئازاردان و ماڵی یەکتر تاڵان کردن و کاری تیرۆری قێزەون بەرامبەر بەیەک ئەنجام دراوە.

بۆ حکومەتی هەرێم و هەموو لایەک هەوڵی ئەوە بدەن تەواوی پێشلێکاریەکان لە چەند بەرگێک کۆبکرێتەوە و ئەمەش پێویستی بەدەزگایەکی بە تونا و فراوان هەیە و بەپێی بەرنامەیەک کاری بۆ بکرێ، مەودایەکیشی تەواوی بۆ دابندرێ بۆ ئەوەی لەکاتی دیاری خۆیدا جێ بەجێ بکرێ و ئەوەش وەکو

دەزگاکانی پەروەردەو بەڕێوەبردن و قەزاکان مردار نەکرێتەوە ئەو ئەرکە نیشتمانی و مرۆینە بدەنە((جەند کەسێکی بێلایەن و سەربەخۆ لە عەقڵ و ویژدان، ئەگەر لە باشوور کەسی واتان بەدەست نەکەوت بڕۆن لە دەرەوەبێنن و نەیدەنە دەست حزبەکان، ئەم ئەرکە تەنیا بەوانە دەکرێ کە ئینتمای مرۆڤدۆستی لە پێشەوەی هەموو شتێک داناوە!!!!.)).

ئەو قسەیەی دەمێکە دەیکەم و ئێستاش لێرە دووبارەی دەکەمەوە کورد بەتایبەتی سەرکردەکانی کورد ئینتیمای بۆ خاک لاوازە یا هەر نیانە، سەیر کەن هەریەک ناوچەکەی خۆیی و دەورووبەرەکەی کردووتە بەهەشت و ئەوەندە خەرجی لێکردووەوە و جوانی کردووە کەچی دەیان هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشە داگیرکراوە و یا بێ خودان کراوەوە بای لێدەدا و ئاوەدان نەکراوەتەوە و بە جێ هێلدراوە، ئەمە هەقیقەت و بوونی ئەو گەلە دەسەلمێنی کە تاکو ئێستا کەسێکی وا دلسۆز و هۆشیاری لێ هەڵنەکەووتوە بتوانێ لەو بەردەبازە پڕ مەترسیە دەربازی بکات و بیپەڕێنێتەوە.

من ڕەشبین نیم بەرامبەر ئیرادەی مرۆڤی کورد و گەلی کوردستان و ئایندەکەی هەر بۆ بیرخستنەوە لە سەرکردایەتی دوو کەس بە منیان دەگووت تۆ بە چاویلکەی ڕەش سەیر دەکەی بابەت (پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو) یەکەمیان مام جەلال بوو چەند مانگێک یا ساڵێک دەبوو پێش نەخۆشیکەی لە بەغدا لە ماڵی خۆی میوانداری کردم و زیاتر لە دوو هەفتە لای مامەوە، کاتێ بەرێکردم چێشتی بەیانیمان پێکەوە دەخوارد، بە منی گووت مامۆستا گۆران زۆرم پێناخۆش بوو وشەی مامۆستای بەکار هێنا، لە نامەکانیشی بۆ من زۆر جار هەروای دەنووسی و پێی گووتم ئەو وەزعەی(کورد ) چۆن چا دەبێ، منیش بە(15) پازدە وشە وەڵام دایەوە گووتم تۆ و مەسعود بارزانی وابکەن ...؟؟؟ گووتی ئەوە نابێ، منیش پێم گووت دەنا وەزعەکە چاک نابێ.. مام جەلال لە لووتکەی دەسەڵات بوو، منیش لەلایەکەی دیکە بێکار کرابووم ئەوکات قەسەکانی مام جەلالم بەبیر هاتەوە کە دیگووت تۆ چاویلکەی ڕەشت لە چاو کردووە .. دوو ساڵ پێش ئێستا برادەرەکەی دیکە ئەویش ماوەیەک یەک لە قۆڵە گەورەکانی دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو، زۆر لە

من خراپتری گووت دەق وای گووت (هەمووی فشە یە) مەبەستی ئەوە بوو هەمووی فشە دەرچوو.

باشە ئەگەر هی پێرێمان ئاو لە ئاو چوو هی دوێنێشمان فت هی ئەمڕۆشمان لەژێر گێردی قەساب، ئەی گەلی ژێر دەست و زوڵملێکراوی کوردستان دەبێ بۆ ئەمڕۆ ئاینده چۆن بیر بکاتەوە و چی بکات .!!!؟؟؟

نازانم لە گەلمن یا نا ئەوە بڕوای خۆتانە، بەبڕوای منش ئەمە هەقیقەتی گەلی کوردستانە لە باشووری کوردستان.

رابن رابن گەلی بن دەست رابن،
مەرد بوون چی دەخوازێ دەبێ وابن..
دوژمنی تاریکی هەڵاتنی خۆرە،
نەک وەک کاتێ خۆرئاوابوون وابن.
کاروان دەڕوا و ژیان سەوزە ،
نەک وەک گەڵای هەڵوەریوی پایز وابن.

وڵات بێ پاسەوان هەرگیز نابێ،
تیربن لە نێو کەوان وەکو پڵینگ وابن
بە دەسترازە منداڵەکان رابژێنن ،

نەک وەک کۆچەر لە نێو تێرکەی پشتێدابن.
ژیان بۆ هەمووی هەر یەک جارە،
لە سەر زین بن نەکو وەکو پیادە وابن.
ژیان هەرچەند جۆر و رەنگی هەیە،
ئەم جارە هەموو وەکو لقی یەک دار وابن.

*****

دەبا شەرم تەنیا جارێک داتانبگرێ،
نەک وەک کەوا سوری بەر لە شکری دوژمن وابن
ئابڕو دڵۆپێکە کە ڕژا چیتان پێ بڵێم،
سەر شۆڕ مەکەن جارێک وەکو مرۆڤ وابن.
چۆن دڵتاندێ خەنجەر لەسەر دڵی یەکا دانێن.
نەک وەک کیسەی زبڵدان و گوفەک وابن.
مێژوو یەک جار خۆی دەنووسێ
نەک وەک پێش ئاخوڕی ئەسپی دوژمن وابن.

( تەواو )

2021/ 3/ 24

بڕوام وایە مرۆڤ گەنجینەیەکی روحی گەورەی
ئەم جیهانەیە، دەبێ هەموو شتێک لە پێناو
بەدیهێنان و بە ئامانج گرتنی ئارامی و ئاسودەیی
بخرێتە خزمەتی مرۆڤ و بەها بەرزەکانی، بۆ ئەمەش
دەبێ ژینگەیەکی پڕ هۆشیاری و مەعریفی و پەروەردەیی
بێگەردی بۆ دابین بکرێ و تا بتوانن لەگەڵ سروشتی
جوانی ئەم جیهانە ئاڵوگۆڕی یەکتر بکەن و
بەیەکەوە بەئاشتیانە بژین ...!!!